(٢٠٠)

فەرموودەی

پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ)

٢٠١٨

ناوی کتێب:	٢٠٠ فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ)
ئامادەکردنی:	سیروان کاکە أحمد
نەخشەسازی ناوە:	محمد علی أحمد
چاپخانە:	ڕۆژهەڵات

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەكی:

الحَمْدُللهِ، وَالصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ عَلَى رَسُولِ اللهِ، وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَمَنْ وَلاَهُ، وَبَعْدُ:

لەبەركردنی فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ و پارێزگاری لێكردنو كارپێكردنیان لە كردەوە هەرە باشو گرنگەكانە، وە لە بەرێزترینو گەورەترینی عیبادەتەكانە، جگە لە فەرزەكان، ئەو كەسەی فەرموودەیەكی پێغەمبەر ﷺ لەبەر دەكاتو لە ماناكەی تێدەگاتو لە نێو خەڵك بڵاوی دەكاتەوە، پێغەمبەر ﷺ دەربارەی فەرموویەتی: «نَضَّرَ اللهُ امْرَأً سَمِعَ مِنَّا حَدِيثًا فَحَفِظَهُ حَتَّى يُبَلِّغَهُ»[١].

لەم فەرموودە دووعا كردن هەیە، یان هەواڵدان هەیە لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ دەربارەی حاڵی ئەو كەسەی هەوڵی پاراستنو بڵاو كردنەوەی فەرموودە دەدات.

دیارە تێگەیشتن لە ئایین لە ڕێگەی تێگەیشتن لە قورئانو سوننەتەوە دەبێ، وە تێگەیشتن لە سوننەت لە ڕێی شرۆڤەو شیكردنەوەی زانایان دەبێ، هەر كەس ئەمەی كرد نیشانەی ئەوەیە خوا ویستی خێری بۆی هەیە.

بێگومان لە خزمەت دابوونی قورئان، واتە: لە خزمەتدا بوونی خوای بەرز! چ خۆشحاڵیەكی تێدایە كاتێك بەندە لە خزمەتی پەروەردگاری خۆیەتیو گوێی بۆ گرتوە، وە دەست گرتنو كاركردن بە قورئان، هۆكارە بۆ بە دەستهێنانی سیفەتە

---

١) صحيح: رَوَاهُ أَحْمَد: ١٦٧٨٤، وصحَّحَهُ شعيب الأرنؤوط.

بەرزەکانی قورئان، بۆ وێنە: قورئان مەزنە، هەر کەس دەستی پێوە بگرێ، مەزن دەبێ، قورئان خۆشەویستە هەر کەس دەستی پێوە بگرێ، خۆشەویست دەبێ، قورئان بەخشندەیە، هەر کەس دەستی پێوە بگرێ، بەخشندەو سەخی دەبێ..

دیارە لە خزمەت دابوونی فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ، واتە: لە خزمەت دا بوونی پێغەمبەری خوا ﷺ، هەمان ئەو سیفەتانەت پێ دەبەخشێ کە قورئان بە خاوەنەکەیو هاوەڵەکەی دەبەخشێ، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە کردارو گوفتارو ڕەفتارو گشت هەڵسوکەوتەکانی قورئانێکی بەرجەستە کراو بوو کە لەسەر زەوی دەڕۆیشت... پێشم وانیە هیچ کاتێك وەك ئێستا مسوڵمانان ئاوا موحتاجی ئەوە بوون جارێکی دی بچنەوە قوتابخانەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەك قوتابیەك لە خزمەتی لەسەر چۆك دابنیشنو گوێ لە فەرمایشتە موبارەکەکانی ڕابگرنو لەبەری بکەنو تێبگەنو کاری پێبکەنو خۆیانی پێ بڕازێننەوە، پاشان خەڵکی لێ فێر بکەن.

ژیان لەگەڵ فەرموودە شیرینەکانی خۆشەویستی خوا ﷺ تامو چێژو لەززەتی تایبەتی خۆی هەیە، ژیانە لەگەڵ بەرێزترین مەخلوق، ژیانە لەگەڵ سەرەتای هاتنی وەحیو نبووەت، ژیانە لەگەڵ جیلێك کە باشترین جیلی سەر زەوی بوونو (خیر القرون) بوون، خوا لە هەموویان ڕازی بێ، ژیانە لەگەڵ دونیایەکی زۆر جیا لەم دونیا ماددیە وشکە!

پێگەی سوننەت لە ئیسلام دا

گومان لەوەدا نیە کە ناحەزانو تێنەگەیشتووان لە ئیسلام بە جۆرەها شێوە دێن گومان لەسەر ئیسلام دروست دەکەنو دەیانەوێ بە فووی دەمیان ڕووناکی خۆری ئیسلام بکوژێننەوە، ئەم کارەشیان بەردەوامە، یەکێك لە کارەکانیان بریتیە لە هەوڵدان بۆ ڕەت کردنەوەی سوننەت بە گشتی، وە دەڵێن: قورئان بە تەنیا کافیەو پێویستمان بە حەدیس نیە، مەبەستیش لەم بانگەشە پیسە لە ناوبردنی شەریعەتی ئیسلامە، چونکە دیارە سوننەت چۆنیەتی جێبەجێ کردنی قورئانە، بۆیە تانەدان لە سوننەت، تانەدانە لە قورئان، ئا ئەم بانگەشە پووچە لە کۆتایی جیلی زێڕینی هاوەڵان سەری هەڵدا، وردە وردە تەشەنەی کرد تا دواتر گەیشتە ئەم نەوەی ئێستا.

ئیتر بەردەوام زانایان بەرپەرچی گومانەکانیان داونەوە بە بەڵگەی ڕوونو ئاشکرا، وە ئێمە هەر زۆر بە کورتی ئاماژە بە چەند بەڵگەیەك دەکەین کە گەورەیيو پێگەی سوننەتمان بۆ دەردەخەن، بۆ هەر کەسێك کە خوا ڕێنمایی بکاتو خۆشی بە دوای هەقدا بگەڕێ.

دەڵێین: سوننەتی پاکی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕای زۆربەی هەرە زۆری زانایانی موعتەبەری لەسەرە کە بە بەڵگە دەهێنرێتەوە، سوننەت هەم وەك چۆنیەتی جێبەجێ کردنی قورئان بە بەڵگە دەهێنرێتەوە، هەم وەك خۆی کە بۆ حوکمێکی سەربەخۆ گوتراوە، وە چەندین بەڵگە لە قورئان هەن فەرمان دەکەن بە گوێڕایەڵی

کردنی پێغەمبەری خوا ﷺو، شوێنکەوتنی سوننەت، وە بە پێچەوانەوە هەڕەشەو وریاکردنەوەی زۆر هەن بۆ ئەوانەی پێچەوانەی سوننەت هەڵسوکەوت دەکەن، با سەرنجی چەند دەقێك بدەین:

دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ ﴿٣١﴾ ﴾آل عمران، واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێ، شوێنم بکەون، خوای پەروەردگاریش خۆشتانی دەوێ.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَ ﴿٨٠﴾ ﴾النساء، ئا لێرەدا خوای پەروەردگار گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەری ﷺ بە گوێڕایەڵی خۆی داناوە.

دوا ئایەت ئەوەیە کە خوای پەروەردگار زۆر بە ڕوونی فەرموویەتی: ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ ﴿٧﴾ ﴾الحشر، واتە: هەر شتێك لە فەرمان کە پێغەمبەر بۆتانی دێنێو پێتان دەڵێ وەری بگرنو جێبەجێی بکەن، وە کە قەدەغەشتان دەکات لە هەر شتێك، وازی لێ بێننو ئەنجامی نەدەن.

کە هیچ گومان لەوەدا نیە، ئەم دەقە هەم وەرگرتنی قورئانو هەم وەرگرتنی فەرموودە دەگرێتەوە.

لە ڕاستیدا بەبێ سوننەت هیچ کەسێك ناتوانێ دینداری بکات، ئێمە وەك مسوڵمانان ڕۆژانە پێویستیمان بە فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ

هەیە، تا لە کاروباری ژیانی ڕۆژانەمان بە کاریان بێنینو بە پێی ڕێنماییەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەفتار بکەین.

خوا فەرمان دەکا بە نەبی سەروەر
کە ڕابگەیەنێ بە هەموو بەشەر
گەر ئێوە خواتان خۆشدەوێ بە دڵ
بە دوام بکەون وەك بول بول بۆ گوڵ
جا بێ شك دەبنە خۆشەویستی خوا
گشت گوناهیشتان لەسەر لادەبات(١)

١) ملا عبدالعزیز خەتێ.

دەست گرتن بە قورئان و سوننەت

١-«أَطِيعُونِي ما كُنْتُ بَيْنَ أَظْهُرِكُمْ، وَعَلَيْكُمْ بِكِتابِ اللهِ، أَحِلُّوا حَلالَهُ، وَحَرِّمُوا حَرَامَهُ»[١].

واتە: گوێڕایەڵیم بکەن هەتا لە نێوتانم، پێویستە دەست بە قورئانەوە بگرن، حەڵاڵی بە حەڵاڵ بزانن، وە حەڕامیشی بە حەڕام بزانن.

ڕوونکردنەوە:

(ئەم فەرموودە ئەوەمان پێ دەڵێ: کە خۆشەویست ﷺ زۆر بە ڕوونی زانیویەتی کەسانێك دوای خۆی دێن گوێڕایەڵی فەرموودەکانی ناکەن، بۆیە کە لە دنیا بووە زۆر تەئکیدو جەختی لەوە کردۆتەوە کە گوێڕایەڵی بکرێ، بۆ ئەوەی ئەم وتە موبارەکانەی ببێتە پەندو عیبرەتێکی گرنگ بۆ ئێمەو مانان، کە شوێن سوننەت بکەوین).

٢-«تَرَكْتُ فيكُمْ شَيْئَيْنِ لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُما: كِتَابَ اللهِ، وَسُنَّتي»[٢].

واتە: دڵنیابن دوای خۆم دوو شتم بۆ بەجێ هێشتوون هەرگیز گومڕا نابن پاش (دەست گرتنتان بەو دوو شتە)، ئەوانیش: قورئان و فەرموودەکانی منن.

(فەرموودە بە مانای کردارو گوفتارو هەر شتێك کە پێغەمبەر ﷺ پێی ڕازی بووبێ، یا قسەشی لەسەر نەکردبێ، یان خودی خۆی ئەنجامی نەدابێت).

---

١) صحيح: رَوَاهُ الطَّبَرَانِي في "مسند الشاميين": ١١٧٠، عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه. انظر: "صحيح الترغيب والترهيب" رقم: ٤٣.

٢) صحيح: رَوَاهُ الحَاكِمِ في "المستدرك": ٣١٩، وَغيرِهِ، عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، انظر "صحيح الجامع" رقم: ٢٩٣.

٣-«عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي، وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ، عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ»[١].

واتە: لەسەرتانە دەست بگرن بە ڕێبازی من، وە ڕێبازی جێنشینە سەر ڕاستە هیدایەت دراوەکان، وە بە ددانەکان تووند بیگرن.

٤-«الْمُتَمَسِّكُ بِسُنَّتِي، عِنْدَ اخْتِلَافِ أُمَّتِي، كَالْقَابِضِ عَلَى الجَمْرِ»[٢].

واتە: ئەو کەسەی دەست بە سوننەتی منەوە دەگرێ، لە کاتی جیاوازیو ڕاجیایی ئۆممەتەکەم، وەك ئەو کەسە وایە دەست بە پشکۆی ئاگر دەگرێ (کە مەبەست ئەوەیە دەبێ ئارامی زۆر بگرین لە دینداریی).

٥-«مَا بَالُ أَقْوَامٍ يَتَنَزَّهُونَ عَنِ الشَّيْءِ أَصْنَعُهُ؟! فَوَاللهِ إِنِّي لأَعْلَمُهُمْ بِاللهِ، وَأَشَدُّهُمْ لَهُ خَشْيَةً»[٣].

واتە: ئەمە چیانە کۆمەڵە کەسێك خۆیان بە دوور دەگرن لە شتێك کە من ئەنجامی دەدەم؟! دە بە خوا من لەوان باشتر خوا دەناسمو لەوانیش زیاتر لێی دەترسم.

٦-«مَنْ أَحْيَا سُنَّةً مِنْ سُنَّتِي فَعَمِلَ بِهَا النَّاسُ، كَانَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِ مَنْ عَمِلَ بِهَا لا يَنْقُصُ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا»[٤].

واتە: هەر کەسێك سوننەتێکی من زیندوو بکاتەوەو خەڵکیش کاری پێ بکەن، ئەوە پاداشتی وەك ئەو کەسانەی هەیە کاری پێدەکەن، بێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوان کەم ببێتەوە.

١) صحيح: رَوَاهُ التِّرمِذيّ: ٢٦٧٦، عَنْ عِرْبَاضِ بْنِ سَارِيَةَ ﷺ. انظر: "صحيح الترغيب والترهيب" رقم: ٣٧.

٢) حسن: ذَكَرَهُ الحَكِيم: (٢/٣٢٧)، عن ابن مسعود ﷺ، انظر "صحيح الجامع: رقم: ٦٦٧٦.

٣) رَوَاهُ البخاري: ٥٧٥٠ عن عائشة رَضِي اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: صَنَعَ النَّبِيُّ ﷺ شَيْئًا فَرَخَّصَ فِيهِ فَتَنَزَّهَ عَنْهُ قَوْمٌ فَبَلَغَ ذَلِكَ النَّبِيَّ ﷺ فَخَطَبَ فَحَمِدَ اللَّهَ، ثُمَّ قَالَ: مَا بَالُ أَقْوَامٍ يَتَنَزَّهُونَ عَنْ الشَّيْءِ...

٤) صحيح: رَوَاهُ إِبْنُ مَاجَهْ: ٢٠٩، عَنْ كَثِير بْن عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ عَوْفٍ الْمُزَنِيّ ﷺ، انظر: "صحيح ابن ماجه" رقم: ١٧٣.

٧-«لاَ أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ مُتَّكِئًا عَلَى أَرِيكَتِهِ، يَأْتِيهِ الأَمْرُ مِمَّا أَمَرْتُ بِهِ، أَوْ نَهَيْتُ عَنْهُ، فَيَقُولُ: لاَ أَدْرِي! مَا وَجَدْنَا فِي كِتَابِ اللهِ، اتَّبَعْنَاهُ»[١].

واتە: بە یەكێك لە ئێوە نەگەمو نەیبینم كە لەسەر لا تەنیشتێك دانیشتووە، كاتێك دەربارەی شتێك فەرمانێك، یان قەدەغەیەكی منی بۆ دێ، دەڵێ: من نازانم (یانی: بڕوام پێی نیە)! ئەوەی لە قورئان بینیمان، شوێنی دەكەوین (واتە: شوێن حەدیس ناكەوین)!!

٨-«يُوشِكُ أَنْ يَقْعُدَ الرَّجُلُ مُتَّكِئًا عَلَى أَرِيكَتِهِ، يُحَدّثُ بِحَدِيثٍ مِنْ حَدِيثِي، فَيَقُولُ: بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ كِتَابُ اللهِ، فَمَا وَجَدْنَا فِيهِ مِنْ حَلاَلٍ اسْتَحْلَلْنَاهُ، وَمَا وَجَدْنَا فِيهِ مِنْ حَرَامٍ حَرَّمْنَاهُ، أَلاَ وَإِنَّمَا حَرَّمَ رَسُولُ اللهِ مِثْلُ مَا حَرَّمَ اللهِ»[٢].

واتە: نزیكە (خەریكە ڕۆژگارێك دێ) پیاوێك لە شوێنێك دانیشێ و پاڵ دەداتە سەر لا تەنیشتەكی، فەرموودەیەكی من بگێڕێتەوەو بڵێ: ئێمە كتێبی خوامان لە نێوانە، ئەوەی تێیدا حەڵاڵ بوو، ئەوە بە حەڵاڵی دەزانین، ئەوەی تێیدا حەرام بوو، بە حەرامی دەزانین (دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:) ئاگادارو وریابن! ئەوەی پێغەمبەری خوا حەرامی كردوە وەك ئەوە وایە خوا حەرامی كردوە. (ئەم حەرام كراوە با لە قورئانیش نەبێ چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ لە خۆوە فەرمایشت نافەرموێ).

١) صحيح: رَوَاهُ الطَّبَرَانِي فِي "الكبير": ٩٣٤، عَنْ عُبَيْدِاللَّهِ بْنِ أَبِي رَافِعٍ عَنْ أَبِيهِ رضي الله عنه، انظر "صحيح الجامع" رقم: ٧١٧٢.

٢) صحيح: رَوَاهُ إِبْنُ مَاجَه: ١٧٢٣٣ عَنِ الْمِقْدَامِ بْنِ مَعْدِيكَرِبَ الْكِنْدِيِّ رضي الله عنه، انظر: "صحيح وضعيف سنن إبن ماجه" رقم: ١٢.

٩-«ذَرُونِي مَا تَرَكْتُكُمْ، فَإِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ بِكَثْرَةِ سُؤَالِهِمْ، وَاخْتِلافِهِمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ»[١].

واتە: شتێك كە من وازم لێ هێناوەو باسم نەكردوە، ئێوەش لێم گەڕێن، (لێم مەپرسن)، چونكە ئەوانی پێش ئێوە بە هۆی زۆر پرسیار كردنیانو ڕا جیاییانەوە لەگەڵ پێغەمبەرانیان لە ناوچوون.

١) رَوَاهُ مُسْلِم: ٦٠٦٨، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

لەم ئایەت و فەرموودانە، چەند شتێکی گرنگ هەن[١]:

١- هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان ئەو شتەی کە خوا بڕیاری لەسەر داوە بۆ بەندەکانی، لەگەڵ ئەو شتانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیاری لەسەر داون، وە سەرپێچی کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ وەك سەرپێچی کردنی خوای پەروەردگارە، وە گوناهێکی دیارو ئاشکراشە.

٢- دروست نیە بە پێش پێغەمبەری خوا ﷺ بکەویت (لە هیچ کارو بارێکدا)، هەروەك چۆن دروست نیە پێش خوای بەرزو مەزن بکەویت، ئەوەش حەرامێتی سەرپێچی کردنی پێغەمبەری خوای ﷺ لێ دەفامرێتەوە، پێشەوا (إبن القیم) ڕەحمەتی خوای لێبێ لە کتێبی (إعلام الموقعین) (١/٥٨) دەڵێ: شتێك نەڵێن تا ئەو دەیفەرموێ (واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ)، وە فەرمان بە هیچ شتێك مەکەن تا ئەو فەرمان دەکات، وە فەتوا دەربارەی هیچ شتێك مەدەن تا ئەو فەتوا دەدات، وە هیچ شتێك مەبڕنەوەو بڕیاری لەسەر مەدەن، تا خۆی حوکم لە بارەی ئەو شتە دەداو کارەکە دەبڕێنێتەوە.

٣- بێگومان ئەوەی گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ بکات، گوێڕایەڵی خوای بەرزی کردوە.

٤- زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە: گەڕانەوە بۆ لای خوا واتە: گەڕانەوە بۆ کتێبەکەی، گەڕانەوەش بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، واتە: گەڕانەوە بۆ خودی خۆی تا

---

١) الحديث حجة بنفسه في العقائد والأحكام، المؤلف: محمد ناصر الدين الألباني، ص٣٢ -٣٦.

ئەو کاتەی لە ژیاندا ماوە، دوای خۆشی گەڕانەوەیە بۆ سوننەتەکەی، ئەمەش لە مەرجەکانی ئیمان هەژمار دەکرێ.

٥- شەرع وا دەڕوانێ کە ڕازی بوون بە نەگەڕانەوە بۆ لای سوننەت لە کاتی ناکۆکیو ململانێ، هۆکاری فەشەلی مسوڵمانانە لە هەموو ئەو تێکۆشانانەی دەیکەن، وە هۆکاری بە هەدەردانی هێزو شکۆمەندیانە.

٦- ترساندنو ئاگادار کردنەوە لە سەرپێچی کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بەوەی کە ئەم کارە چارەنووسێکی خراپی هەیە لە دونیاو دوارۆژدا.

٧- ئەوانەی سەرپێچی لە فەرمانەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن خۆیان تووشی فیتنە دەکەن لە دونیادا، وە لە دوارۆژیشدا خۆیان شایستەی سزایەکی بە ئێش دەکەن.

٨- وەڵام دانەوەی بانگەوازو فەرمانەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ واجبە، وە هەر ئەمەش هۆکاری بە دەست هێنانی خۆشبەختی دونیاو دوارۆژە.

٩- یەکێك لە سیفەتەکانی مونافیقان کە ئیمانیان بە دیار خستووەو کوفریان لە ناخیان پەنهان کردووە ئەوەیە کاتێ بانگ دەکرێن بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ و سوننەتەکەی دادوەریان لە نێواندا بکات گوێی پێ نادەنو پشت هەڵدەکەن.

١٠- بەڵام ئیمانداران بە پێچەوانەی مونافیقان ڕەفتار دەکەن، کاتێ بانگ دەکرێن بۆ دادوەری کردن لە لای پێغەمبەری خوا ﷺ، دەستپێشخەری دەکەن لە وەڵامدانەوە، بۆیە بە زمانی کردار بە زمانی گوفتار دەڵێن: (گوێمان گرتو

گوێڕایەڵ بووین)، بەم کارەیان لــە ســەرفرازان دەبــن، وە لــەو کەســانە دەبــن کــە بەهەشتی نەبڕاوە بە دەست دێنن.

١١- هەر شتێکی کە پێغەمبەری خوا فەرمانمان پێ دەکات پێویســتە لەســەرمان شوێنی بکەوین، وە هەر شتێکیش کە ئەو لێمان قەدەغە دەکات پێویستە دەســتی لێ هەڵگرین.

١٢- پێغەمبەری خوا چاو ساغو پێشەوای ئێمەیە لە هەموو کارو فەرمانێکماندا، ئەگەر ئێمە لەوانە بین کە دەست بە ڕێبازەکەیەوە بگرین.

١٣- ئەوەی کە پێغەمبەری خوا دەری بڕیوە لەو شتانەی کە پەیوەندی بە دینو بە شتە پەنهانەکانەوە هەیە، کە بە عەقڵو ئەزموون درکیان پــێ نــاکرێ، ئــەوە لــەو شتانەن کە بە وەحی لەلایەن خواوە بۆی دابەزیوە، هیچ باتڵێکی تێدا نیە.

١٤- سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، ڕوونکەرەوەی ئەوەیە کە لەلایەن خواوە بــۆی دابەزیوە.

١٥- قورئان بێ نیاز نیە لە سوننەت، بەڵکو سوننەت هاوشێوەی قورئانە لە ڕووی پێویستی بە گوێڕایەڵی کردن بۆیو شــوێنکەوتنی، ئەوەشــی کــە خــۆی بــێ نیــاز دەکات لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەوە سەرپێچــی پێغەمبــەری خــوای ﷺ کردوە، ئەو کەسە گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ نیە، وە سەرپێچی هــەموو ئــەو ئایەتانەشی کردوە کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن.

١٦- ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ حەرامی کردوە، وەك ئەو شتانەیە کە خوا حەرامی کردوە، بە هەمان شێوە هەموو ئەو شتانەی کە پێغەمبەری خوا هێناویەتیو لە قورئاندا نەهاتووە وەك ئەوە وایە لە قورئاندا هاتبێ، لەبەر گشتێتی ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا کە دەفەرمووێ: {ئاگاداربن! من قورئانو هاوشێوەی قورئانیشم پێ دراوە}.

١٧- خۆپاراستن لە لادانو گومڕابوون بە هۆی دەست گرتن بە قورئانو سوننەتەوە دەبێ، ئەمەش حوکمێکی بەردەوامە هەتا ڕۆژی دوایی، نابێ جیاوازی بکرێ لە نێوان کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ.

١٨- شوێنکەوتنی سوننەت، لەسەر هەموو نەوەیەك پێویستە لە عەقیدەو لە ئەحکامەکانی شەریعەتدا.

دوو تێبینی گرنگ:

أ/ کە لە پەراوێز نووسراوە (صحیح) یان (حسن) یان (حسن صحیح) مەبەستمان لێرەدا ئەو حوکمەیە کە شێخ ئەلبانی رحمه الله لەسەر فەرموودەکەی داوە.

ب/ هەر فەرموودەیەك کە پێشەوا بوخارییو پێشەوا موسلیم ڕیوایەتیان کردوە لە سەرەتاکەی نەمان گوتوە (صحیح) یان (حسن)، چونکە لەسەر ڕای زانایانی ئۆممەت ئەو فەرموودانەی ئەو پێشەوایانە ڕیوایەتیان کردوە هەموو صەحیحن.

دونیا وەك خۆی ببینین

١٠-«اللَّهُمَّ وَلاَ تَجْعَلِ الدُّنْيَا أَكْبَرَ هَمِّنَا، وَلاَ مَبْلَغَ عِلْمِنَا»[١].

واتە: ئەی خوایە! دنیا مەکە بە گەورەترین ئامانجو مەبەستمان، وە ئەوپەڕی زانیارییمان کە لە دنیا بەولاتر نەچیٚو بیکەینە جێی هەموو ئامانجێکمان.

ڕوونکردنەوە:[٢]

بەڕێزان! با ئاوا تەماشای ژیانی دونیا بکەین کە خوای پەروەردگار دایناوە بۆ تاقی کردنەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى ٱلْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۝٧﴾الکهف، واتە: ئێمە ژیانی دنیاو هەرچی لەسەر زەویە دامانناوەو کردوومانە بە مایەی ڕازاندنەوەو جوانیی بۆ دونیا، تاکو تاقیتان بکەینەوە، کامتان کردەوەی باشتر ئەنجام دەدات.

کەواتە: هەموو ئەوەی کە لە دنیادا هەیە ڕازاوەیی جوانییو خۆشییەکە کە ئینسانی پێ تاقی بکرێتەوەو ئەو خۆشییو ڕازاوەییە، یان ئینسان فریودەدا تاکو خواو قیامەتو ڕۆژی دوایيو خۆی لەبیر بچێتەوە، یان وەك خۆی دەیبینێو تەماشای دەکات، کە ئەوکات پێی هەڵناخەڵەتیٚو نایکات بە ئامانج، جا لەوبارەوە کە ژیانی دنیا شتێکی کەم بایەخە لە ڕووە ماددیەکەیەوە لە چاو دوارۆژدا پێغەمبەر ﷺ فەرمایشتی زۆرن لەوبارەوە کە ئێمە یەکێکیان بە نموونە دێنینەوە: «مَوْضِعُ سَوْطٍ فِي الْجَنَّةِ، خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا»[٣]. واتە: شوێنی یەك قامچی لە بەهەشت چاکترە لە دونیاو لەوەی کە لە دونیادا هەیە.

١) حسن: رَوَاهُ التِّرمِذِيّ: ٣٥٠٢، وَقَالَ: حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَالحَاكِمُ: ١٩٣٤، قَالَ: صَحِيح عَلَى شَرْطِ البُخَارِي.

٢) تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، سوورەتی (آل عمران) ئایەتی: (١٨١ تا ١٨٩).

٣) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٦٠٥٢ عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ رضي الله عنه.

١١-«يَا أَيُّهَا النَّاسُ! هَلُمُّوا إِلَى رَبِّكُمْ، فَإِنَّ مَا قَلَّ وَكَفَى، خَيْرٌ مِمَّا كَثُرَ وَأَلْهَى»(١).

واتە: ئەی خەڵکینە! وەرن بۆ لای پەروەردگارتان، دڵنیابن هەر شتێك کەم بێ‌و بەش بکات، باشترە لەوەی زۆر بێت‌و بێ ئاگاتان بکات.

١٢-«صَلَاحُ أَوَّلِ هَذِهِ الأُمَّةِ بِالزُّهْدِ وَالْيَقِينِ، وَيَهْلَكُ آخِرُهَا بِالْبُخْلِ وَالأَمَلِ»(٢).

واتە: باش بوونی سەرەتای ئەم ئۆممەتە بە دونیا بە کەمگرتن‌و دڵنیایی‌و یەقینە، کۆتاییەکەشی بە ڕەزیلی‌و ئاوات‌و خۆزگە خواستن بە هیلاك دەچێ.

١٣-«اِزْهَدْ فِي الدُّنْيَا يُحِبَّكَ اللهُ, وَازْهَدْ فِيمَا عِنْدَ النَّاسِ يُحِبَّكَ النَّاسُ»(٣).

واتە: دونیا بە کەم بگرە، خوا خۆشتی دەوێ، بێ نیازبە لەوەی لای خەڵکە، خەڵکیش خۆشیان دەوێی.

١٤-«لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلاً وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيراً»(٤).

واتە: ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە بیزانن، کەم پێدەکەنن‌و زۆر دەگریێن.

ڕوونکردنەوە:

ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێك وتارێکی دا، هەرگیز گوێم لە وتاری وا نەبووە، (دیارە ئەنەس زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری وتارەکە) پێغەمبەری خوا ﷺ لە نێو وتارەکەیدا فەرمووی: ئەگەر

---

١) حسن: رَوَاهُ أحمد: ٢١٧٦٩ ، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ رضي الله عنه، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن.

٢) حسن: رَوَاهُ الطَّبَرَانِي في "الأوسط": ٧٦٥٠، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو رضي الله عنه، انظر: "الصحيحة" برقم: ٣٤٢٧.

٣) حسن: رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ: ٤١٠٢، عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِيِّ رضي الله عنه. انظر: "الصحيحة" برقم: ٩٤٤.

٤) رَوَاهُ البُخَارِي: ٤٦٢١، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه.

ئــەوەی مــن دەیــزانم ئێــوە بیــزانن، كــەم پێدەكــەنن‌و زۆر دەگــریێن، هــاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەم‌و چاوی خۆیان داپۆشی‌و شــتێكیان بەســەر ســەری خۆیــان داداو سەریان خوار كردەوە دەگریان بە دەنگی نركە نرك.

١٥-«لَوْ كَانَتِ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَاللّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ، مَا سَقَى كَافِرًا مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ»(١).

واتە: ئەگەر دونیا بە ئەندازەی باڵی مێشولەیەك (نرخی) هەبووایــە لــە لای خــوا، ئەوە یەك فڕە ئاوی بە كافرێك نەدەدا.

١٦-«كُلُوا وَاشْرَبُوا وَتَصَدَّقُوا وَالْبَسُوا، فِي غَيْرِ مَخِيلَةٍ وَلاَ سَرَفٍ، إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ أَنْ تُرَى نِعْمَتُهُ عَلَى عَبْدِهِ»(٢).

واتە: بــخۆن‌و بخۆنەوەو ببەخشن‌و (جل‌و بەرگی جوان) بپۆشن، بێ ئەوەی كەشخەو فیزو زێدەڕۆیی تێدا بكەن، چونكە بێگومان خوای پەروەردگار حەز دەكــات‌و پێــی خۆشە نیعمەتەكانی بەسەر بەندەكەیەوە ببینرێ.

١٧-«أَعْذَرَ اللّهُ إِلَى امْرِئٍ، أَخَّرَ أَجَلَهُ حَتَّى بَلَّغَهُ سِتِّينَ سَنَةً»(٣).

واتە: خوا بیانووی بۆ ئەو كەسە نەهێشتۆتەوە كە مردنی دواخستوە تا گەیشــتۆتە شەست ساڵی.

١٨-«خَيْرُ دِينِكُمْ الْوَرَعُ»(٤).

واتە: باشترین (جۆر لە) دینداریی خۆ گرتنەوەیە (لە شتە گوماناوییەكان).

---

١) صحيح: رَوَاهُ التِّرمِذِيّ: ٢٣٢٠، عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ رضي الله عنه انظر: "الصحيحة" برقم: ٦٨٦.

٢) حسن: رَوَاهُ أَحْمَد: ٦٨٠٧، عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ رضي الله عنه، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن.

٣) رَوَاهُ البُخَارِي: ٦٠٥٦، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

٤) صحيح: رَوَاهُ الحَاكِم: ٣١٤، عَنْ سعد رضي الله عنه، ووافقه الذهبي. انظر "صحيح الجامع" برقم: ٤٢١٤.

ڕوونکردنەوە:

دیارە لە فەرموودەی صەحیحدا هاتوە هەر كەس بكەوێتە نێو شتێكی گومانـاوی، ئەوە بە دڵنیاییی كەوتۆتە نێو حەرامەوە[١]، بۆیە باشـترین جـۆر لـە هەڵسـوكەوت مامەڵە كردن لەگەڵ شتەكانی دەوروبەرە ئەوەیە هەرچی گومانی تێـدابێ خۆمـانی لێ بە دوور بگرین..

یەكێك لە پێشەوایانو زانایانی مەدینە دوای ئەوەی دەبیستێ كە ئاژەڵێك دزراوەو نەدۆزراوەتەوە، بۆ ماوەیەكی زۆر خۆی دەپارێزێ لە خـواردنی گۆشـتی ئـەم جـۆرە ئاژەڵە، نەوەك ئەوەی كە دەیخوات گۆشتی ئەم جۆرە ئاژەڵە بێت، ڕاستە ئەم نموونەو وێنەیەكی زۆر میسالیشە، بەڵام بۆ بەرچاو ڕوونیو ڕوون كردنەوەی فەرموودەكە بە زەرورم زانی باسی بكەم.

١٩-«يَهْرَمُ ابْنُ آدَمَ، وَتَشِبُّ مِنْهُ اثْنَتَانِ: الْحِرْصُ عَلَى الْمَالِ، وَالْحِرْصُ عَلَى الْعُمُرِ»[٢].

واتە: نەوەی ئادەم (مرۆڤ) پیر دەبێو دوو شت بەهێزترو گەنجتر دەبنـەوە لەگەڵیـدا: سوور بوون لەسەر ماڵو سامان، ئاواتخواستن لەسەر تەمەن درێژییو ژیان.

---

١) رَوَاهُ البُخَارِي فِي: ٢ كتاب الإيمان: ٣٩ باب فضل من استبرأ لدينه، من حديث النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ رضي الله عنه، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: الْحَلاَلُ بَيِّنٌ، وَالْحَرَامُ بَيِّنٌ، وَبَيْنَهُمَا مُشَبَّهَاتٌ لاَ يَعْلَمُهَا كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ؛ فَمَنِ اتَّقَى الْمُشَبَّهَاتِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ، وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ..

٢) رَوَاهُ مُسْلِم: ٢٤٥٩ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه.

٢٠-«لَوْ أَنَّكُمْ تَتَوَكَّلُونَ عَلَى اللهِ حَقَّ تَوَكُّلِهِ، لَرَزَقَكُمْ كَمَا يَرْزُقُ الطَّيْرَ، تَغْدُو خِمَاصًا، وَتَرُوحُ بِطَانًا»[١].

واتە: ئەگەر ئێوە بە ڕاستی پشت بە خوا ببەستن، خوا ڕزقتان دەدات وەك چۆن ڕزقی باڵندە دەدات، بەیانیان بە سکی برسییەوە دەڕوات و ئێواران بە سکی تێر دەگەڕێتەوە!

ڕوونکردنەوە:[٢]

پێویستە لەسەرمان هەڵوەستە بکەین و ورد بینەوە لە کاتی خوێندن و بیستنی ئەم جۆرە فەرمایشتانە، چونکە ئایا لێرەدا پێغەمبەر ﷺ باسی کردوە خوا چۆن ڕزق و ڕۆزی باڵندە دەدات؟ فەرموویەتی: ئەگەر لە نێو هێلانەکەیدا نەجوولێ، ئەوە خوا هەر ڕزقی بۆ دەنێرێ؟ نەخێر، بە بەڵگەی ئەوە کە لە فەرمایشتەکەدا دەفەرموێ: (تَغْدُو خِمَاصًا)، جا وشەی: (خِمَاصًا) واتە: سکی بە پشتییەوە نووساوە، بە سکی بەتاڵەوە بەیانیان دەڕوات.

کەواتە: ئەو باڵندە لە هێلانەکەی دەردەچێ، ئنجا دەفەرموێ: (وَتَرُوحُ بِطَانًا) واتە: ئێوارە بە سکی تێر دێتەوە، مانای وایە ئەو باڵندەیە جووڵەی کردوەو ئیشی خۆی کردوە، ئەگەر لە هێلانەکەیدا دەرنەچووباو ڕاووشکاری نەکردبایە، خوا لە ئاسمانەوە ڕزق و ڕۆزی ناباریێنێتە نێو هێلانەکەی.

١) إِسْنَادُهُ قَوِي: رَوَاهُ أَحْمَد: ٢٠٥، عَنْ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّاب ﵁، قال شعيب الأرنؤوط: إِسنَادُهُ قَوِي.

٢) تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، سوورەتی (المائدة) ئایەتەکانی: (٨ تا ١١).

جا با بێینە سەر مەبەستی فەرموودەکە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: کەواتە ئێوەش ئەگەر وەك باڵندە پشت بە خوا ببەستن، ڕۆزیتان دەدات، بەڵام پشت بە خوا بەستن وەك هی باڵندە، کە باڵندە بەیانی دەردەچێ تا ئێوارێ ڕاووشکارێ دەکات، ئنجا ئێوارێ بە تێری دێتەوە، بەڵام تۆ لە ماڵێ دابنیشیو بڵێی: وەك باڵندە پشتم بە خوا بەستوە، نەخێر تۆ وەك باڵندەت نەکردوە، چونکە باڵندە دەڕوات هەوڵدەدات، بەڵام تۆ هیچت نەکردوە، بۆیەش وا دەڵێم: چونکە هەندێك لە خەڵکی بە هەڵە ئەم فەرمایشتە مانا دەکەنو بە هەڵە تێی دەگەن، دەڵێن: تەماشا بکەن! پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ئەگەر بە ڕاستی پشت بە خوا ببەستن، وەك چۆن خوا ڕزقی باڵندە دەدات، ئاوا ڕزقی ئێوەش دەدات، کە ئەوە ڕاستە، بەڵام تەماشا هەموو فەرموودەکە بکە!!

لە کۆتایی دا دەفەرموێ: (تَغْدُو خِمَاصَاً)، بەیانیان بە سکی بەتاڵەوە دەڕوات، (وَتَرُوحُ بِطَانَاً) ئێوارەش بە سکی تێر دەگەڕێتەوە، جا باڵندە بۆچی بەیانیان دەچێتە دەرێ؟ بۆ ئەوەی لە شوێنێك ڕزقێك پەیدا بکات، کە خوا بۆی داناوەو بە تێریی بگەڕێتەوە، بەڵام بەیانی لە نێو هێلانەکەی دابنیشێ، بێگومان بەیانیش هەر برسی دەبێو ئێوارەش هەر برسی دەبێ.

بەڕێزان! بۆیە دەبێ زۆر ئاگامان لە چەمكو واتای وشەی (تَوَكّل) بێ، وە ئاگامان لە چەمكو واتای وشەی (قَدَر) بێ.

٢١-«الدُّنْيَا سِجْنُ الْمُؤْمِنِ، وَجَنَّةُ الْكَافِرِ»[١].

واتە: دونیا بەندیخانەی ئیماندارەو، بەهەشتی بێبڕوایە.

ڕوونکردنەوە:

ئیماندار بە هۆی دەرنەچوونی لە سنووری شەریعەت، وەك لە گرتووخانەیەکدا بێ وایە، لەو ڕووەوە کە بە دوای ئارەزووەکانی ناکەوێ، وە مافی خەڵك پێشێل ناکات، وە نەفسی چی پێ خۆش بوو وا ناکات، بەڵام ئینسانی کافر وەك لە بەهەشت دابێ، لە بەهەشت هیچ شتێك لە ئینسان قەدەغە نیە، وەك دونیا نیە. (وە هەروەها ئەوەش دەگەیەنێ کە خۆشی دونیا بە بەراورد لەگەڵ خۆشی بەهەشت هێندە کەمو ناخۆشە، وەك بەندیخانە وایە، وە ناخۆشی دونیا بە بەراورد لەگەڵ ناخۆشی دۆزەخ هێندە کەمو کورتە وەك بەهەشت وایە).

١) رَوَاهُ مُسْلِم: ٧٦٠٦، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ(١)

(أ)- لە ئەسڵی زمان دا:

(الصَّلاَةُ فـي اللُّغَة: هِيَ الـدُّعَاء والتبريـك والتمْجِيـد) واتـه: (صَـلاَة) لـه ئەسـڵی زماندا بە مانای پاڕانەوەو بە پێز کردنو بە بەرزگرتن دێ، (يُقَالُ صَلَّيتُ عَلَيـهِ أي: دَعوتُ لَهُ وَزَكَيَّتـهُ) دەگوترێ: صەڵاواتم لەسەردا، واتە: بۆی پاڕامەوە، وە بە پـاكو چاكم دانا، وەك خوای تعالى لە قورئاندا بـە پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموێ: ﴿وَصَلِّ عَلَيۡهِمۡۖ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٞ لَّهُمۡ﴾التوبة، واتە: دووعـای داباریـنی ڕەحمەت بكـه بۆیان (واتە: بۆ ئیمانـداران) ئەگـەر مردیشـن نوێـژیان لەسـەر بكـە، چونكە بێگومان دووعاو نوێژی تۆ مایەی ئارامیە بۆیان.

هـەروەها پێغەمبـەر ﷺ لـە فەرمایشـتێكدا فەرموویـەتی: (إذَا دُعِـيَ أحَدُكُمْ إلى طَعَام فَلْيُجِبْ، فَإنْ كَانَ مُفْطِـرَاً فَلْيَأكُـل، وإنْ كَـانَ صَـائِمَاً فَلْيُصَـلِّ)(٢)، واتە: ئەگەر یەكێكتان بۆ خواردنێك بانگهێشت كرا، بـا وەڵام بداتـەوە، وە ئەگـەر بەڕۆژووش بوو، با دووعا بۆ دەعوەتكەر بكات (واتە: بپاڕێتەوە بڵێ: خوا پاداشتی خێرت بداتەوە).

(ب)- لە زاراوی شەرعدا:

(الصَّلاَةُ: هِيَ عِبَادَةُ تَشْتَمِلُ عَلَى أقْوَال وَأَفْعَال مَخْصُوصَة تفتـتح بِـالتكْبِير وَتختـتم بالتَّسْلِيم) (صَـلاَة): بریتیـه لـەو عیبادەتـەی كـە هـەموو ئـەو گوفتـارو كـرداره

---

١) پاداشتی كاره چاكەكان: لاپەڕە: ١٦٦.

٢) رَوَاهُ مُسْلِمٌ: ٣٥٩١، عَنْ أَبي هُرَيرَةَ رضي الله عنه.

تایبەتیانە دەگرێتەوە کە بە تەکبیر کردن دەست پێ دەکاو بە سەلام دانەوە کۆتایی دێ، کە ئەویش پێی دەگوترێ: نوێژ، (وَالـمُرَادُ بِالأَقْوَال: التَّكْبِيرُ وَالقِرَاءَة والتَّسْبِيحُ وَالدُّعَاء، وَنَحو ذَلِكَ)، دیارە مەبەستیش لە گوفتارو قسەکان بریتیە لە: تەکبیر کردنو خوێندنی قورئانو بە پاکگرتنی خواو وێنەی ئەوانە، (وَالـمُرَادُ بِالأَفْعَال: القِيَامُ وَالرّكُوعُ والسُّجُود وَالجُلُوسُ وَنَحو ذَلِكَ)، وە مەبەستیش لە کردارەکان بریتیە لە: ڕاوەستانو چەمینەوەو کڕنووش بردنو دانیشتنو وێنەی ئەوانە.

مانای صەڵاوات

صەڵاوات ناردن لە لایەن هەر یەکێك لە: خوای بێ وێنەو، فریشتە بەڕێزەکانو، مسوڵمانانەوە سێ مانای جیاوازی هەن، کە ئێمە بە کورتی باسی دەکەین بۆ ئەوەی هەر کاتێك گوێمان لێ بوو کە باسی صەڵاوات دان لەلایەن هەر یەکێکیانەوە کرا، وەك خۆی تێی بگەین:

یەکەم: بە نسبەت خوای بێ وێنە کە صەڵاوات دەنێرێ بۆ پێغەمبەری خۆیو، وە بۆ مسوڵمانان، خاوەنی کتێبی (مفردات غريب القرآن)[1] گوتوویەتی: (وَصَلاَةُ اللهِ لِلمُسلِمِينَ هُوَ فِي التَحقِيق: تَزكِيَتهُ إِيَّاهُمْ)، صەڵاواتی خوا بۆ مسوڵمانان بریتیە لەوە کە خوا پاكو، چاکیان بکاتو، پلەیان بەرزبکاتەوەو گەشەیان پێ بدات.

دووەم: (ومِنَ المَلاَئِكَةِ هِيَ الدُّعَاء وَالإستِغفَار كَمَا هِيَ مِنَ النَّاس) وە صەڵاواتی فریشتەکانیش بریتیە لە پاڕانەوەیان، وە داوای لێبوردنو لێخۆشبوون کردنیان بۆ مسوڵمانان لە خوا سبحانه وتعالى، هەروەك خەڵك ئاوا دووعاو پاڕانەوە بۆ یەکدی دەکەن لە لای خوا.

---

١) لأبو القاسم الحسين بن محمَّد المعروف بالراغب الأصفهاني، ص٢٨٥.

سێیەم: هەروەها خەڵکیش کە صـەڵاوات دەنێـرن بـۆ پێغەمبـەر ﷺ، واتـە: بـۆی دەپاڕێنەوە کە خوا پلەو پایەو مەنزڵگای بەرزتر بکاتەوە هەم لە دونیـا، هـەم لـە دوارۆژ.

چۆنیەتی صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ

«اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ»[١].

خوایە! درودو ڕەحمەت بڕێژە بۆ سەر موحەممەد، وە خزمو کەسانی شـوێنکەوتووی، هەر وەك چۆن درودو ڕەحمەتت ڕژاندە سەر ئیبڕاهیمو خزمو کەسانی شوێنکەوتووی، بێگومان تۆ سوپاسکراوو خاوەن شکۆو ڕێزیت، خوایە! پیرۆز بەرەکـەت بڕێـژە سـەر موحەممەد، وە خزمو کەسانی شوێنکەوتووی، هەروەك چۆن پیرۆز بەرەکـەتت ڕژانـدە سەر ئیبڕاهیمو خزمو کەسانی شوێنکەوتووی، بە ڕاسـتی تـۆ سوپاسـکراوو خـاوەن شکۆو ڕێزیت.

٢٢-«صَلُّوا عَلَيَّ، فَإِنَّ صَلاتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ»[٢].

واتە: صەڵاواتم لەسەر بدەن، چونکە بێگومان صەڵاواتەکانتانم پێدەگات، لـە هـەر کوێ بن.

---

١) رَوَاهُ البُخَارِيُّ: ٥٩٩٦، وَمُسْلِمٌ: ٩٣٥، عَنْ كَعْبُ بْنُ عُجْرَةَ رضي الله عنه.

٢) صحيح: رَوَاهُ الطَّبَرَانِي فِي "الكَبِير": ٢٧٢٩، عَنْ عَلَي بْنِ أَبي طَالِبٍ رضي الله عنه، انظر "صحيح الجامع" رقم: ٧٢٢٦.

٢٣-«إِنَّ للهِ فِي الأَرْضِ مَلائِكَةً سَيَّاحِينَ يُبَلِّغُونِي مِنْ أُمَّتِي السَّلامَ»[١].

واتە: بە ڕاستی خوا لەسەر زەوی فریشتەی گەڕۆكو گەشتیاری هەن، سەلامی ئۆممەتەكەمم پێ دەگەیەنن.

٢٤-«إِنَّ الْبَخِيلَ مَنْ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيَّ»[٢].

واتە: بە ڕاستی ڕەزیلو چرووك كەسێكە: ناوی منی لەلا دەهێنرێو صەڵاواتم لەسەر نادات.

٢٥-«مَنْ صَلَّى عَلَيَّ وَاحِدَةً، صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ عَشْرًا»[٣].

واتە: هەر كەسێك یەك صەڵاواتم لەسەر بدات، خوای بەرز دە صەڵاواتی لەسەر دەدات.

٢٦-«لاَ يَجْلِسُ قَوْمٌ مَجْلِساً لاَ يُصَلُّونَ فِيهِ عَلَى رَسُولِ اللهِ، إِلاَّ كَانَ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً، وَإِنْ دَخَلُوا الجَنَّةَ لِمَا يَرَوْنَ مِنَ الثَّوَابِ»[٤].

واتە: هەر كۆمەڵێك دابنیشنو صەڵاوات نەدەن لەسەر پێغەمبەری خوا، بێگومان ئەم كۆڕە دەبێتە مایەی پەشیمانیان، هەرچەند بچنە بەهەشتیش، چونكە لە بەهەشت پاداشتی صەڵاوات دەبینن (كە چەند زۆرە، خۆزگە دەخوازن لە گشت مەجلیسەكانیان بە صەڵاوات دەستیان پێكردبایە!).

١) صحيح: رَوَاهُ أَحْمَدَ: ٤٢١٠، عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ مَسعُودٍ ﷺ قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح رجاله ثقات رجال الصحيح.

٢) صحيح: رَوَاهُ البَيْهَقِيّ في "شعب الإيمان": ١٥٦٨، عَنِ الحُسَيْنِ ﷺ، وَصَحَّحَهُ الألباني في "فضل الصلاة على النبي ﷺ" رقم: ٣٥.

٣) رَوَاهُ مُسْلِمٌ: ٩٣٩، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ.

٤) صحيح: رَوَاهُ النَّسَائِيّ في "الكُبْرَى": ١٠٢٤٢، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ ﷺ، انظر "صحيح الجامع: رقم: ٧٦٢٤.

٢٧-«مَا مِنْ أَحَدٍ يُسَلِّمُ عَلَيَّ، إِلاَّ رَدَّ اللهُ عَلَيَّ رُوحِي، حَتَّى أَرُدَّ عَلَيْهِ السَّلاَمَ»[١].

واتە: هەر كەس سەلامم لیبكات، ئەوە خوا ڕووحم بۆ دەگێڕێتەوە هەتا وەڵامی سەلامەكەی دەدەمەوە.

٢٨-«مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلاَةً وَاحِدَةً، صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ عَشْرُ صَلَوَاتٍ، وَحُطَّتْ عَنْهُ عَشْرَ خَطِيئَاتٍ، وَرُفِعَتْ لَهُ عَشْرُ دَرَجَاتٍ»[٢].

واتە: هەر كەسێك یەك صەڵاواتم لەسەر بدات، خوا دە صەڵاواتی لەسەر دەدات، وە دە گوناهی لێ دەسڕێتەوە، وە دە پلەش بەرزی دەكاتەوە.

سوودەكانی صەڵاوات ناردن بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ

١- فەرمانی خوای بەرزت بە جێهێناوە.

٢- دووعات بۆ بەرزتر بوونەوەی پلەو پایەی پێغەمبەر كردووە كە (الوسیلة)یە.

٣- بە هەر صەڵاواتێك ناردنێكت، دە صەڵاواتت لەسەر لێ دەدرێ لەلایەن پەروەردگار.

٤)- دە پلە بەرز دەبیتەوە.

٥- دە چاكەت بۆ دەنووسرێ.

٦- دە گوناهو خراپەت لێ دەسڕدرێتەوە.

٧- دووعات قبووڵ دەبێ ئەگەر بە صەڵاوات ناردن دەستت پێكردبێ.

٨- شەفاعەتت بۆ دەكرێ لە ڕۆژی قیامەت.

١) صحيح: رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ: ٢٠٤٣ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، انظر: "الصحيحة" رقم: ٢٢٦٦.
٢) صحيح: رَوَاهُ النَّسَائِيُّ: ١٢٩٧ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكَ ﷺ، انظر: "مشكاة المصابيح" رقم: ٩٢٢.

٩)- لە پێغەمبەر نیزیك دەبیەوە لە ڕۆژی دوایی.

١٠- خۆشەویستیو گوێڕایەڵیت بۆ پێغەمبەر ﷺ بەردەوام زیاد دەکات.

١١- پێغەمبەر ﷺ سەلامت بۆ دەنێرێتەوە.

١٢- بەرەکەت دەکەوێتە تەمەنو ئیشو کارت.

١٣- بەردەوام خوا باست دەکات لە نێو فریشتەکان.

١٤- ڕێگەی چوونە بەهەشتت بۆ خۆش دەبێ.

١٥- نوورێکی تایبەتت دەبێ لەسەر پردی صراط.

١٦- دڵ تووندیو خەمو پەژارەت نامێنێ.

ڕووپامایی (الرياء)

٢٩-«مَنْ سَمَّعَ سَمَّعَ اللَّهُ بِهِ، وَمَنْ يُرَائِي يُرَائِي اللَّهُ بِهِ»[١].

واتە: هەر کەس بە دوای ناوبانگ بگەڕێ، خوا ناوی دەڕزێنێ، وە هەر کەسیش ڕووپامایی‌و ڕیا بکات، خوا لەبەر چاوی خەڵکی سووکی دەکات.

٣٠-«إِنَّ اللَّهَ لاَ يَقْبَلُ مِنَ الْعَمَلِ إِلاَّ مَا كَانَ لَهُ خَالِصاً، وَابْتُغِيَ بِهِ وَجْهُهُ»[٢].

واتە: بێگومان (لە ڕۆژی دوایی) خوا هیچ کردەوەیەکی باش وەرناگرێ ئەگەر بە پاکی‌و بە مەبەستی ڕەزامەندی ئەو ئەنجام نەدرابێ.

٣١-«إِذَا كَانَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، نَادَى مُنَادٍ: مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لِغَيْرِ اللَّهِ، فَلْيَطْلُبْ ثَوَابَهُ مِمَّنْ عَمِلَهُ لَهُ»[٣].

واتە: کاتێك ڕۆژی قیامەت دێ، بانگ بێژێك بانگ دەکات: هەر کەسێك کردەوەیەکی بۆ غەیری خوا ئەنجام دابێ، با پاداشتەکەی لەو کەسە داوا بکات.

٣٢-«الشِّرْكُ الخَفِيُّ: أَنْ يَعْمَلَ الرَّجُلُ لِمَكَانِ الرَّجُلِ»[٤].

واتە: هاوبەش دانانی پەنهان‌و شاراوە بریتیە لەوە: کەسێك کردەوەیەك بکات بۆ ئەوەی لە لایەن کەسی دیکەوە ببینرێ.

١) صحيح: رَوَاهُ البُخَارِي: ٦١٣٤، عَنْ جُنْدَبٍ رضي الله عنه.

٢) حسن صحيح: رَوَاهُ النَّسَائِي: ٣١٤٠، عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِيِّ رضي الله عنه، انظر: "صحيح وضعيف سنن النسائي" رقم: ٣١٤٠.

٣) حسن: رَوَاهُ ابْنُ سَعد، عَنْ أَبي سعد بن أبي فضالة رضي الله عنه، انظر "صحيح الجامع" برقم: ٧٨٢.

٤) حسن: رَوَاهُ الحَاكِم: ٧٩٣٦، عَنْ أَبي سَعِيدٍ الخُدْرِيِّ رضي الله عنه. انظر "صحيح الجامع" برقم: ٣٧٢٩.

٣٣-«إِنَّ اللّهَ لاَ يَنْظُرُ إِلَى أَجْسَادِكُمْ، وَلاَ إِلَى صُوَرِكُمْ، وَلكِنْ يَنْظُرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ، وَأَعْمَالِكُمْ»[١].

واتە: بێگومان خوا تەماشای جەستەو شێوەتان ناكات، بەڵكو تەماشای دڵو كردەوەكانتان دەكات.

٣٤-«بَشِّرْ هَذِهِ الأُمَّةَ: بِالسَّنَاءِ، وَالرِّفْعَةِ، وَالدِّينِ، وَالنَّصْرِ، وَالتَّمْكِينِ فِي الأَرْضِ، فَمَنْ عَمِلَ مِنْهُمْ عَمَلَ الآخِرَةِ لِلدُّنْيَا، لَمْ يَكُنْ لَهُ فِي الآخِرَةِ نَصِيبٌ»[٢].

واتە: موژدە بدە بەم ئۆممەتە بە: پایە بەرزیو، دینداریيو، سەربەرزیو، سەركەوتنو، جێگیر بوونو بوونە خاوەن دەسەڵات لەسەر زەوی، جا هەر كەسێك كردەوەی دوارۆژی لە پێناو دنیادا ئەنجامدا ئەوە لە دوارۆژ بێبەش دەبێ.

وەڵامی پرسیارێكی گرنگ

ئایا ئەگەر گوێ بیست بووین لەلایەن خەڵكەوە مەدح دەكراین لەسەر كردەوە باشەكانمان، جێی دڵخۆشیە، یان دەبێ بترسین لەوەی كە ئێمە تووشی ڕیاو رووپامایی بووین؟

خوێنەری بەڕێز!

بێگومان ئەوە جێی دڵخۆشیە، بۆ ئەو كەسەی مەدح دەكرێ، بە مەرجێك مەبەستی لە ئەنجامدانی كردەوە چاكەكان ئەوە نەبووبێ كە مەدح بكرێ، چونكە بە كردەوەو ڕەفتارو ڕەوشتی جوان توانیویەتی سەرنجی خەڵك ڕابكێشێو

---

١) رَوَاهُ مُسْلِم: ٦٧٠٧، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

٢) صحيح: رَوَاهُ أَحْمَد: ٢١٢٥٨، عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الرغيب والترهيب" رقم: ٢٣.

گوفتارەکانی کردوون بە کـردار، ئـەوەش فـەرموودەی پێغەمبــەری خۆشەویســتی لەسەرە: «عَنْ أَبِي ذَرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: قِيلَ لِرَسُولِ اللهِ ﷺ: أَرَأَيْتَ الرَّجُلَ يَعْمَلُ الْعَمَلَ مِنَ الخَيْرِ، وَيَحْمَدُهُ النَّاسُ عَلَيْهِ، قَالَ: تِلْكَ عَاجِلُ بُشْرَى الْمُؤْمِنِ»[١].

واتە: ئەبو زەڕ خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: گوترا ئەی پێغەمبــەری خــوا ﷺ دەبینــی (جاری وایە) پیاوێك کارێکی چاك دەکات، خەڵکیش مەدحی دەکەن (لەســەر ئــەو کارە چاکە، ئایا ئەوە ڕیایە؟) فەرمووی: ئەوە موژدەیەکی بــە پەلەیــە (لــە دونیــا پێش قیامەت) بۆ بڕوادار.

جا لە شەرحی ئەو فەرموودە: «تِلْكَ عَاجِلُ بُشْرَى الْمُؤْمِنِ» هــەر یــەك لــە ئیبنــو عەبباس‌و قەتادەو زوهری‌و کۆمەڵێك لە زانایان دەڵێن: ئـەو موژدەیــە بریتیــە لــە موژدەدانی فریشتەکان لە کاتی هاتنە خوارەوەیان لەلایەن خوای بەرزەوە لە کــاتی مردنی ئەو کەسانەو پێیان دەڵێن: ﴿..أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحْزَنُواْ وَأَبْشِرُواْ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾﴾ فصلت.

وە پێشەوا نەوەوی[٢] دەڵێ: لە ڕیوایەتی دیکە هاتوە: (ويحبّه النَّاس عَلَيْهِ) واتــە: خەڵك خۆشیان دەوێ بە هۆی ئەو کردەوە چاکەوە کە کردوویەتی، زانایــان دەڵــێن: مەبەست لێرەدا موژدەی بە پەلەی خێرو چاکەیە، کە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئــەوەی ڕەزامەندی خوای تعالى بۆی مسۆگەر بووەو خۆشەویستیشی کردوە لە لای خەڵك،

---

١) رَوَاهُ مُسْلِم: ٢٦٤٢.

٢) المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، الناشر: دار إحياء التراث العربي، بيروت، الطبعة الثانية، ج١٦، ص١٨٩.

هەروەك لە حەدیسی ڕابردو باسكراوەو پاشان دەفەرموێ: (يوضَعُ لَهُ القبولُ في الأَرْض)، بە مەرجێك مەبەستی لەو كارەدا ئەوە نەبووبێ خەڵك مەدحی بكەن لەسەری (ئەوەش هەر خوا دەزانێ، بەندە ناتوانێ ئەوە بزانێ جگە لە كەسەكە، بۆیە وا باشە قسە لەسەر نیەتی هیچ كەسێك نەكرێ).

هەتا دەكرێ، با كردەوە چاكەكانمان بشارینەوەو خەڵك نەیبینن، هەروەك چۆن حەز ناكەین‌و پێمان ناخۆشە كردەوە خراپەكانمان ببینن.

دووڕوویی (النفاق)

٣٥-«خَصْلَتَانِ لا تَجْتَمِعَانِ فِي مُنَافِقٍ: حُسْنُ سَمْتٍ، وَلاَ فِقْهٌ فِي الدِّينِ»[(١)].

واتە: دوو سیفەت هەن لە کەسی دوو ڕوو کۆنابنەوە (ئەوانیش): ڕووخسارو ڕووالەت جوانی، وە تێگەیشتنو شارەزایی لە ئایین.

٣٦-«إِذَا قَالَ الرَّجُلُ لِلْمُنَافِقِ: يَا سَيِّدِي، فَقَدْ أَغْضَبَ رَبَّهُ»[(٢)].

واتە: ئەگەر پیاوێك بە کەسێکی دووڕووی گوت: ئەی گەورەم! ئەوە خوای لە خۆی تووڕە کردوە.

ڕوونکردنەوە:

هەر کەس بە ئەندازەی خۆی ڕێزی لێ دەگیرێ، نابێ زیاد لەوەی هەیە بە گەورە بگیرێ، بەڵام حاڵەتی مونافقو دوو ڕوو تایبەتترە، نابێ بە هیچ جۆرێك زیاد لە پێویست ڕێزی لێ بگیرێ، لەبەر ئەوەی مونافیقان دۆستی کافرانو دوژمنی مسوڵمانانن، وە لە ناوبەری ڕەوشتە بەرزەکانو هێنەرەی ڕەوشتە پەستەکانن، وە یەکێك لەو شتانەی کە زۆر دڵیان پێ توونددەبێ بریتیە لە زەم کردنیان، وە ئەوەی کە دڵیان زۆر پێی خۆش دەبێت بریتیە لە مەدح کردنیان، نابێ مەدح بکرێن، تا دڵخۆش نەکرێن، هیچ شتێك لە ئینسان هێندە ناشرین نیە، وەك ئەوەی کە خاوەنی دوو ڕوویی بێت، کە ئا ئەوانە وان.

---

١) صحيح: رَوَاهُ التِّرمِذِيّ: ٢٦٨٤، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، انظر: "الصحيحة" رقم: ٢٧٨.

٢) حسن: رَوَاهُ الحَاكِمِ: ٧٨٦٥، عَنْ بُرَيْدَةَ ﷺ، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ٧١١.

٣٧-«إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمْ بَعْدِي كُلُّ مُنَافِقٍ عَلِيمِ اللِّسَانِ»[١].

واتە: بە ڕاستی ئەوەی من زۆر ترسم لێی هەیە دوای خۆم، هەموو مونافقێکی زارو زمان لووسە (کە زیانی بە مسوڵمانان بگەیەنێ).

٣٨-«إِنَّ مِنْ شَرِّ النَّاسِ ذَا الْوَجْهَيْنِ، الَّذِي يَأْتِي هَؤُلاَءِ بِوَجْهٍ، وَهَؤُلاَءِ بِوَجْهٍ»[٢].

واتە: بە ڕاستی خراپترین کەس، کەسی دوو ڕووە: دەچێ بۆ لای ئەملا بە ڕووێکو بەرەو ئەولاش بە ڕووێکی دی.

٣٩-«إِنَّ شَرَّ النَّاسِ مَنْ تَرَكَهُ النَّاسُ "أَوْ وَدَعَهُ النَّاسُ" اتِّقَاءَ فُحْشِهِ»[٣].

واتە: بە ڕاستی خراپترین کەس ئەو کەسەیە کە خەڵکی خۆیانی لێی دەپارێزنو وازی لێ دێنن لەبەر خراپیەکەی.

ڕوونکردنەوە:

دایکمان خاتوون عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: ڕۆژێك پیاوێك داوای مۆڵەتی هاتنە لای پێغەمبەری خوای ﷺ کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ڕێی پێ بدەن با بێتە ژوورەوە، ئا ئەو کەسە خراپترین کەسی ئەو عەشیرەتەیە، بەڵام کە هاتە ژوورەوە زۆر بە نەرمی قسەی لەگەڵ کرا لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ، کە ڕۆیشت گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ گوتت ئەوە خراپترین کەسە، کەچی ئاوا بە

---

١) صحيح: رَوَاهُ الطَّبَرَانِي فِي "الكبير": ٥٩٣، عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ١٥٥٦.

٢) رَوَاهُ مُسْلِم: ٦٧٩٥، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

٣) صحيح: رَوَاهُ البُخَارِي: ٥٧٠٧، عن عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا.

نەرمی گوفتارت لەگەڵ کرد، ئـا لـەو کاتـەدا پێغەمبـەر ﷺ پێـی فـەرموو: «أَيْ عَائِشَةُ! إِنَّ شَرَّ النَّاسِ مَنْ تَرَكَهُ النَّاسُ "أَوْ وَدَعَهُ النَّاسُ" اتِّقَاءَ فُحْشِهِ».

جا خاوەنی (عمدة القاري شرح صحيح البخاري)[1]، دەڵێ: باس کردنی کەسێك بەم شێوەیە کە لەو کاتەدا لەوێ نەبووە، بەڵگەیە لەسەر ئـەوەی دروسـتە بـە خـراپ باسی کەسی خراپەکارو ئاژەوگێڕو زمان شڕ بکرێ، وە بە هیچ جۆرێك بە غەیبـەت هەژمار ناکرێ، مادام مەبەستت ئەوە بێت نەصیحەتو ئامۆژگـاری ئـەو کەسـانە بکەی کە لەوێنو ئاگاداریان بکەیەوە لەو کەسە خراپەکارە بۆ ئەوەی لە زیـانی بـە دوور بن، ڕاستە شێوەی غەیبەتی تێدایە، بەڵام لـە ڕووی شـەرعەوە بـە غەیبـەت هەژمار ناکرێ، هـەروەك چۆن پێغەمبـەری خـوا ﷺ کەسـانی دەوروبـەری خـۆی ئاگادار کردەوە لە خراپی ئەو کابرایە.

٤٠-«أَرْبَعٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ كَانَ مُنَافِقًا خَالِصًا، وَمَنْ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنْهُنَّ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنَ النِّفَاقِ حَتَّى يَدَعَهَا: إِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ، وَإِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا عَاهَدَ غَدَرَ، وَإِذَا خَاصَمَ فَجَرَ»[2].

واتە: چوار سیفەت لە هەر کەسێکدا هەبن، ئـەوە مونـافیقێکی تـەواوە، وە هـەر کەسێك یەکێ لەو چوار سیفەتەی تێدا هەبێ، ئەوە یەکێك لە سیفەتەکانی نیفـاقی تێدایە، تاکو دەستی لێ هەڵدەگرێ:

هەر کاتێ بە ئەمیندار دانرا خیانەت بکـات، هەمیشـە لـە کـاتی قسـەکردن درۆ

---

١) ج٣٢، ص٢٣٥.

٢) رَوَاهُ البُخَارِي: ٣٤، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو رضي الله عنه.

بكات، هەردەم لە كاتی پەیمان دان غـەدر بكـاتو پـەیمان بشـكێنێ، هـەر كـاتێ دەمەقالێو مشتومڕی بوو، خۆی تووشی گوناهو تاوان بكات.

اللهمَّ!

طهِّرْ قلُوبَنا مِنَ النِّفاقِ

وأَعَمَـالنَا مِـنَ الـرِّياءِ

ولِسانَنا مِنَ الكَـذِبِ

وأَعيُنَـنا مِنَ الـخيانَةِ

فَإِنَّكَ تَعْلَمُ خَائِنَةَ الأَعْيُنِ، وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ.

غەیبەت و حەسوودی

٤١-«الغِيْبَةُ: أَنْ تَذْكُرَ الرَّجُلَ بِمَا فِيهِ مِنْ خَلْفِهِ»[(١)].

واتە: غەیبەت بریتیە لەوەی: لە پاشملە باسی کەسێك بکەی بە سیفەتێك کە تێیدایە. (دیارە دەبێ ئەو کەسە پێشی ناخۆشبێ).

٤٢-«إِيَّاكَ وَكُلَّ أَمْرٍ يُعْتَذَرُ مِنْهُ»[(٢)].

واتە: خۆت بپارێزە لە هەر کارێك کە پێویست بە داوای لێبوردن دەکات.

ڕوونکردنەوە:

واتە: هەر وشەیەك کە دەتەوێ بیلێی بیری لێبکەوە، هەر هەنگاوێ دەتەوێ بیهاوێی بیری لێبکەوە، تا هەڵە نەکەیو دواتر داوای لێبوردن نەکەی، زۆر لە خەڵك ببوورە، بەڵام هەوڵبدە زۆر کەم بە خەڵك بڵێی ببوورە!!

٤٣-«مَنْ ذَبَّ عَنْ عِرْضِ أَخِيهِ فِي الْغَيْبَةِ، كَانَ حَقًّا عَلَى اللهِ أَنْ يُعْتِقَهُ مِنَ النَّارِ»[(٣)].

واتە: هەر کەسێك بەرپەرچی باس کردنی ناموسی براکەی بداتەوە لە کاتی پەنهانی، (واتە: کەسەکە خۆی لەوێ نەبێ)، ئەوە هەقێکە لەسەر خوای پەروەردگار لە ئاگری دۆزەخ ئازادی بکات.

---

١) صحيح: الخَرَائِطي فِي "مساوئ الأخلاق" عن عبدالله بن حنطب ﵁، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ٤١٨٦.

٢) حسن: رَوَاهُ الضياء: ٢١٩٩، عَنْ أَنَس ﵁، وَحَسَّنَهُ الألباني في "الصحيحة" رقم: ١٤٢١.

٣) صحيح: رَوَاهُ الطَّبَرانيُّ في "الأوسط": ٤٤٣، عَنْ أَسْمَاءَ ابْنَةِ يَزِيد رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، انظر: "صحيح الترغيب والترهيب" رقم: ٢٨٤٧.

٤٤-«أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَةُ؟»، قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: «ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ»، قِيلَ: أَفَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُولُ؟ قَالَ: «إِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدِ اغْتَبْتَهُ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدْ بَهَتَّهُ»[١].

واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:) ئایا دەزانن غەیبەت چیە؟

گوتیان: خواو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن‌و زاناترن! فەرمووی: (غەیبەت ئەوەیە کە) باسی براکەت بکەی، ئەو پێی ناخۆشبێ.

گوتیان: ئەدی ئەگەر ئەوەی کە دەیلێین تێیدا بوو؟

فەرمووی: ئەگەر ئەوەی دەیلێی تێیدابوو ئەوە غەیبەتت کردوە، بەلاّم ئەگەر ئەوەی دەیلێی تێیدا نەبوو، ئەوە بوختانت بۆی هەلّبەستوە.

٤٥-«إِنَّ مِنْ أَرْبَى الرِّبَا الاِسْتِطَالَةَ فِي عِرْضِ الْمُسْلِمِ بِغَيْرِ حَقٍّ»[٢].

واتە: بێگومان خراپترین جۆری ڕیباو سووخۆریی، بریتیە لە: زێدەڕۆیی کردن‌و قسەی ناشرین گوتن‌و بە سووك تەماشا کردن‌و باس کردنی نامووسی مسولّمان بە ناهەق.

٤٦-«مَنْ رَدَّ عَنْ عِرْضِ أَخِيهِ بِالْغَيْبِ، رَدَّ اللَّهُ عَنْ وَجْهِهِ النَّارَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ»[٣].

واتە: هەر کەسێك پارێزگاری بکات لە نامووسی برای مسولّمانی لە پاشملە، ئەوە خوای پەروەردگار لە ڕۆژی قیامەتدا ڕووی ئەو کەسە دەپارێزێ لە ئاگری دۆزەخ.

---

١) رَوَاهُ مُسْلِم: ٢٥٨٩، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

٢) صحيح: رَوَاهُ أَبُو دَاوُد: ٤٨٧٨، عَنْ سَعِيدِ بْنِ زَيْد رضي الله عنه، انظر: "صحيح الترغيب والترهيب" رقم: ٢٥٣٢.

٣) صَحِيحٌ: رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ: ١٩٣١، عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الترغيب والترهيب" رقم: ٢٨٤٨.

٤٧-«لَمَّا عُرِجَ بِي مَرَرْتُ بِقَومٍ لَهُمْ أَظْفَارٌ مِنْ نُحَاسٍ يَخْمُشُونَ وُجُوهَهُمْ وَصُدُورَهُمْ فَقُلْتُ: مَنْ هَؤُلَاءِ يَا جِبرِيلُ؟ قَالَ: هَؤُلَاءِ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ لُحُومَ النَّاسِ، وَيَقَعُونَ فِي أَعْرَاضِهِمْ!»[١].

واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی) کاتێك بەرز کرامەوە (لە شەورۆیی) بە لای کۆمەڵێکدا تێپەڕ بووم، نینۆکیان لە مس بوو، دەم و چاوو ڕووخسارو سینگی خۆیانیان پێ دادەڕنی، گوتم: ئەی جبریل ئەوانە کێن؟ فەرمووی: ئەوانەن کە (لە دونیا) گۆشتی خەڵکیان دەخواردو، باسی خەڵکیان دەکردو دەکەوتنە باس کردنی ناموسی خەڵك!

٤٨-«الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ»[٢].

واتە: مسوڵمان ئەو کەسەیە کە مسوڵمانان سەلامەت و پارێزراو بن لە زمان و دەستی.

ڕوونکردنەوە:

بە زمانی: جنێویان پێ نالێ، زەم و غەیبەتیان ناکات، بوختانیان بۆ هەڵنابەستێ.

بە دەستی: لێیان نادات و دەستی خراپەکاریان بۆ درێژ ناکات و بە ناهەق لێیان توورە نابێ.

---

١) صحيح: رَوَاهُ أَبُو دَاوُد: ٤٨٨٠، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه.

٢) رَوَاهُ مُسْلِم: ١٧١، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِالله رضي الله عنه.

٤٩-«اثْنَتَانِ تَدْخُلاَنِ الجنَّة: مَنْ حَفِظَ مَا بَيْنَ لِحْيَيْهِ، وَمَا بَيْنَ رِجْلَيْهِ دَخَلَ الجنَّة»(١).

واتە: دوو جۆرە کەس دەچنە بەهەشتەوە: ئەو کەسانەی ئەو شتەی لە نێوان هەردوو شەویلگە (واتە: زمان) و هەردوو ڕانی دایە (واتە: عەورەت) بپارێزێ (لە حەرام) دەچێتە بەهەشتەوە.

٥٠-«طُوبَى لِمَنْ مَلَكَ لِسَانَهُ، وَوَسِعَهُ بَيْتُهُ، وَبَكَى عَلَى خَطِيْئَتِهِ»(٢).

واتە: خۆشی بۆ ئەو کەسەی زاڵ بێ لەسەر زمانی (واتە: زمانی کۆنترۆڵ بکات)، لە ماڵی خۆی دانیشێو زیانی بۆ خەڵك نەبێو، بگریێ کاتێك بیر لە هەڵەو گوناهەکانی خۆی دەکاتەوە.

٥١-«لاَ حَسَدَ إِلاَّ فِي اثْنَتَيْنِ: رَجُلٌ آتَاهُ اللهُ مَالاً، فَسَلَّطَهُ عَلَى هَلَكَتِهِ فِي الحَقِّ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللهُ الحِكْمَةَ، فَهُوَ يَقْضِي بِهَا وَيُعَلِّمُهَا»(٣).

واتە: حەسوودیی دروست نیە، تەنیا لە دوو شتان دا نەبێ: پیاوێك خوا ماڵی پێداوە، وە زاڵیشی کردوە بەسەر خەرج کردنی لە ڕێی هەق دا، وە پیاوێکیش خوا زانستو حیکمەتی داوەتێ، ئەویش بەکاری دێنێو خەڵکی لێ فێر دەکات.

---

١) صحيح: الخرائطي في "مكارم الأخلاق" عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ١٤٠.

٢) حَسَنٌ: رَوَاهُ الطَّبَرَانِيُّ: ٢١٢، عَنْ ثَوْبَانَ ﵁، انظر: "صحيح الترغيب والترهيب" رقم: ٢٨٥٥.

٣) رَوَاهُ البُخَارِيُّ: ٧٣، ومُسلِم: ١٩٣٣، عَنْ عَبْدَ اللهِ بنَ مَسْعُودٍ ﵁.

ڕوونکردنەوە[١]:

دەربارەی وشەی: (حَسَد) زانایانی ئیسلام دەڵێن: (تَمَنِّـي زَوَالِ نِعمَـةٍ عَـنْ مُسْـتَحَقٍّ لَـهَا) واتە: بە خۆزگە بخوازی نیعمەتێك لەسەر كەسێك لابچێ كە شایستەیەتی، وە دەربارەی وشەی: (غِبْطَة) خـاوەنی كتـێبی (مختـار الصـحاح) لـە لاپـەڕە (٤٧٧)، دەڵێ: (الغِبْطَةُ بالكَسْرِ أَن تَتَمَّنَى مِثْلَ حَال الْمَغْبُوطِ مِنْ غَيْرِ أَن تُرِيدَ زَوَالَهـا عَنْـهُ وَلَيْسَ بِحَسَدٍ) بە كەسری پیتی (غ)، ئەوەیە كە تۆ پێت خۆشبێ تـۆش وەك ئـەوت هەبێ بەبێ ئەوەی بتەوێ ئەو نیعمەتە لەسەر ئەو لابچێو نەمێنێ، كە ئەوە حەڕام نیە، لێرەدا مەبەست لە (حَسَد)، (غِبْطَة)یە.

بۆ نموونە: كەسێكە خەڵك خۆشی دەوێ، حورمەتو ڕێزێكی هەیە لە نێـو خـەڵك، تۆ پێت ناخۆشە ئەو حورمەتو ڕێزەی هەبێ، لەگەڵ ئەوەشـدا كـە شایسـتەیەتی، ئنجا جاری وایە سەرەڕای پێ خۆشبوونی ئەوەی كە ئەو نیعمەتەی لێ لابچێ كابرا هەوڵیش دەدات، واتە: زەمی دەكات، دەیەوێ بیشكێنێ لە نێو خەڵكو بە سووكی باسی دەكات، جاری وایە بوختانیشی بۆ هەڵدەبەستێ، ئەوە حەسەدە.

ڕاست دەكات ئەو كەسەی گوتوویەتی:

(كُلُّ العَدَاوةِ قَدْ تُرْجَى إِزَالَتُهَا ... إِلاَّ عَدَاوَةُ مَنْ عَادَاكَ مِنْ حَسَدٍ).

واتە: هەموو دوژمنایەتیەك دەگونجێ كۆتایی پێ بێ ... جگە لە دوژمنایەتی ئەو كەسەی كە لەبەر حەسوودی دژایەتیت دەكات، ئـەوە هـیچ چـارەی نیـە، چـونكە گوتراوە: (لا عِلاَجَ لِلْحَسَدِ، إِمَّا مَوْتَ الحَاسِدِ أَو الـمَحْسُودِ).

واتە: حەسوودی هیچ چارەسەری نیە، یان ئەوەتا دەبێ كەسی حەسـوود بمـرێو لـە كۆڵ بێتەوە، یان دەبێ كەسی حەسوودی پێ دەبرێ وەفات بفەرموێ.

---

١) تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، سوورەتی (النساء) ئایەتی: ٥٤.

قیامەت و لێپرسینەوە

٥٢-«أَوَّلُ مَنْ يُكْسَى مِنَ الْخَلاَئِقِ إِبْرَاهِيمُ»(١).

واتە: یەکەمین کەس لە نێو دروستکراوەکان (لە ڕۆژی دوایی) کە پۆشاك دەکرێ (پێغەمبەر) ئیبراهیمە (علیه السلام).

٥٣-«يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ القِيَامَةِ عَلَى أَرْضٍ بَيْضَاءَ عَفْرَاءَ كَقُرْصَةِ نَقِيٍّ لَيْسَ فِيهَا مَعْلَمٌ لأَحَدٍ»(٢).

واتە: لە ڕۆژی دوایی خەڵك لەسەر زەویەکی سپی کۆدەکرێنەوە، وەکو نانێکی سپی وایە، گوناهی لەسەر نەکراوە، وە هیچ کەسێك هیچ نیشانەیەکی نیە کە جیای بکاتەوە لەوانی تر.

٥٤-«مَنْ حُوسِبَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عُذِّبَ»(٣).

واتە: هەر کەسێك لێ پرسینەوەی لەگەڵ کرا لە ڕۆژی دوایی ئەوە ئازار دراوە.

ڕوونکردنەوە:

(دیارە ئەمە تەنیا پێشاندانی کردەوەکان دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی کە دەیەوێ دیفاعو بەرگری بکات، ئەوە حاڵی زۆر خراپەو موناقەشە کردن لەم ڕۆژەدا ماڵی خاوەنەکەی وێران دەکات، چونکە دەستو پێو چاو هەموو دێنە دوانو شایەتی بە

---

١) رَوَاهُ البُخَارِي: ٤٤٦٣، عَن إبْنِ عَبَّاس رضي الله عنه.
٢) رَوَاهُ البُخَارِي: ٦١٥٦، وَمُسْلِم: ٧٢٣٣، عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ رضي الله عنه.
٣) رَوَاهُ مُسْلِم: ٧٤٠٦، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا.

هـــەق دەدەن، وەك خـــوای پـــەروەردگار دەفـــەرموێ: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ نَخۡتِمُ عَلَىٰٓ أَفۡوَٰهِهِمۡ وَتُكَلِّمُنَآ أَيۡدِيهِمۡ وَتَشۡهَدُ أَرۡجُلُهُم بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾يس.

خوا ﷻ دەربارەیان لە مـــاڵی هەمیشـــەیی بێبڕوایـــان کـــە دۆزەخـــە فەرموویـــەتی: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ نَخۡتِمُ عَلَىٰٓ أَفۡوَٰهِهِمۡ ﴾ (واتە: ئەمڕۆ مۆر دەدەین بەســەر دڵەکانیانــدا)، بەوەی لاڵیان دەکەین، هیچ قسە ناکەن، توانایان نیە لــە نکــووڵی کردنــی ئــەوەی کردوویانــە لــە کــوفرو بێبڕوایــی، ﴿وَتُكَلِّمُنَآ أَيۡدِيهِمۡ وَتَشۡهَدُ أَرۡجُلُهُم بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴾ واتــە: ئەندامــەکانی جەســتەیان شــایەتیان لەســەر دەدەن بــەوەی کردوویانە، وە دەیانهێنێتە قسە کردن ئەو زاتەی هەموو شــتێکی هێناوەتــە قسـە کردن.

٥٥-«أَوَّلُ مَا يُقْضَى بَيْنَ النَّاسِ يَوْمَ القِيَامَةِ فِي الدِّمَاءِ»[(١)].

واتە: یەکەم شت لە ڕۆژی دوایی کە لێ پرسینەوەو دادوەری لەسەر دەکرێ: خوێنــە (واتە: کوشتنو خوێن ڕشتنە).

٥٦-«يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ القِيَامَةِ حُفَاةً عُرَاةً غُرْلاً، الأَمْرُ أَشَدُّ مِنْ أَنْ يَنْظُرَ بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ»[(٢)].

واتە: خەڵك لە ڕۆژی دوایی بە پێی پەتیو ڕووتیو خەتەنە نەکراوی دەبــردرێن بــۆ لێ پرسینەوە، وە کارەکەش زۆر لەوە سەختترە کە هەندێك تەماشای هەندێکی تــر بکەن.

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيّ: ٦٥٣٣، وَمُسْلِم: ١٦٧٨، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه، وَاللَّفْظُ لِمُسْلِم.

٢) رَوَاهُ مُسْلِم: ٧٣٧٧، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا.

٥٧-«إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ أُدْنِيَتِ الشَّمْسُ مِنَ الْعِبَادِ حَتَّى تَكُونَ قِيدَ مِيلٍ، أَوْ مِيلَيْنِ، قَالَ: فَتَصْهَرُهُمْ الشَّمْسُ فَيَكُونُونَ فِي الْعَرَقِ كَقَدْرِ أَعْمَالِهِمْ»[1].

واتە: لە ڕۆژی دواییدا خۆر لە بەندەکان نزیك دەکرێتەوە، تا لێیان نزیك دەبێ بە ئەندازەی میلێك، یان دوو میل، خۆرەکە دەیانتوێنێتەوە، هەر کەس بە پێی کردەوەکانیان لە نێو ئارەقە دان.

ڕوونکردنەوە:

زۆر کەس هەن وا دەزانن، هەموو کەس ئەوە حاڵیانە، بە باش‌و خراپەوە، بێگومان کە وانیە، چونکە سەرەتا دەبێ ئەوە بزانرێ کە قیامەت، ڕۆژی دوایی قۆناغ قۆناغە، لە قۆناغێکدا خوای پەروەردگار لە خەڵك ناپرسێتەوە، کە کاتی کۆکردنەوەیە جارێ تەنها کۆ دەکرێنەوە، بەڵام دوایی لە قۆناغێکی دیکە کە (عَرْض) واتە: ڕانواندن‌و لێپرسینەوە دێتە گۆڕێ، ئنجا وەك گوتمان هەموو خەڵك حاڵیان وەك یەك نیە هەر کەس بە پێی چاکی‌و خراپی لە نارەحەتی دایە، با سەرنجی قورئان بدەین‌و پەیوەستی بکەین بە فەرموودە شرینەکانی پێغەمبەری خوا:

خوا باسی مەشهەدێك‌و قۆناغێکی ڕۆژی دوایی دەکات، هەرگیز ناتوانرێ وێنا بکرێ لە زیهن‌و مێشك، دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا جَاءَتِ الصَّاخَّةُ ﴿٣٣﴾ يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ ﴿٣٤﴾ وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ ﴿٣٥﴾ وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ ﴿٣٦﴾ لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ ﴿٣٧﴾﴾عبس.

واتە: کاتێ کە ڕۆژی دوایی هات . ئەو ڕۆژەی کە مرۆڤ لە براکەی ڕادەکات . (وە لە) دایك‌و باوکی (ڕا دەکات) . (وە لە) هاوسەرو ڕۆڵەکانی (ڕا دەکات) . هەر یەك لەوانە لەم ڕۆژەدا سەرقاڵی کارێکی وایە، ناپرژێتە سەر کاری هیچ کەسێك .

---

١) صحيح: رَوَاهُ أَحْمَد: ٢٣٨٦٤، عَنْ المِقْدَاد رضي الله عنه، قال شعيب الأرنؤوط: إسناد صحيح، رجاله ثقات رجال الصحيح، غير "إبراهيم بن إسحاق الطالقاني" فقد روى له مسلم في مقدمة "صحيحه"، وَصَحَّحَهُ الألباني، انظر: "الصحيحة" رقم: ١٣٨٢.

سبحان الله! لەو ڕۆژەدا کە ئەوە حاڵی خەڵکانێکە، دەبێ کەسانێکیش هەبن جیاوازبن لەوان، ئەوەتا دەفەرموێ: ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ ﴿٣٨﴾ ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ ﴿٣٩﴾ ﴾عبس، واتە: زۆر کەس هەن لەو ڕۆژەدا ڕووخسار گەشاوەو جوانن . دەم بە پێکەنینو دڵخۆشن، ئا لێرەدا دەبێ پێغەمبەری خوا بە دایكو باوكەوە بە قوربانی بم بێتە دوانو تەفسیری ئەم حاڵەتەمان بۆ بکات، با سەرنجی فەرموودە شرینەکان بدەین:

«إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ : أَيْنَ الْمُتَحَابُّونَ بِجَلاَلِي، الْيَوْمَ أُظِلُّهُمْ فِي ظِلِّي يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلِّي»(١).

واتە: بێگومان لە ڕۆژی قیامەتدا خوای زاڵی پایەدار دەفەرموێ: کوان ئەوانەی لەبەر من یەکتریان خۆش دەویست، ئا لەم ڕۆژەدا دەیانخەمە ژێر سێبەری خۆم، کە هیچ سێبەرێك نیە لەم ڕۆژەدا جگە لە سێبەری من.

«سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ، الإِمَامُ الْعَادِلُ، وَشَابٌّ نَشَأَ بِعِبَادَةِ اللهِ، وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي الْمَسَاجِدِ، وَرَجُلاَنِ تَحَابَّا فِي اللهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ، وَرَجُلٌ دَعَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ، فَقَالَ: إِنِّي أَخَافُ اللهَ، وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ بِصَدَقَةٍ فَأَخْفَاهَا حَتَّى لاَ تَعْلَمَ يَمِينُهُ مَا تُنْفِقُ شِمَالُهُ، وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ»(٢).

واتە: حەوت جۆرە کەس هەن خوا دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە، لەو ڕۆژەدا کە هیچ سێبەرێك نیە جگە لە سێبەری خۆی، (ئەوانیش:) پێشەواو دەسەڵاتدارێکی

---

١) رَوَاهُ مُسْلِمٌ ٦٧١٣، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

٢) رَوَاهُ الْبُخَارِيّ: ٦٤٢١، وَمُسْلِم: ٢٤٢٧، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

دادگەر، وە گەنجێك كە گەنجێتییەكەی لە عیبادەتی خوادا بەسەر بردبێ، وە پیاوێك كە دڵی پەیوەست بێت بە مزگەوتەوە، وە دوو پیاو لەبەر خوا یەكدیان خۆشبوێو لەبەر خوا كۆببنەوەو لەبەر خوا لە یەكدی جیاببنەوە، وە پیاوێك ئافرەتێكی جوانو خاوەن دەسەڵات بانگی بكات (بۆ مەبەستی ئەنجامدانی كاری خراپ)، ئەویش بڵێ: من لە خوا دەترسم، وە پیاوێك خێرو چاكە بكات بە جۆرێك كە لای ڕاستی نەزانێ لای چەپی چی بەخشیوە (لە گێڕانەوەی دیكە هاتوە: لای چەپی نەزانێ لای ڕاستی چی بەخشیوە)، وە پیاوێك بە تەنیابێ لە شوێنێكی چۆڵ زیكرو یادی خوا بكاتو فرمێسك بە چاوەكانیدا بێنە خوار لە ترسی خوا.

«مَنْ أَنْظَرَ مُعْسِراً، أَوْ وَضَعَ لَهُ، أَظَلَّهُ اللهُ فِي ظِلِّ عَرْشِهِ يَومَ الْقِيَامَةِ»[1].

واتە: هەر كەسێك چاوەڕوانی قەرزارێكی تەنگ دەست بكات (كە نیەتی بیداتەوە لە كاتی دیاریكراو)، یاخود هەر لێی خۆشبێو وەرینەگرێتەوە، خوا دەیخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی لە ڕۆژی قیامەت.

بەڵێ بەڕێزان ئا ئەو جۆرە كەسانەن كە خوا لە كۆتاییەكانی سوورەتی (عبس)دا وەسفیان دەكات بەوەی كەوا زۆر كەس هەن لەو ڕۆژەدا ڕووخسار گەشاوەو جوانن . دەم بە پێكەنینو دڵخۆشن. اللهم اجعلنا منهم.. أمین.

١) صحيح: رَوَاهُ أَحْمَدُ: ٨٦٩٦، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم رجاله ثقات رجال الشيخين غير داود بن قيس فمن رجال مسلم.

٥٨-«إِنَّ أَوَّلَ مَا يُسْأَلُ عَنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَعْنِي العَبْدَ مِنَ النَّعِيمِ أَنْ يُقَالَ لَهُ: أَلَمْ نُصِحَّ لَكَ جِسْمَكَ، وَنُرْوِيَكَ مِنَ الْمَاءِ الْبَارِدِ»[١].

واته: یەکەمین شتێك لە نیعمەتەکان کە بەندە لە ڕۆژی دوایی پرسیاری لێ دەکرێتەوە ئەوەیە: پێی دەگوترێ: ئایا تەندروستی باشمان پێ نەبەخشی؟ ئایا ئاوی ساردمان پێنەدای؟!

٥٩-«إِنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي مَنْ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلَاةٍ، وَصِيَامٍ، وَزَكَاةٍ، وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ هَذَا، وَقَذَفَ هَذَا، وَأَكَلَ مَالَ هَذَا، وَسَفَكَ دَمَ هَذَا، وَضَرَبَ هَذَا، فَيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ، قَبْلَ أَنْ يُقْضَى مَا عَلَيْهِ أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ، ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ»[٢].

واته: مایە پووچ لە ئۆمەتی من کەسێکە لە ڕۆژی قیامەت دێ نوێژی هەیە، ڕۆژووی هەیە، زەکاتو صەدەقەی هەیە، بەڵام کە دێ جنێوی داوە بەمە، بوختانی بۆ ئەوە کردوە،ماڵی ئەوەی خواردوە، خوێنی ئەوی ڕشتوە، لەوی داوە، ئنجا لە چاکەکانی دەدرێ بەو خاوەن هەقانە تاکو هیچ چاکەی نامێنێ، ئنجا لە گوناهی خاوەن هەقەکان هەڵدەدرێتە سەر گوناهەکانیو بە گوناهەوە فڕێ دەدرێتە نێو دۆزەخ.

---

١) صحيح: رَوَاهُ التِّرمِذِيّ: ٣٣٥٨، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، انظر: "صحيح الترمذي" رقم: ٢٦٧٤.
٢) رَوَاهُ مُسْلِم: ٦٥٢٢، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ.

٦٠-«لا تَزُولُ قدمَا عَبْدٍ يَوْمَ القِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ: عَنْ عُمُرِهِ فِيمَا أَفْنَاهُ؟ وَعَنْ عِلْمِهِ فِيمَ فَعَلَ؟ وعَنْ مَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ؟ وَفِيمَ أَنْفَقَهُ؟ وَعَنْ جِسْمِهِ فِيمَ أَبْلاَهُ؟»[١].

واتە: دوو پێی هیچ بەندەیەك لە ڕۆژی قیامەتدا (لە بەردەم دادگای خوای پەروەردگاردا) ناجووڵێ تاكو پرسیاری لێ نەكرێ: دەربارەی تەمەنی كە لە چیدا بە ڕێ كردوە؟ لە زانیاریەكەی چەندەی كار پێكردوە؟ وە لەو ماڵو سامانەی كە هەیەتی چۆنی بە دەست هێناوە؟ چۆنیشی خەرج كردوە؟ وە جەستەی لە چیدا پیر كردوەو تەواو كردوە؟!

١) صَحِيح: رَوَاهُ التِّرمِذِيُّ: ٢٤١٧، عَنْ أَبِي بَرْزَةَ الأَسْلَمِيِّ ﵁، انظر: "صحيح الترغيب والترهيب" رقم: ١٢٦.

ستەمكاریی (الظُّلْم)[1]

(الظُّلْمُ: وَضْعُ الشَّيْءِ فِي غَيْرِ مَوْضِعِهِ، أَو تَجَاوُزُ الْحَدِّ)، واتە: ستەم: بریتیە لەوەی كە شتێك لە غەیری شوێنی خۆی دابنێی، یاخود بریتیە لە سنوور بەزاندن، جا كەسێك بێ لە جێی تەوحید ئیمان بە شیرك بێنێ، وە ئایەتەكانی خوا بە ڕاست دانەنێ، بە تەئكید ئەوە شتێكی زۆر بێ جێی كردوە، وە لە هەمان كاتیشدا سنووریشی بەزاندووەو سنوور شكێنی كردوە.

ستەم (ظُلْم) سێ بەشە:

(١)- زوڵمی مرۆڤ لە نێوان خۆیو خوادا، وەك: شیركو كوفرو نیفاقو تاوانو سەرپێچی، وەك لوقمان بە كوڕەكەی گوت: ﴿وَإِذْ قَالَ لُقْمَٰنُ لِٱبْنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾﴾لقمان.

بەڵێ، گەورەترین زوڵم ئەوەیە كە تۆ هاوبەشی بۆ خوا پەیدابكەیو، غەیری ئەو بپەرستی. كەچی ئەو تۆی دروست كردوە.

(٢)- زوڵمی مرۆڤ لە نێوان خۆیو خەڵكدا، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَظْلِمُونَ ٱلنَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤٢﴾﴾ الشوری.

(٣)- زوڵم لە خۆ كردن، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌۢ بِٱلْخَيْرَٰتِ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْكَبِيرُ ﴿٣٢﴾﴾فاطر، دیارە ستەم لە خۆ كردن هەردوو بەشەكانی دیكەش دەگرێتەوەو هەر

---

١) تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، سوورەتی (البقرة) ئایەتەكانی: (١٣٥ تا ١٤١).

گوناهێك بكەی ستەمت لە خۆت كردوە، چ شیرك بێت، چ مافی خەڵك پێشێل بكەی، چ واجبێكی خوای پەروەردگار بچوێنی، یاخود قەدەغەیەكی بشكێنی، هەمووی بریتیە لە گوناهێكو لە ستەمێك كە بەرانبەر بە خۆت دەیكەی.

٦١-«انْصُرْ أَخَاكَ ظَالِمَاً أَوْ مَظْلُومَاً، إِنْ يَكُ ظَالِمَاً فَارْدُدْهُ عَنْ ظُلْمِهِ، وَإِنْ يَكُ مَظْلُومَاً فَانْصُرْهُ»[١].

واتە: براكەت سەربخەو پشتی بگرە ستەمكار بێ، یان ستەم لێكراو، جا ئەگەر ستەمكار بوو (دەستی بگرە) ڕێ مەدەو مەهێڵە ستەم بكات، وە ئەگەر ستەم لێكراو بوو پشتگیری بكەو سەری بخە.

٦٢-«إِنَّ اللهَ لَيُمْلِي لِلظَّالِمِ، حَتَّى إِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ»[٢].

واتە: خوا ماوەی ستەمكار دەدات، هەتا دەیگرێ، ئیدی كە گرتی دەرچوونی بۆ نیەو بەری نادات.

٦٣-«اتَّقُوا الظُّلْمَ، فَإِنَّ الظُّلْمَ ظُلُمَاتٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ»[٣].

واتە: خۆتان بپارێزن لە ستەم كردن، چونكە ستەم تاریكایی یەكانی ڕۆژی دواییە.

٦٤-«مَنْ اقْتَطَعَ شِبْرَاً مِنَ الأَرْضِ ظُلْمَاً، طَوَّقَهُ اللهُ إِيَّاهُ يَوْمَ القِيَامَةِ مِنْ سَبْعِ أَرَضِينَ»[٤].

واتە: هەر كەسێك بستێك لە زەوی خەڵكی دابڕێ بە ستەم دەست بەسەردا بگرێ، ئەوە لە ڕۆژی دوایی خوا لە هەر حەوت چینی زەوی دەیباتە خوارەوە.

---

١) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٦٥٥٢، عَنْ أَنَسٍ ﷺ، اللَّفظُ للإِبْنُ عَسَاكِرٍ عَنْ جَابِرٍ رضي الله عنه.
٢) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٤٦٨٦، وَمُسْلِم: ٢٥٨٣، عَنْ أَبِي مُوسَى رضي الله عنه.
٣) رَوَاهُ مُسْلِمٌ: ٦٥١٩، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رضي الله عنه.
٤) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٣١٩٨، وَمُسْلِم: ١٦١٠، وَاللَّفظُ لِمُسْلِم، عَنْ سَعِيدِ بْنِ زَيْدٍ رضي الله عنه.

٦٥-«إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ، وَإِنَّهُ يَأْتِينِي الْخَصْمُ، فَلَعَلَّ بَعْضَكُمْ أَنْ يَكُونَ أَبْلَغَ مِنْ بَعْضٍ، فَأَحْسَبُ أَنَّهُ صَادِقٌ فَأَقْضِي لَهُ، فَمَنْ قَضَيْتُ لَهُ بِحَقِّ مُسْلِمٍ فَإِنَّمَا هِيَ قِطْعَةٌ مِنَ النَّارِ، فَلْيَحْمِلْهَا أَوْ يَذَرْهَا»[1].

واته: بێگومان منیش مرۆڤم، ئنجا جاری وایە دێنە لام بۆ کێشەیەك (کە لە نێوانتانە) لەوانەیە هەندێکتان قسەی ڕەوانترو زمانی پاراوتر بێ لە هەندێکتان، وە منیش وا دەزانم ڕاست دەکاتو هەقی پێدەدەم کەچی ئەوە هەقی مسوڵمانێکی دیکەیە، بەڵام بێگومان ئەوە پارچەیەکە لە ئاگر، جا با هەڵیبگرێ، یاخود وازی لێبێنێ.

٦٦-«يَخْلُصُ الْمُؤْمِنُونَ مِنَ النَّارِ، فَيُحْبَسُونَ عَلَى قَنْطَرَةٍ بَيْنَ الجَنَّةِ وَالنَّارِ، فَيُقْتَصُّ لِبَعْضِهِمْ مِنْ بَعْضٍ مَظَالِمُ كَانَتْ بَيْنَهُمْ فِي الدُّنْيَا، حَتَّى إِذَا هُذِّبُوا وَنُقُّوا أُذِنَ لَهُمْ فِي دُخُولِ الجَنَّةِ، قَالَ: فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لأَحَدُهُمْ أَهْدَى بِمَنْزِلِهِ فِي الجَنَّةِ مِنْهُ لِمَنْزِلِهِ كَانَ فِي الدُّنْيَا»[2].

واته: کە بڕواداران لە ئاگر دەرباز دەبن (یانی: کاتێ بەسەر پشتی دۆزەخ تێپەڕ دەبن)، لە شوێنێك ڕادەگیرێن لە نێوان دۆزەخو بەهەشت تۆڵەیان بۆ وەردەگیرێتەوە، لە هەندێ لەو ستەمو دەستدرێژییانەی کە لە دونیا بەرانبەر یەکدی کردوویانە، هەتا پاك دەبنەوە، دوای پاك بوونەوە مۆڵەتیان پێدەدرێ کە بچنە بەهەشت، ئنجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: سوێند بە الله کە گیانی منی بە دەستە، یەکێك لەوان بۆ جێگەو ڕێگەکەی خۆی لە بەهەشت شارەزاترە کە لە دنیادا دەچێتەوە ماڵی خۆی.

---

١) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ: ٢٤٥٨، وَمُسْلِم: ٤٤٤٨، عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا.

٢) رَوَاهُ الْبُخَارِيّ: ٢٤٤٠، عَنْ أَبي سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ رضي الله عنه.

٦٧-«مَن اِقْتَطَعَ حَقَّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ بِيَمِينِهِ، فَقَدْ أَوْجَبَ اللهُ لَهُ النَّارَ، وَحَرَّمَ عَلَيْهِ الجَنَّةَ، فَقَالَ لَهُ رَجُلٌ: وَإِنْ كَانَ شَيْئًا يَسِيرًا يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: وَإِنْ قَضِيبٌ مِنْ أَرَاكٍ»(١).

واتە: هەر کەس ماڵی مسوڵمانێك بە سوێند (ی درۆ) بۆ خۆی دابڕێ، ئـەوە خـوا ئاگری بۆ پێویست کردوە، وە بەهەشتیشــی لێ قەدەغـە کـردوە! پیاوێـك گـوتی: ئەگەر شتێکی کەمیش بێ، ئەی پێغەمبەری خوا!؟ فـەرمووی، سـیواکێکیش بـێ (لە داری ئەراك).

٦٨-«لِكُلِّ غَادِرٍ لِوَاءٌ يَوْمَ القِيَامَةِ، يُقَالُ: هَذِهِ غَدْرَةُ فُلَانٍ»(٢).

واتە: هەموو کەسێکی غـەدرکارو سـتەمکار لـە ڕۆژی دوایـی ئاڵایـەکی هەیـە، دەگوترێ: ئەوە فلاّن غەدر کارە.

٦٩-«اتَّقُوا دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ، وَإِنْ كَانَ كَافِرًا فَإِنَّهُ لَيْسَ دُونَهَا حِجَابٌ»(٣).

واتە: خۆتان بپارێزن لە دووعای ستەم لێکراو ئەگەر هاتوو کـافریش بـوو، چـونکە هیچ پەردەیەك نیە لە نێوان (دووعاو قبووڵ بوونەکەی).

٧٠-«دَعْوَةُ المَظْلُومِ مُسْتَجَابَةٌ، وَإِنْ كَانَ فَاجِرًا فَفُجُورُهُ عَلَى نَفْسِهِ»(٤).

واتە: دووعای ستەم لێکراو وەڵام دەدرێتەوە ئەگـەر کەسـێکی خراپـەکاریش بـێ، چونکە خراپەکەی تەنیا بۆ خودی خۆیەتی.

١) رَوَاهُ مُسْلِم: ٣٥١، عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْحَارِثِيُّ رضي الله عنه.

٢) رَوَاهُ مُسْلِم: ٤٦٣١، عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه.

٣) حَسَنٌ: رَوَاهُ أَحْمَدُ: ١٢٥٧١، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه، وَحَسَّنَهُ الألباني، قَالَ: وَلَهُ شَاهِد بِلَفْظ: "دعوة المظلوم مستجابة، وإن كان فاجرا؛ ففجوره على نفسه"، ولكن ضَعَّفَهُ شُعيب الأرنؤوط.

٤) حَسَنٌ: رَوَاهُ أَحْمَد: ٧٦٧، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، انظر: "الصحيحة" رقم: ٧٦٧.

بەهەشتو بەهەشتیەکان و سیفەتەکانیان

٧١-«إنَّ فِي الجنَّةِ مِائَةُ دَرَجةٍ، مَا بَيْنَ كُلِّ دَرَجَتَيْنِ كَمَا بَيْنَ الأَرْضِ وَالسَّمَاءِ، وَالْفِرْدَوْسُ أَعْلاَهَا دَرَجَةً، وَمِنْهَا تُفَجَّرُ أَنْهَارُ الجَنَّةِ الأَرْبَعَةُ، وَمِنْ فَوْقِهَا يَكُونُ الْعَرْشُ فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللهَ، فَسَلُوهُ الفِرْدَوْسَ»[(١)].

واتە: بە دڵنیایی لە بەهەشت سەد پلە هەیە، نێوانی هەردوو پلە، بە ئەندازەی نێوان زەویو ئاسمانە، وە فیردەوس بەرزترین پلەیە، لەوێوە چوار ڕووبارەکە هەڵدەقوڵێن: (ئاوی سافو سازگار، هەنگوین، شەراب، شیر) وە لە سەرووی فیردەوسەوە عەرش هەیە، بۆیە ئەگەر پاڕانەوە لە خوا، داوای فیردەوس بکەن.

٧٢-«الجَنَّةُ: لَهَا ثَمَانِيَةُ أَبْوَابٍ، وَالنَّارُ: لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَابٍ»[(٢)].

واتە: بەهەشت: هەشت دەرگای هەیە، وە دۆزەخیش حەوت دەرگای هەیە.

٧٣-«إنَّ فِي الجَنَّةِ لَشَجَرَةً، يَسِيرُ الرَّاكِبُ فِي ظِلِّهَا مِائَةَ سَنَةٍ، وَاقْرَءُوا إِنْ شِئْتُمْ»: ﴿وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ ۝٣٠﴾الواقعة[(٣)].

واتە: لە بەهەشتدا درەختێ وا هەیە کە سوارێك سەد ساڵ بە ژێر سێبەرەکەیدا دەڕوا تەواوی ناکات، (پاشان فەرمووی) ئەگەر دەتانەوێ ئەم ئایەتە بخوێننەوە:

﴿وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ ۝٣٠﴾الواقعة، واتە: وە سێبەرێکی لێك کێشراوەی دوورو درێژ.

٧٤-«يَدْخُلُ الجَنَّةَ أَقْوَامٌ أَفْئِدَتُهُمْ مِثْلُ أَفْئِدَةِ الطَّيْرِ»[(٤)].

واتە: کۆمەڵێك دەچنە بەهەشت، دڵیان وەك دڵی باڵندەیە.

---

١) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٢٦٣٧، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁، وَالتِّرمِذِيّ: ٢٥٣١، عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ﵁، وَاللَّفْظُ لَهُ.
٢) صحيح: رَوَاهُ ابْنُ سَعْدٍ ج٧، ص٤٣٠، عَنْ عُتْبَةَ بْنِ عَبْدٍ ﵁، انظر "الصحيحة" رقم: ١٨١٢.
٣) رَوَاهُ البُخَارِيُّ: ٣٢٥٢، وَمُسْلِمٌ: ٢٨٢٨، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁.
٤) رَوَاهُ مُسْلِم: ٧٣٤١، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁.

ڕوونکردنەوە:

مەبەست لێرەدا ئەوەیە دڵیان وەك دڵی باڵندە ناسكو لاوازە، لەو لایەنەی كە ترسی خوایان زۆر لە دڵە، وە باڵندە یەكێكە لەو ئاژەڵانەی كە خوا وای دروست كردوە زۆر بە ترسەو لە هەموو شت دەترسێو، ڕادەچڵەكێ، جا كەسی وا هەیە هەر ناوی خوا دێ دەست بە گریان دەكات، كەسی وا هەیە دوو سیفەتی پێغەمبەری خوای ﷺ بۆ باس بكەن، ئیتر ئەوە خۆی بۆ ناگیرێو خەریكە دڵی لە كار بكەوێو، فرمێسك لە چاوانی ڕاناوەستێ، ئا ئەوانە كەسانی زۆر تایبەت مەندن لە لای خوای پەروەردگار.

خوێنەری خۆشەویست!

ئەگەر چاو بە سیرەو ژیاننامەی هاوەڵانو شوێنكەوتووانیاندا بگێڕیەوە، كەسانی وات زۆر دەكەونە بەر چاو، كە فیعلەن دڵیان وەك دڵی باڵندە بووە لە ناسكیو نەرمی، خوا لەو كەسانەمان بگێڕێ.

پێشەوا حەسەنی بەسریی[1] دەڵێ: هاوەڵیەتی كەسانێكم كردوە، ئێوە چەند ترستان هەیە بە هۆی گوناهەكانتانەوە سزا بدرێن، ئەوان زیاتر لە ئێوە ترسیان هەبوو چاكەكانیان بە چاودا بدرێتەوەو لێیان قبوول نەكرێ.

٧٥-«أَهْلُ الْجَنَّةِ جُرْدٌ مُرْدٌ كُحلٌ، لا يَفْنَى شَبَابُهمْ، وَلا تَبْلَى ثِيَابُهُمْ»[2].

واتە: خەڵكی بەهەشت نە جەستەیان مووی پێوەیە، نە ڕووخساریان ڕیشی پێوەیە، چاویان ڕەش كراوە، هەرگیز گەنجێتیان لە نێو ناچێو، پۆشاكیان كەونو شڕ نابێ.

---

١) من "مواعظ ابن الجوزي" ص ٩١، بترقيم الشاملة.

٢) حسن: رَوَاهُ التِّرمِذّي: ٢٥٣٩، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ٢٥٢٥.

٧٦-«إِنَّ أَهْلَ الْجَنَّةِ يَأْكُلُونَ فِيهَا وَيَشْرَبُونَ، وَلا يَتْفُلُونَ وَلا يَبُولُونَ وَلا يَتَغَوَّطُونَ وَلا يَمْتَخِطُونَ، قَالُوا: فَمَا بَالُ الطَّعَامِ؟ قَالَ: جُشَاءٌ وَرَشْحٌ كَرَشْحِ الْمِسْكِ، يُلْهَمُونَ التَّسْبِيحَ وَالتَّحْمِيدَ كَمَا تُلْهَمُونَ النَّفَسَ»[(١)].

واتە: ئەهلی بەهەشت دەخۆنو دەخۆنەوە، بەڵام نە تفیان هەیە، نە میزیان هەیە، نە پیساییان هەیە، نە بەڵغەمو چڵمیان هەیە، گوتیان: ئەدی ئەو خواردنو خواردنەوەی دەیخۆن چی لێدێ؟ فەرمووی: دەبێتە قرپو ئارەقە وەك بۆنی میسك وایە (كە قرپیان دێتەوە، وە ئەو ئارەقەی كە لە بەدەنیان دەردەچێ، بۆنەكەی وەك میسكە كە خۆشترین بۆنە)، وە خوا بە پاك دەگرنو ستایشی دەكەن، وەك چۆن ئێوە هەناسە دەدەن، بەبێ ماندوو بوون.

ڕوونكردنەوە:

دیارە ئەو حاڵەتانەی بۆ ئەهلی دونیا هەن لە ژیانی دونیادا وەك هەبوونی پاشەڕۆو ئەو كەمو كوڕیانەی دیكە كە هەن زادەی ئەو جەستە ماددیەن كە بۆ دونیا دروست كراوە، بەڵام لە بەهەشت دا ئەهلی بەهەشت بە پیاوو ئافرەتەوە، ڕووحێكی زۆر پاكو جەستەیەكی زۆر پتەوو چاكیشیان دەبێ، كە ئەو كەمو كوڕییانەی كە لە ڕووحو جەستەی دونیادا پەیدا دەبن لەوێ پەیدا نابن.

١) رَوَاهُ مُسْلِم: ٧٠٨١، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدالله ﷺ، واللَّفْظُ لأَحْمَد رَحِمَهُ الله.

٧٧-«عَنْ رَبِيعَةَ بْنِ كَعْبٍ ﷺ قَالَ: كُنْتُ أَبِيتُ مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ، فَأَتَيْتُهُ بِوَضُوئِهِ وَحَاجَتِهِ، فَقَالَ لِي: سَلْنِي، فَقُلْتُ: أَسْأَلُكَ مُرَافَقَتَكَ فِي الْجَنَّةِ؟ قَالَ: أَوَ غَيْرَ ذَلِكَ قُلْتُ: هُوَ ذَاكَ، قَالَ: فَأَعِنِّي عَلَى نَفْسِكَ بِكَثْرَةِ السُّجُودِ»[1].

واتە: ڕەبیعەی کوڕی کەعب خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: شەوێك لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ بووم، ئاوی دەستنوێژم بۆ دەهێنا، پێداویستیەکانم بۆ دەهێنا خزمەتم دەکرد، پێی گوتم داوام لێ بکە چ شتێکت لە من دەوێ؟ منیش گوتم: داوات لێدەکەم لە بەهەشت ڕەفیقی تۆ بم! فەرمووی: جگە لەوە چی دیکە؟ دەڵێ گوتم: هەر ئەوە فەرمووی: کەواتە: یارمەتیم بدە لەسەر خۆت بە زۆر سوجدە بردن.

٧٨-«حُفَّتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ، وَحُفَّتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ»[2].

واتە: بەهەشت بە ناڕەحەتیان پەرژین کراوە، دۆزەخیش بە ئارەزووەکان پەرژین کراوە.

ڕوونکردنەوە:

واتە: کەسێك بیەوێ بەرەو بەهەشت بڕوا دەبێ تەحەممولی سەختیو ناڕەحەتی زۆر بکات کە لە جێ بەجێکردنی واجبەکانو خۆ گرتنەوە لە قەدەغەکان، خۆی دەنوێنێ، بەڵام کەسێك بە دوای ئارەزووەکانی بکەوێ ئەوە شووراو پەرژینی دۆزەخ دەبڕێو دەچێتە نێو دۆزەخەوە.

---

١) رَوَاهُ مُسْلِم: ١١٢٢.

٢) رَوَاهُ مُسْلِم: ٧٠٦١، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ.

٧٩-«إِنَّمَا نَسمَةُ الْمُؤْمِنِ طَائِرٌ يَعْلُقُ فِي شَجَرِ الجَنَّةِ، حَتَّى يُرْجِعَهُ اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى إِلَى جَسَدِهِ يَوْمَ يَبْعَثُهُ»[١].

واتە: ڕووحی ئیماندار باڵندەیەكە خۆی بە درەختەكانی بەهەشت هەڵدەواسێ، هەتاكو خوا تبارك وتعالى دەیگێڕێتەوە بۆ نێو جەستەكەی لە ڕۆژێك دا كە زیندووی دەكاتەوە.

٨٠-«عَنْ أَبي أيُّوب ﵁ أَنَّ رَجُلاً قَالَ للنَّبيِّ ﷺ: أَخْبِرْنِي بِعَمَل يُدْخِلُنِي الجَنَّةَ، قَالَ: «تَعْبُدُ اللّهَ، وَلاَ تُشْرِكُ بِهِ شَيْئاً، وَتُقِيمُ الصَّلاَةَ، وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ، وَتَصِلُ الرَّحِمَ»[٢].

واتە: ئەبو ئەیوب خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پیاوێك بە پێغەمبەری ﷺ گوت: هەواڵم پێبدە بە كردەوەیەك (كە بیكەمو) بمباتە بەهەشتەوە، فەرمووی: خواپەرستەو هیچ شتێكی بۆ بە هاوەڵ دامەنێ، وە نوێژ بەرپابكەو چاك ئەنجامی بدە، زەكاتیش لە ماڵەكەت دەربكە، وە پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بهێنە (واتە: ئەوانە سیفەتی بەهەشتیانە).

٨١-«سُئِلَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ عَنْ أَكْثَرِ مَا يُدْخِلُ النَّاسَ الجَنَّةَ؟ فَقَالَ: «تَقْوَى اللّهِ، وَحُسْنُ الخُلُقِ»، وَسُئِلَ عَنْ أَكْثَرِ مَا يُدْخِلُ النَّاسَ النَّارَ؟ فَقَالَ: «الفَمُ وَالفَرْجُ»[٣].

واتە: پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ كرا لە باشترین شتێك كە زۆرترینی خەڵكی دەخاتە بەهەشتەوە؟ فەرمووی: پارێزكاریی‌و ڕەوشتی جوانە، وە پرسیاری لێكرا لەوە كە چ شتێك زۆرترینی خەڵكی دەخاتە دۆزەخ؟ فەرمووی: زمان‌و داوێن.

١) صحيح: رَوَاه أَحْمَد: ١٥٨١٦، كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ ﵁، وَقَالَ شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ صَحِيح.
٢) رَوَاه البُخَارِيُّ: ١٣٣٢، وَمُسْلِمٌ: ١٣.
٣) رَوَاهُ البُخَارِيُّ فِي "الأدب المفرد": ٢٩٤، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁.

ڕوونکردنەوە:

واتە: ئەو گوناهانەی کە بـە دەمو زمـان دەکـرێن، وەك درۆو بوختـانو غەیبـەتو شیركو كوفرو ... هتد، وە ئەو گوناهانەی كە بە داوێن دەكرێن، كە دیـاره داوێـن پیسییو زینای پێ دەكرێ.

٨٢-«أَيُّهَا النَّاسُ أَفْشُوا السَّلامَ، وَأَطْعِمُوا الطَّعَامَ، وَصِلُوا الأَرْحَامَ، وَصَلُّوا بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ، تَدْخُلُوا الجَنَّةَ بِسَلامٍ»[1].

واتە: ئەی خەڵكینـە! سـڵاو بڵاوبكەنـەوە، خـواردن بـدەن بـە خـەڵك، پەیوەنـدی خزمایەتی بگەیەنن، بە شەو كە خەڵك خەوتووە نوێژ بكەن، بە سەلامەتی دەچـنە بەهەشت.

٨٣-«عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِاللهِ ﷺ، قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ جُلُوسًا فَنَظَرَ إِلَى الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ، لَيْلَةَ أَرْبَعَ عَشْرَةَ فَقَالَ: «إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ كَمَا تَرَوْنَ هَذَا لَا تُضَامُّونَ فِي رُؤْيَتِهِ»[2].

واتە: جەریری كوڕی عەبدوڵڵا خوا لێی ڕازی بێ، گوتی: ئێمە لەگـەڵ پێغەمبـەری خوا ﷺ دانیشتبووین، تەماشای مانگی كرد لە شـەوی چـواردەدا، فـەرمووی: بـە دڵنیایی ئێوە پەروەردگاری خۆتان دەبینن وەكو چۆن مـانگ لـە شـەوی چـواردەدا دەبینن بە ڕوونی، وە كۆنابنەوەو قەرەباڵغی دروست نابێ بۆ تەماشا كردنی خـوای پەروەردگار.

١) صحيح: رَوَاهُ إِبْنُ مَاجَهْ: ١٣٣٤، عَنْ عَبدِاللهِ بْنِ السَّلامٍ ﷺ انظر: "صحيح الترغيب والترهيب" رقم: ٦١٦.
٢) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٥٢٩.

٨٤-«كُلُّ أُمَّتِي يَدخُلُونَ الجَنَّةَ إِلاَّ مَنْ أَبَى، قِيلَ: وَمَنْ يَأْبَى يَا رَسُولَ اللّٰه؟ قَالَ: مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الجَنَّةَ، وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى»[١].

واتە: هەموو ئۆمەتی مـن دەچنە بەهەشـت مەگـەر کەسێك پشـت هـەڵبکات، گوتیان: کێ پشت هەڵدەکات؟ فەرمووی: هەر کەسێك فەرمانبـەریی مـن بکـات دەچێتە بەهەشت، وە هەر کەسێك سەرپێچی فەرمانی من بکات بێگومـان پشـتی هەڵکردوە لە چوونە بەهەشت، (واتە: ڕەتی دەکاتەوە).

٨٥- «عَنْ عُتْبَةَ بْنَ عَبْدٍ السُّلَمِيِّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ يَقُولُ: جَاءَ أَعْرَابِيٌّ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَسَأَلَهُ عَنِ الحَوْضِ، وَذَكَرَ الجَنَّةَ؟ ثُمَّ قَالَ: الأَعْرَابِيُّ فِيهَا فَاكِهَةٌ؟ قَالَ: نَعَمْ، وَفِيهَا شَجَرَةٌ تُدْعَى طُوبَى»[٢].

واتە: عوتبەی کوڕی عەبدی سولەمی خـوا لێـی ڕازی بـێ، دەڵـێ: عـەرەبێکی دەشـتەکی هاتـە خزمـەت پێغەمبـەر ﷺ پرسـیاری لێکـرد دەربـارەی حـەوز (ی کەوسەر)، وە باسی بەهەشتی کرد، پاشـان (پیـاوە) خێلەکیەکـە گـوتی: ئایـا لـە بەهەشتدا میوە هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، درەختێکی تێدایە پێی دەگوترێ: طوبا.

---

١) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٦٨٥١، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.
٢) صحيح: رَوَاهُ أَحْمَد: ١٧٦٧٩، قال شعيب الأرنؤوط: حَدِيثٌ صَحِيحٌ لِغَيْرِهِ.

قسەیەکی خۆش
دەربارەی ژن و پیاوێك

یەکێك لە موفەسیرینی قورئان[(١)] بەسەرهاتێکی هێناوە، قسەیەکی خۆشە دەربارەی ژنو مێردێك دەگێڕێتەوە:

دەڵێ: عیمرانی کوڕی حیتانی خارجی (پیاوێك بووە لە خەواریجەکان) کەسێکی زۆر ڕەش پێست بووە، (ڕەش پێستێکی زۆر تۆخ بووە)، وە خێزانێکیشی هەبووە زۆر جوان بووە:

دەڵێ: ڕۆژێ خێزانەکەی تەماشای مێردەکەی خۆی دەکاتو چاوی پێدا دەگێڕێ!!

دوایی دەڵێ: (الحمد لله) ستایش بۆ خوا..

مێردەکەشی لێی دەپرسێ: ژنەکە بۆچی وات گوت؟! بۆچی سوپاسو ستایشی خوات کرد؟ (وەك بڵێی هەستی پێکردبێ ئەم زیکرە شتێکی تێدابێت)!!

ژنەکە دەڵێ: وەڵڵاهی پیاوەکە، سوپاسی خوام کرد لەسەر ئەوەی کە منو تۆ هەردووکمان بەهەشتین!

پیاوەکە دەڵێ: چۆن زانیت بەهەشتین؟

ژنەکە دەڵێ: تۆ منت بە نسیب بووە، وە سوپاسی خوات کردوە، کە بۆ خۆت هێندە ڕەشیو، ئافرەتێکی هێندە جوانت بە نسیب بووە، منیش کە تۆم بە نسیب بووە (واتە: هێندە ناشیرینیشی)، بەڵام صەبرم لەسەر گرتووی! ئێ خوای گەورەش بەڵێنی داوە کە سوپاسگوزارانو ئارام گران ئەهلی بەهەشتن!

ئەوەش بۆ دڵخۆشیتان..

---

١) زەمەخشەری لە تەفسیرەکەی خۆی بە ناوی: (الکشاف) لە بەرگی (١) لاپەڕە (٤٢٨) هێناویەتی.

دۆزەخ و دۆزەخیەکان و سیفەتەکانیان

٨٦-«نَارُكُمْ هَذِهِ الَّتِي يُوقِدُ ابْنُ آدَمَ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءاً مِنْ حَرِّ جَهَنَّمَ»[١].

واتە: ئەو ئاگرەتان کە مرۆڤ دایدەگیرسێنێ، (گەرمیەکەی) بەشێکە لە حەفتا بەشی گەرمی (ئاگری) دۆزەخ.

٨٧-«إِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا مَاتَ عُرِضَ عَلَيْهِ مَقْعَدُهُ بِالْغَدَاةِ، وَالعَشِيِّ، إِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ فَمِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ، وَإِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ فَمِنْ أَهْلِ النَّارِ، يُقَالُ: هَذَا مَقْعَدُكَ حَتَّى يَبْعَثَكَ اللهُ إِلَيْهِ يَوْمَ القِيَامَةِ»[٢].

واتە: هەر کات کە یەکێکتان مرد بەیانیان و ئێواران شوێنی خۆی پێشان دەدرێ، ئەگەر ئەهلی بەهەشت بێ، ئەوە لە بەهەشتیەکانەو، ئەگەر ئەهلی دۆزەخ بوو، ئەوە لە دۆزەخیەکانە، پێی دەگوترێ ئەمە شوێنی تۆیە هەتا خوا لە ڕۆژی دوایی زیندووت دەکاتەوە بۆی.

٨٨-«كُلُّ أَهْلِ النَّارِ يَرَى مَقْعَدَهُ مِنَ الجَنَّةِ، فَيَقُولُ: لَوْ أَنَّ اللهَ هَدَانِي فَيَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً، قَالَ: وَكُلُّ أَهْلِ الجَنَّةِ يَرَى مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ، فَيَقُولُ: لَوْلا أَنَّ اللهَ هَدَانِي، قَالَ: فَيَكُونُ لَهُ شُكْرًا»[٣].

واتە: هەموو دۆزەخیەك جێگەی خۆی دەبینێ لە بەهەشتدا، دەڵێ: ئەگەر (کردەوەی چاکم کردبان و) خوا ڕێنمایی کردبام ئەوە جێگەو ڕێگەی من بوو، کە ئەمە مایەی خەم و خەفەتە بۆیان، وە هەموو بەهەشتیەکیش جێگەی خۆی دەبینێ لە دۆزەخدا، دەڵێ: ئەگەر خوا ڕێنمایی نەکردبام، ئەوە جێگەو ڕێگەم دەبوو، ئەوەش دەبێتە (دڵخۆشیی و) سوپاسگوزاریی بۆی.

١) رَوَاهُ مُسْلِم: ٧٣٤٤، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.
٢) رَوَاهُ مُسْلِم: ٧٣٩٠، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.
٣) صحيح: رَوَاهُ أَحْمَد: ١٠٦٦٠، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قال شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ صَحِيح عَلَى شَرْط البُخَارِي.

٨٩-« وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لَا يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الأُمَّةِ يَهُودِيٌّ، وَلَا نَصْرَانِيٌّ، ثُمَّ يَمُوتُ، وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ، إِلَّا كَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ»[1].

واتە: سوێند بەو كەسەی كە گیانی موحەممەدی بە دەستە (سوێندی پێغەمبەر ﷺ بە زۆری ئاوا بووە) گوێ بیستی (ناوی) من نابێ لەم ئۆممەتە، هیچ كەسێكی جوولەكەو نەصرانیی، پاشان ئیمان بەوە نەهێنێ كە پێمدا ڕەوانە كراوە، ئەوە مسۆگەر دەچێتە دۆزەخو هاوەڵی دۆزەخە.

٩٠-«إِذَا قَرَأَ ابْنُ آدَمَ السَّجْدَةَ فَسَجَدَ، اعْتَزَلَ الشَّيْطَانُ يَبْكِي، يَقُولُ: يَا وَيْلَهُ! أُمِرَ ابْنُ آدَمَ بِالسُّجُودِ فَسَجَدَ فَلَهُ الجَنَّةُ، وَأُمِرْتُ بِالسُّجُودِ فَأَبَيْتُ فَلِي النَّارِ»[2].

واتە: كاتێك ئادەمیزاد ئایەتی سەجدە دەخوێنێو كڕنووش دەبات بۆ خوا، شەیتان دوور دەكەوێتەوەو دەگریێ، دەڵێ: هاوار بۆ من، ئادەمیزاد فەرمانی پێكرا بە كڕنووش بردن، كڕنووشی برد، وە بە هەشتی مسۆگەر كرد، منیش فەرمانم پێكرا بە كڕنووش بردن سەرپێچیم كردو بەشم ئاگرە.

٩١-«يَدْخُلُ النَّارَ أَقْوَامٌ مِنْ أُمَّتِي حَتَّى إِذَا كَانُوا حُمَمًا، أُدْخِلُوا الْجَنَّةَ، فَيَقُولُ أَهْلُ الْجَنَّةِ: مَنْ هَؤُلَاءِ؟ فَيُقَالُ: هُمُ الْجَهَنَّمِيُّونَ »[3].

واتە: كەسانێك دەچنە نێو دۆزەخەوە لە ئۆممەتی من، هەتا كاتێك كە سووتانو ڕەش هەڵگەڕان (واتە: بوونە ڕەژوو، ئنجا) لێی دەردەهێنرێنو، دەخرێنە بەهەشتەوە، خەڵكی بەهەشت دەڵێن: ئەوانە كێن؟ پێیان دەگوترێ: ئا ئەوانە دۆزەخیەكانن.

---

١) رَوَاهُ مُسْلِم: ٣٨٤، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.
٢) رَوَاهُ مُسْلِم: ٨١، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.
٣) صحيح: رَوَاهُ أَحْمَد: ١٢٢٨٠، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح.

٩٢-«يُجَاءُ بِالْكَافِرِ يَوْمَ القِيَامَةِ، فَيُقَالُ لَهُ: أَرَأَيْتَ لَوْ كَانَ لَكَ مِلْءُ الأَرْضِ ذَهَبًا أَكُنْتَ تَفْتَدِي بِهِ؟ فَيَقُولُ: نَعَمْ، فَيُقَالُ لَهُ: قَدْ كُنْتَ سُئِلْتَ مَا هُوَ أَيْسَرُ مِنْ ذَلِكَ: أَنْ لاَ تُشْرِكَ بِي، فَيُؤْمَرُ بِهِ إِلَى النَّارِ»[(١)].

واتە: کەسی کافر ڕۆژی قیامەت دەهێنرێ، پێی دەگوترێ: ئایا ئەگەر پڕی زەوی زێڕت هەبووایە، ئێستا نەتدەبەخشی، ببێتە بەلاَ گێڕەوەت، وەك قەرەبوو؟ دەڵێ: با، پێی دەگوترێ: لەوە زۆر ئاسانترت لێ داواکرا، (واتە: لە دنیادا ئەویش ئەوەیە) کە هیچ شتێك نەکەیە هاوبەشی خوا، بەڵام ئامادە نەبووی، ئیدی فەرمانی پێ دەکرێو بەرەو ئاگری دۆزەخ دەبردرێ.

٩٣-«يُؤْتَى بِأَنْعَمِ أَهْلِ الدُّنْيَا مِنْ أَهْلِ النَّارِ يَوْمَ القِيَامَةِ، فَيُصْبَغُ فِي النَّارِ صَبْغَةً، ثُمَّ يُقَالُ: يَا ابْنَ آدَمَ هَلْ رَأَيْتَ خَيْرًا قَطُّ؟ هَلْ مَرَّ بِكَ نَعِيمٌ قَطُّ؟ فَيَقُولُ: لاَ وَاللهِ يَا رَبِّ»[(٢)].

واتە: لە ڕۆژی دوایی کەسێکی دۆزەخی دێنن کە لە خۆشترین نیعمەتی دونیادا بووە، جارێك دەخرێتە نێو ئاگر، ئنجا پێی دەگوترێ: ئەی نەوەی ئادەم، ئەرێ هەرگیز لە خێرو خۆشیدا بووی؟ هیچ نیعمەتێکت بینیوە؟ دەڵێ: نەخێر، وەڵلاهی ئەی پەروەردگارم.

١) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٦٥٣٨، وَمُسْلِمٌ: ٧٠١٦، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه.
٢) رَوَاهُ مُسْلِمٌ: ٧٢٦٦، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه.

٩٤-«إِذَا صَارَ أَهْلُ الجَنَّةِ إِلَى الجَنَّةِ، وَأَهْلُ النَّارِ إِلَى النَّارِ؛ جِيءَ بِالمَوْتِ حَتَّى يُجْعَلَ بَيْنَ الجَنَّةِ وَالنَّارِ ثُمَّ يُذْبَحُ ثُمَّ يُنَادِي مُنَادٍ: يَا أَهْلَ الجَنَّةِ لاَ مَوْتَ، وَيَا أَهْلَ النَّارِ لاَ مَوْتَ فَيَزْدَادُ أَهْلُ الجَنَّةِ فَرَحاً إِلَى فَرَحِهِمْ، وَيَزْدَادُ أَهْلُ النَّارِ حُزْنَاً إِلَى حُزْنِهِمْ»[١].

واتە: کاتێ بەهەشتیەکان بۆ بەهەشتو دۆزەخیەکان بۆ دۆزەخ بردران، مردن دەهێنرێو لە نێوان بەهەشتو دۆزەخ[٢] سەردەبڕدرێ، ئنجا بانگ بێژێك بانگ دەکات: ئەی خەڵکی بەهەشت مردن نەما، وە ئەی خەڵکی دۆزەخ مردن نەما، ئنجا خەڵکی بەهەشت دڵخۆشتر دەبن بە خۆشیەکەیانو دۆزەخیەکانیش هێندەی تر خەفەتبارو دڵ توندتر دەبن.

١) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٦١٨٢، عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﷺ.

٢) لە شێوەی ئاژەڵێك، وەك لە فەرموودەی دیکە باس کراوە.

مامەڵە کردن (کڕین و فرۆشتن)

٩٥-«نِعْمَ الْمَالُ الصَّالِحُ لِلْمَرْءِ الصَّالِحِ»[١].

واتە: باشترین شتماڵی چاکە بۆ مرۆڤی چاك.

ڕوونکردنەوە:

چونکە ماڵی حەڵاڵو باش لە دەستی پیاوی چاك بێ هەمیشە بەشی خەڵکی دیکەی لێ دەدات، لە کاری چاك بە کاری دەهێنێ.

٩٦-«مَنْ غَشَّ فَلَيْسَ مِنَّا»[٢].

واتە: هەر کەسێك فێڵ بکات لە ئێمە نیە.

ڕوونکردنەوە:

واتە: ئەم کردەوەی لە ڕەفتاری مسوڵمان ناچێ! نەك لە ئیسلام دەربچێو کافر بێت، مەگەر فێڵەکەی، فێڵێك بێت لە عەقیدە تەواو نەبێتو زیانی عەقیدەی لە مسوڵمانان بدات، ئا ئەوە حوکمەکەی جیاواز دەبێت.

١) رَوَاهُ البُخَارِيُّ في "الأدب المفرد" وغيره، وَقَالَ الأَلباني: إِسنادُهُ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ مُسْلِم.
عَنْ عَمْرَو بْنِ العَاصِ ﵁، يَقُولُ بَعَثَ إِلَيَّ رَسُولُ اللهِ ﷺ فَقَالَ خُذْ عَلَيْكَ ثِيَابَكَ وَسِلاحَكَ، ثُمَّ ائْتِنِي فَأَتَيْتُهُ وَهُوَ يَتَوَضَّأُ فَصَعَّدَ فِيَّ النَّظَرَ ثُمَّ طَأْطَأَهُ فَقَالَ: إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَبْعَثَكَ عَلَى جَيْشٍ فَيُسَلِّمَكَ اللهُ وَيُغْنِمَكَ وَأَرْغَبُ لَكَ مِنَ الْمَالِ رَغْبَةً صَالِحَةً، قَالَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا أَسْلَمْتُ مِنْ أَجْلِ الْمَالِ وَلَكِنِّي أَسْلَمْتُ رَغْبَةً فِي الإِسْلامِ، وَأَنْ أَكُونَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: يَا عَمْرُو! نِعْمَ الْمَالُ الصَّالِحُ لِلْمَرْءِ الصَّالِحِ}
رَوَاهُ أحمد: ١٧٧٩٨، قال شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ صَحِيح على شَرْط مُسْلِم.
٢) رَوَاهُ مُسْلِم: ٢٩٥، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁، واللَّفْظُ للتِّرمِذِيّ.

٩٧-«لاَ يُنَفِّقْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ»(١).

واتە: هیچ کەسێکتان لەسەر ئەویترتان نرخ بەرز نەکاتەوە (لە کاتی کڕین و فرۆشتن، بۆ ئەوەی کەسی کڕیار هەڵبخەڵەتێنێ، وا بزانێ ئەم کاڵایە ئەوە نرخە دێنێ).

٩٨-«لاَ يَبِعُ الرَّجُلُ عَلَى بَيْعِ أَخِيهِ»(٢).

واتە: هیچ کەسێك مامەڵە لەسەر مامەڵەی براکەی نەکات.

٩٩-«لا تَبِعْ مَا لَيْسَ عِنْدَكَ»(٣).

واتە: شتێك مەفرۆشە، کە لە لات نیە. (کەواتە: دروست نیە مامەڵە لەسەر شتێك بکرێ کە دیار نەبێ).

١٠٠-«إِذَا سَمَّيْتَ الكَيْلَ فَكِلْهُ»(٤).

واتە: کە پێوانەت دیاری کرد، قورس و گران بپێوە.

١٠١-«إِيَّاكُمْ وَكَثْرَةَ الحَلِفِ فِي البَيْعِ، فَإِنَّهُ يُنَفِّقُ ثُمَّ يَمْحَقُ»(٥).

واتە: خۆتان بپارێزن لە زۆر سوێند خواردن لە کاتی فرۆشتندا، چونکە بازاڕتان باش دەبێ و دواییش پیت و بەرەکەتی ناهێڵێ.

---

١) حسن: رَوَاهُ التِّرمِذِيّ: ١٢٦٨، عَن ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ٧٣٢٤.
٢) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٢٠٣٢، وَمُسْلِم: ٣٥٢١، عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنه، واللَّفْظُ لِمُسْلِم.
٣) صحيح: رَوَاهُ أَحْمد: ١٥٣٤٧، عَنْ حَكِيمِ بْنِ حِزَامٍ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ٧٢٠٦.
٤) صحيح: رَوَاهُ إِبْنُ مَاجَه: ٢٢٣٠، عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ٧٢٠٦.
٥) رَوَاهُ مُسْلِم: ٤٢١٠، عَنْ أَبِي قَتَادَةَ الأَنْصَارِيِّ رضي الله عنه.

١٠٢-«أَدْخَلَ اللَّهُ الجَنَّةَ رَجُلاً كَانَ سَهْلاً بَائِعاً وَمُشْتَرِياً»[(١)].

واتە: خوا پیاوێکی خستە بەهەشتەوە، (چونکە) ئاسانکەرو لێبوردەو ڕووخۆش بوو لە کاتی فرۆشتنو کڕیندا.

١٠٣-«إِنَّمَا البَيْعُ عَنْ تَرَاضٍ»[(٢)].

واتە: کڕینو فرۆشتن دەبێ ڕەزامەندی هەردوو لای لەسەر بێت.

١٠٤-«مَنْ أَقَالَ مُسْلِماً، أَقَالَهُ اللَّهُ عَثْرَتَهُ»[(٣)].

واتە: هەر کەس ڕازی بێ بە پەشێمان بوونەوەی مسولْمانێك لە مامەڵەکەی، ئـەوە لە کاتی کەوتنو هەڵەدا خوا لە فریای دێ.

---

١) حسن: رَوَاهُ إِبْنُ مَاجَه: ٢٢٠٢، عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ١٧٨.

٢) صحيح: رَوَاهُ إِبْنُ مَاجَهْ: ٢١٨٥، عَنْ أَبي سَعِيدٍ الخُدْرِيّ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ٥٠٢٩.

٣) صحيح: رَوَاهُ أَبُو دَاوُد ٣٤٦٢، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، انظر: "صحيح إبن ماجه" رقم: ١٧٨٦.

ڕیباو سوو خواردن

١٠٥-«إِنَّمَا الرِّبَا فِي النَّسِيئَةِ»[١].

واتە: بێگومان سوو لە قەرزی دواخراو دایە، (بۆ نموونە: ملیۆنێك بە قـەرز دەدرێ، بۆ ماوەی ساڵێك، بەو مەرجەی ملیۆنێك زیاتر بدرێتەوە خاوەن قەرز).

١٠٦-«إِذَا ظَهَرَ الزِّنا وَالرِّبَا فِي قَرْيَةٍ، فَقَدْ أَحَلُّوا بِأَنْفُسِهِمْ عَذَابَ اللَّه»[٢].

واتە: ئەگەر داوێن پیسیو سووخۆری لە هەر شوێنێك پەیدابوو، بە دڵنیایی ئەوانە سزای خوایان بۆ خۆیان مسۆگەر کردوە.

١٠٧-«الآخِذُ وَالْمُعْطِي سَوَاءٌ فِي الرِّبَا»[٣].

واتە: ئەو کەسەی سوو وەردەگرێ، وە ئەو کەسەش کە سوو دەدات وەك یـەکن لـە سووخۆری (بە مەرجێك سوو لێ وەرگیراو قاصد بێت).

١٠٨-«التَّمْرُ بِالتَّمْرِ، وَالحِنْطَةُ بِالحِنْطَةِ، وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ، وَالمِلْحُ بِالمِلْحِ مِثْلاً بِمِثْلٍ، يَداً بِيَدٍ، فَمَنْ زَادَ أَوِ اسْتَزَادَ فَقَدْ أَرْبَى إِلاَّ مَا اخْتَلَفَتْ أَلْوَانُهُ»[٤].

واتە: خورما بە خورما، گەنم بە گەنم، جۆ بە جۆ، خوێ بە خوێ، وەك یەك، دەست بە دەست، هەر کەسێك لەوە زیاتری وەرگرت، یان داوای زیاتری کـرد، ئـەوە سـوو خۆرە، مەگەر جۆرەکانیان جیاوازبن.

---

١) رَوَاهُ مُسْلِم: ٤١٧٣، عَنْ أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ رضي الله عنه.

٢) حسن: رَوَاهُ الطَّبَرَانِي في "الكبير": ٤٦٠، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الترغيب والترهيب" رقم: ١٨٥٩.

٣) صحيح: رَوَاهُ الحَاكِم: ٢٣٠٧، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضي الله عنه. وقال الحاكم: "صحيح الإسناد"، ووافقه الذهبي، انظر: "إرواء الغليل" ج٥، ص١٨٩، الناشر: المكتب الإسلامي، بيروت، الطبعة: الثانية: ١٤٠٥ – ١٩٨٥، عدد الأجزاء: ٨.

٤) رَوَاهُ مُسْلِم: ٤١٥٠، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

١٠٩-«عَنْ جَابِرٍ رضي الله عنه قَالَ: لَعَنَ رَسُولُ اللهِ ﷺ آكِلَ الرِّبَا وَمُوكِلَهُ وَكَاتِبَهُ وَشَاهِدَيْهِ وَقَالَ هُمْ سَوَاءٌ »[١].

واتە: جابرِ خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا نەفرینی کردوە لەو کەسەی کە سوو دەخوات، ئەو کەسەش دەیدات، وە ئەو کەسەش کە گرێبەستەکە دەنووسێ ئەو کەسەی شایەتی بۆ دەدات، وە فەرمووی: هەموویان وەك یەكن.

١) صحيح: رَوَاهُ مُسْلِم: ٤١٧٧، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْن مَسْعُودٍ.

قــەرزو قــەرزاری

١١٠-«كُلُّ قَرْضٍ صَدَقَةٌ»[(١)].

واتە: هەموو قەرزێك خێرە (ئەگەر بۆ كاری چاك بێت).

١١١-«أَيُّمَا رَجُلٍ تَدَيَّنَ دَيْنًا، وَهُوَ مُجْمِعٌ أَنْ لا يُوَفِّيَهُ إِيَّاهُ، لَقِيَ اللهَ سَارِقًا»[(٢)].

واتە: هەر كەسێك قەرزێك بكاتو مەبەستی ئەوەبێ قەرزەكە نەداتەوە، وەك دزێك دەگاتەوە بە خوا (واتە: لێ پرسینەوەی لەگەڵ دەكرێ وەك دزێك).

١١٢-«مَا مِنْ عَبْدٍ كَانَتْ لَهُ نِيَّةٌ فِي أَدَاءِ دَيْنِهِ، إِلاَّ كَانَ لَهُ مِنَ اللهِ عَوْنٌ»[(٣)].

واتە: هەر بەندەیەك (قەرزێكی كردو) مەبەستو نیازی وابوو قەرزەكـەی بداتـەوە، ئەوە حەتمەن خوا یارمەتی دەدات (بۆ دانەوەی قەرزەكەی).

١١٣-«إِنَّ مِنْ خَيْرِكُمْ أَحْسَنَكُمْ قَضَاءً»[(٤)].

واتە: بە ڕاستی باشترین كەستان ئەوانەن كە بە چاكی قەرزەكانیان دەدەنەوە.

١١٤-«إِنَّمَا جَزَاءُ السَّلَفِ: الحَمْدُ وَالْوَفَاءُ»[(٥)].

واتە: بێگومان پاداشتی قەرز: سوپاس كردنی خاوەن قەرزو بە وەفا بوونە لەگەڵی.

---

١) حسن: رَوَاهُ البَيْهَقِي في "شعب": ٣٥٦٣، عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الترغيب والترهيب": ٨٩٩.
٢) حسن: رَوَاهُ ابْنُ مَاجَه: ٢٤١٠، عَنْ صُهَيْبٍ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الترغيب والترهيب": ٨٩٩.
٣) حسن: رَوَاهُ أَحْمَد: ٢٥٠٣٧، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، انظر: "صحيح الجامع": ٥٧٣٤.
٤) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٢١٨٣، وَمُسْلِم: ٤١٩٤، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.
٥) صحيح: رَوَاهُ البَيْهَقِي في "الكبرى": ٤٦٨٣، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي رَبِيعَةَ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الجامع": ٢٣٥٣.

١١٥-«مَنْ أَدْرَكَ مَالَهُ بِعَيْنِهِ عِنْدَ رَجُلٍ قَدْ أَفْلَسَ فَهُوَ أَحَقُّ بِهِ مِنْ غَيْرِهِ»[١].

واتە: هەر کەسێك هەمان ماڵی خۆی بدۆزێتەوە لە لای کەسی موفلیس (کە پێشتر قەرزاری بووە)، ئەوە ئەو کەسە لە پێشترە لە کەسی دی (بەوەی داوای ماڵەکەی خۆی بکاتەوەو هەقی خۆی ببات)[٢].

١١٦-«مَنْ أَحَبَّ أَنْ يُظِلَّهُ اللهُ فِي ظِلِّهِ، فَلْيَنْظِرْ مُعْسِرًا أَوْ لِيَضَعَ لَهُ»[٣].

واتە: هەر کەسێك حەز دەکات خوا بیخاتە ژێر سێبەری (عەرشی خۆی لە ڕۆژی دوایی)، با چاوەڕوانی قەرزارێکی تەنگ دەست بکات (کە ناتوانێ بیداتەوە لە کاتی دیاریکراو)، یاخود هەر لێی خۆشبێ و لێی وەرنەگرێتەوە.

---

١) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٢٤٠٢، وَمُسْلِم: ١٥٥٩، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

٢) پێم وایە لە کاتێکی وەك ئێستا کە دائیرەی تایبەت بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە هەیە، دەبێ ئەم دائیرە بەم کارە هەڵبستێ، ئەگەرنا فەوزا دروست دەبێت، وەك پێشەوا قورتوبی لە تەفسیرەکەی "الجامع لأحكام القُرآن": ج ٢، ص ٢١٨، باسی کردوە.

٣) صَحيح: رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ: ٢٤١٩، عَنْ أَبِي اليُسر رضي الله عنه، انظر: "صحيح إبن ماجه" رقم: ١٩٦٣.

كارو كەسابەت

١١٧-«أَطْيَبُ الكَسْبِ عَمَلُ الرَّجُلِ بِيَدِهِ»[١].

واتە: چاكترین دەستكەوتو سامانی مرۆڤ بەرهەمی دەستی خۆیەتی.

١١٨-«أَعْطوا الأَجِيرَ أَجْرَهُ، قَبْلَ أَنْ يَجِفَّ عَرَقُهُ»[٢].

واتە: كرێی كرێكار بدەن پێش ئەوەی ئارەقی وشك بێتەوە.

١١٩-«يُحِبُّ اللّه العَامِلَ إِذَا عَمِلَ أَنْ يُحْسِنَ»[٣].

واتە: خوا ئەو كرێكارو فەرمانبەرەی خۆش دەوێ كە كارەكەی بە جوانی دەكات.

١٢٠-«إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ إِذَا عَمِلَ أَحَدُكُمْ عَمَلاً أَنْ يُتْقِنَهُ»[٤].

واتە: بێگومان خوا حەز دەكات ئەگەر یەكێك لە ئێوە كارێكی ئەنجامدا بە وردەكاریی‌و بە پوختی‌و ڕێكی بیكات.

١٢١-«أَدِّ الأَمَانَةَ إِلَى مَنِ ائْتَمَنَكَ، وَلاَ تَخُنْ مَنْ خَانَكَ»[٥].

واتە: كەسێك كە تۆی بە ئەمیندار داناوە، سپاردەكەی بدەوە، وە خیانەت لە كەسێك مەكە كە خیانەتی لە تۆ كردووە.

١) صحيح: رَوَاهُ أَحْمَد: ١٧٣٠٤، عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنه، انظر: "الصحيحة" رقم: ٦٠٧.

٢) صحيح: رَوَاهُ اِبْنُ مَاجَه: ٢٤٤٣، عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنه، انظر: "صحيح إبن ماجه" رقم: ١٩٨٠، وَرَوَاهُ البُخَارِي، وَغَيْرُه مِنْ حَدِيث أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

٣) حسن: رَوَاهُ الطَّبَرَانِيّ: ٤٤٨، عَنْ كليب بْنِ شِهَاب رضي الله عنه، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ٨٠٣٧.

٤) حسن: رَوَاهُ البَيْهَقِي في "الشعب": ٥٣١٢، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، انظر: "الصحيحة" رقم: ١١١٣.

٥) حسن صحيح: رَوَاهُ الحَاكِمُ: ٢٢٩٦ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، وَقَالَ: صَحِيح عَلَى شَرْطِ مُسْلِم، انظر: "الصحيحة" رقم: ٤٢٣.

ڕوونکردنەوە:

ئێمە وەك مسوڵمان کە سپاردەیەکمان لە لای کەسێك داناوە، ئـەو بـزری کـردوە، ئەگەر بەیانی ئەویش سپاردەیەکی لە لای ئێمە دانا، نابێ ئەمانەتەکەی بزر بکەین بە ئەنقەست، بلێین: تۆڵە بە تۆڵە! ئەگەر ئەو ئەمانەتی کەسێکی مسـوڵمانی بـزر کردوە، ئەو کەسە بۆی هەیە لە ڕێی شەرعییەوە، لە ڕێی یاساوە دەعـوای لەسـەر تۆمار بکاتو هەقی خۆی وەربگرێتەوە، بەڵام خیانەتی لێ بکاتـەوە، بلـێ: بۆچـی ئەو خیانەتی لـێ کردووم، کە ڕەنگە هەر خیانەتیش نەبێو بە مەبەسـتیش بـزری نەکردبێ، بەڵام گریمان زانیمان خیانەتی کردوەو فەوتاندوویەتی، ئەگەر ئەو خیانەت لـە خـۆی دەوەشـێنێتەوە ئـەو مسـوڵمانە نـابێ ئـەو کـارە ناشـرینە لـە خـۆی بوەشێنێتەوە، بەڵکو دەبێ ئەو هەقەی خۆی بە شێوەیەکی دیکە وەربگرێتەوە.

خەڵات و دیاری

١٢٢-«العَائِدُ فِي هِبَتِهِ، كَالْكَلْبِ يَقِيءُ، ثُمَّ يَعُودُ فِي قَيْئِهِ»[١].

واتە: ئەو کەسەی لە دیاریو خەڵاتێك داویەتی بە کەسێك پەشێمان دەبێتەوە، وەك سەگێك وایە کە بڕشێتەوە، دوایی ڕشانەوەکەی خۆی بخواتەوە.

١٢٣-«تَهَادُوْا تَحَابُّوا»[٢].

واتە: دیاری بدەن بە یەکتر، خۆشەویست دەبن لە لای یەکتر.

١٢٤-«مَنِ اسْتَعْمَلْنَاهُ عَلَى عَمَلٍ فَرَزَقْنَاهُ رِزْقاً، فَمَا أَخَذَ بَعْدَ ذَلِكَ فَهُوَ غلُولٌ»[٣].

واتە: هەر کەسێکمان دانا لەسەر کارێكو هەقێکمان پێدا، جگە لەوەی پێمان داوە هەرچی دیکە وەری بگرێ (وەك دیاری ئەوە) ناپاکییو دزیە لە موڵکی گشتی.

١٢٥-«هَدَايَا الْعُمَّال غلُولٌ»[٤].

واتە: دیاری دان بە کارمەندو فەرمانبەران دزییو ناپاکییە.

ڕوونکردنەوە:

ئەم دیاری پێدانە دروست نیە، مادام لە بەرانبەر کارێکی ناشایستە بێ، وەك: نۆرەو سڕە پێش خستن، مافی کەسی دی خواردن، یان مافی گشتی خواردن، جا بە ناوی بەرتیلو ڕشوە بێ، یان هەر ناوێکی دی، بێگومان ئەمە حەرامەو هەردووکیان گوناهبار دەبن، وەك لەم فەرموودانەی دواتر باس دەکرێن، چونکە ئەگەر ئەو کەسە فەرمانبەرو کاربەدەست نەبووایە ڕەنگە ئەم دیاریەی بۆ نەهاتبا،

---

١) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٢٤٤٩، وَمُسْلِم: ٤٢٦١، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنه.

٢) حسن: رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ فِي "الأَدَبِ الْمُفْرَدِ": ٥٩٤، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، انظر: "صَحِيح الأَدَب الْمُفْرَد": ٤٦٣.

٣) صحيح: رَوَاهُ أَبُو دَاوُد: ٢٩٤٥، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ بُرَيْدَةَ عَنْ أَبِيهِ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ٦٠٢٣.

٤) صحيح: رَوَاهُ أَحْمَد: ٢٣٦٤٩، عَنْ أَبِي حُمَيْدٍ السَّاعِدِيِّ رضي الله عنه، انظر: إرواء الغليل: ٢٤٦/٨.

جا مەرجیش نیە کارێکی کردبێ پاشان دیاری بۆ بێ، کەسی وا هەیە هێندە نالەبارە، دێ پێش ئەوەی کارەکە بە فەرمانبەرەکە بکات، دیاری پێ دەدات، بۆ ئەوەی ناچاری بکات لە کاتی پێویست کاری نادروستی بۆ بکات، لە هاوەڵێ نزیکی خۆم بیستوە، پارێزەری وا هەبووە، سی مسقاڵ زێڕی بە دیاری داوە بە فەرمانبەر!!

١٢٦-«لا يَرْجِعُ أَحَدٌ فِي هِبَتِهِ، إِلاَّ وَالِدٌ مِنْ وَلَدِهِ»(١).

واتە: هیچ کەس بۆی نیە دوای ئەوەی شتێکی کردە دیاری لێی پەشێمان ببێتەوە، تەنها باوك نەبێت بەرانبەر بە کوڕەکەی.

ڕوونکردنەوە:

واتە: ئەگەر باوك شتێکی دا منداڵی خۆی دوایی پەشێمان بۆوە، گوناهبار نابێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ، هەم منداڵو هەم ماڵی منداڵیشی بە هی باوکەکە داناوە، کەواتە: وەك ئەوە وایە شتێکی بە خۆی بەخشی بێ‌و دوایی پەشێمان بوویبێتەوە، دەفەرموێ: «إِنَّ أَوْلاَدَكُمْ مِنْ أَطْيَبِ كَسْبِكُمْ، فَكُلُوا مِنْ كَسْبِ أَوْلاَدِكُمْ»(٢).

واتە: منداڵەکانتان لە بەدەست هێنراوی پاكو چاکی ئێوەن، بۆیە لە ماڵو سامانی منداڵەکانتان بخۆن.

١) حسن صحيح: رَوَاهُ النَّسَائِي: ٣٦٨٩، عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ ﷺ، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ٧٦٨٦.
٢) صحيح: رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ: ٣٥٢٨، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا انظر: "صحيح الجامع" رقم: ١٤٨٧.

خواردن و خواردنەوەکان

١٢٧-«فَاجْتَمِعُوا عَلَى طَعَامِكُمْ، وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ يُبَارِكْ لَكُمْ فِيهِ»[١].

واتە: لەسەر نان خواردن کۆببنەوە، وە ناوی خوای لەسەر بێنن، بۆ ئەوەی خوا بەرەکەتو پیزی تێبخات.

١٢٨-«إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ طَعَاماً فَلاَ يَمْسَحْ يَدَهُ حَتَّى يَلْعَقَهَا»[٢].

واتە: ئەگەر یەکێکتان خواردنێکی خوارد با دەستی نەسڕێتەوە هەتا دەیلێستەوە.

١٢٩-«مَنْ أَكَلَ مِنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ فَلاَ يَقْرَبْنَا، وَلاَ يُصَلِّيَنَّ مَعَنَا»[٣].

واتە: هەر کەسێك لەو درەختە (واتە: سیرو پیاز) بخوات، با لێمان نزیك نەبێتەوە، وە نوێژمان لەگەڵ نەکات.

١٣٠-«إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ تَعَالَى، فَإِنْ نَسِيَ أَنْ يَذْكُرَ اسْمَ اللَّهِ تَعَالَى فِي أَوَّلِهِ، فَلْيَقُلْ: بِسْمِ اللَّهِ أَوَّلَهُ وَآخِرَهُ»[٤].

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە (شتێکی) خوارد با ناوی خوای بەرز بێنێ، ئەگەر لە بیری چوو لە سەرەتا ناوی خوای بەرز بێنێ، با بڵێ: (بسم اللّه) لە سەرەتاو کۆتاییدا.

١) حسن: رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ: ٣٧٦٤، عَنْ وَحْشِيُّ بْنُ حَرْبٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ رضي الله عنه، انظر: "صحيح إبن ماجه": ٢٦٥٧.
٢) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٥٤٥٦، وَمُسْلِم: ٢٠٣١، عَنْ إِبْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنه.
٣) رَوَاهُ البُخَارِي: ٨١٨، عَنْ أَنَسِ بَنِ مَالِكٍ رضي الله عنه.
٤) صحيح: رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ: ٣٧٦٩ عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا انظر: "صحيح إبن ماجه" رقم: ٣٢٦٤.

١٣١-«إِذَا وُضِعَ الطَّعَامُ، فَلاَ تَأْكُلُوا مِنْ وَسَطِهِ، فَإِنَّ الْبَرَكَةَ تَنْزِلُ وَسَطَهُ، وَكُلُوا مِنْ حَافَتَيْهِ أَوْ حَافَتَيْهَا»[١].

واتە: ئەگەر خواردن دانرا، لە نێوەڕاستەکەی مەخۆن، چونکە بە دڵنیایی بەرەکەت دەکەوێتە نێوەڕاستەکەی، لە دەوروبەرو لێواری (خواردنەکە دەست پێبکەنو) بخۆن.

١٣٢-«إِذَا شَرِبَ أَحَدُكُمْ فَلاَ يَتَنَفَّسْ فِي الإِنَاءِ»[٢].

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە لە پەرداخێك (خواردنەوەیەکی) خواردەوە با هەناسەی تێدا نەدات (واتە: فووی تێنەکات).

١٣٣-«إِنَّ سَاقِيَ الْقَوْمِ آخِرُهُمْ شُرْبًا»[٣].

واتە: ئەو کەسەی ئاو دەگێڕێو ئاو دەداتە خەڵك، با بە خۆی کۆتا کەسی بێ ئاو بخواتەوە، (وەك ئەدەبێکی ڕێز گرتن لە میوان).

١٣٤-«مَنْ أَكَلَ طَعَامًا، فَقَالَ: الحَمْدُ للهِ الَّذِي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقَنِيهِ مِنْ غَيْرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلاَ قُوَّةٍ، غَفَرَ اللهُ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ»[٤].

واتە: هەر کەس شتێکی خواردو گوتی: (الحَمْدُ للهِ الَّذِي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقَنِيهِ مِنْ غَيْرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلاَ قُوَّة)، ئەوە خوا لە گوناهەکانی ڕابردووی خۆش بووە.

١٣٥-«إِنَّ لِلطَّاعِمِ الشَّاكِرِ مِنَ الأَجْرِ، مِثْلُ مَا لِلصَّائِمِ الصَّابِرِ»[٥].

واتە: بە دڵنیایی کەسێك کە نان دەخواو سوپاسگوزاری خوای لەسەر دەکات، هەمان پاداشتی ڕۆژووەوانێکی ئارامگری بۆ هەیە.

١) حسن: رَوَاهُ أَحْمَد: ٣٤٣٨، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄، قال شعيب الأرنؤوط: حَسَن.

٢) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: رَوَاهُ البُخَارِي: ١٥٣، وَمُسْلِم: ٢٦٧، عَنْ أَبي قَتَادَة ﵁.

٣) رَوَاهُ مُسْلِم: ١٥٩٤. عَنْ أَبِي قَتَادَةَ ﵁.

٤) حسن: رَوَاهُ التِّرمِذِي: ٣٤٥٨، عَنْ سَهْلِ بْنِ مُعَاذٍ ﵁، انظر: "صحيح التِّرمِذِي" رقم: ٢٧٥١.

٥) صحيح: رَوَاهُ الحَاكِمُ: ٧١٩٥، عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ ﵁، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ٢١٧٩.

ئافرەتان (هاوسەرگیری)

١٣٦-«أنْكِحُوا فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمْ»[١].

واتە: هاوسەرگیری بکەن، بە دڵنیایی من شانازیی بە زۆری (ژمارەتان) دەکەم (لە ڕۆژی قیامەت).

١٣٧-«يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أغضُّ لِلْبَصَرِ، وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ، فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ»[٢].

واتە: ئەی کۆمەڵی گەنجان! هەر کەس لە توانای دا هەیە با هاوسەگیری بکات، چونکە ئەمە هۆکاری چاوتێریو پاراستنی داوێنیەتی، وە هەر کەسیش لە توانای دا نیە (هاوسەرگیری بکات) ئەوە با بەڕۆژوو بێت، کە ئەمە دەبێتە پەرژینو ئارەزووی کەم دەکاتەوە.

١٣٨-«حُبِّبَ إِلَيَّ مِنَ الدُّنْيَا: النِّسَاءُ، وَالطِّيبُ، وَجُعِلَ قُرَّةُ عَيْنِي فِي الصَّلَاةِ»[٣].

واتە: لە دونیادا ئافرەتانو بۆنی خۆشم لەلا خۆشەویستن، وە تroووسکایی چاوانم لە نوێژ کردن دایە.

١٣٩-«ثَلَاثَةٌ حَقٌّ عَلَى اللهِ عَوْنُهُمْ: الْمُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللهِ، وَالْمُكَاتَبُ الَّذِي يُرِيدُ الْأَدَاءَ، وَالنَّاكِحُ الَّذِي يُرِيدُ الْعَفَافَ»[٤].

واتە: سێ کەس مافیان هەیە لەسەر خوا کە هاوکاریان بکات: ئەو کەسەی لە پێناوی خوا دەجەنگی، ئەو کۆیلەیەی دەیەوێ پارە بداتو خۆی ئازاد بکات، ئەو کەسەش هاوسەرگیری دەکات نیەتی داوێن پاکییە.

١) صحيح: رَوَاهُ إِبْنُ مَاجَهْ: ١٨٦٣، عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ ﷺ، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ١٥١٤.
٢) رَوَاهُ البُخَارِي: ٤٧٧٩، عَنْ عَبْدِالله ﷺ.
٣) حسن: رَوَاهُ أَحْمَد: ١٢٣١٥، عَنْ أَنَسٍ ﷺ، وَحَسَّنَهُ شعيب الأرنؤوط.
٤) حسن: رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ: ١٦٥٥، عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ ﷺ، انظر: "صحيح الترغيب والترهيب" رقم: ١٩١٧.

١٤٠-«تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لأَرْبَعٍ: لِمَالِهَا، وَلِحَسَبِهَا، وَجمَالِهَا، وَلِدِينِهَا، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ، تَرِبَتْ يَدَاكَ»[١].

واتە: ئافرەت لەبەر چوار شت مارە دەکرێ: لەبەر ماڵو دارایی، لەبەر جوانی، لەبەر بنەماڵەو ڕەچەڵەکی، لەبەر ئاینی، دەست بگرە بە خاوەن ئاینەوە دەستت هەژار بێت.

ڕوونکردنەوە:

مەبەست ئەوەیە ئەگەر ئەمە نەکەی، واتە: ئافرەتە خاوەن ئایینو دیندارەکە هەڵنەبژێری، دەستت بچێ بە خۆڵداو هەژار بیت، بەڵام هەندێك لە زانایان ئەوەیان بۆ ئێمە ڕوونکردۆتەوە کە مەبەست لەمەدا دوعای خراپ نیە لەلایەن پێغەمبەری خواوە صەڵاتو سەلامی خوای لەسەر بێت، بەڵکو ئەمە قسەیەکە کاتی خۆی لە نێو ئەم گەلی عەڕەب باو بووە.

١٤١-«لاَ يَخْطُبَ الرَّجُلُ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ حَتَّى يَتْرُكَ الخَاطِبُ قَبْلَهُ، أَوْ يَأْذَنَ لَهُ الخَاطِبُ»[٢].

واتە: با هیچ پیاوێك خوازبێنی لەسەر خوازبێنی برای (دینی) خۆی نەکات، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە ئەو کەسەی پێش خۆی وازی هێنابێ، یاخود ڕێگەی پێبدات.

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيّ: ٤٨٠٢، وَمُسْلِم: ١٤٦٦، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁.
٢) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٤٨٤٨، عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵁.

١٤٢-«لا تُنْكَحُ الأَيِّمُ حَتَّى تُسْتَأْمَرَ وَلا تُنْكَحُ الْبِكْرُ حَتَّى تُسْتَأْذَنَ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ! فَكَيْفَ إِذْنُهَا قَالَ: أَنْ تَسْكُتَ»[(١)].

واتە: بێوەژن مارە نابڕدرێ تا قسەو فەرمانی لــێ وەرنــەگیرێ، وە کچــیش مــارە نابڕدرێ تا مۆڵــەتی لــێ وەرنــەگیرێ، گوتیــان: ئــەی پێغەمبــەری خــوا مۆڵــەت وەرگرتنی کچ چۆنە؟ فەرمووی: بێدەنگ بوونیەتی.

١٤٣-«لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَأْتِيَ أَهْلَهُ، فَقَالَ: بِاسْمِ اللهِ، اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ، وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا»[(٢)].

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە ویستی بچێ بۆ لای هاوسەرەکەی ئەوە با بڵێ: (بِاسْمِ اللَّهِ اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا) واتە: خوایــە شــەیتانمان لــێ دووربخەوە، وە شەیتانیش دوور بخەوە لەو ڕزقەی پێت داوین.

١٤٤-«عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: كُنْتُ عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ، فَأَتَاهُ رَجُلٌ فَأَخْبَرَهُ أَنَّهُ تَزَوَّجَ امْرَأَةً مِنَ الأَنْصَارِ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «أَنَظَرْتَ إِلَيْهَا»؟ قَالَ: لا، قَالَ: «فَاذْهَبْ، فَانْظُرْ إِلَيْهَا، فَإِنَّ فِي أَعْيُنِ الأَنْصَارِ شَيْئًا»}[(٣)].

واتە: ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەڵێ: لە لای پێغەمبەری خــوا ﷺ بــووم، پیاوێــك هاتــە لای، هەواڵی پێدا کە ئافرەتێکی ئەنصاریی خواستوە (داوای کردوە بۆ خوازبێنی)، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: ئایا تەماشات کردوە؟ گوتی: نەخێر نەمبینیوە، فەرمووی: بڕۆ تەماشای بکە، چونکە لە چاوی ئەنصارییەکان شتێك هەیە!

---

١) رَوَاهُ الْبُخَارِيّ: ٦٥٦٩، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.
٢) رَوَاهُ الْبُخَارِيّ: ٦٩٦١، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنه.
٣) رَوَاهُ الْبُخَارِيّ: ٤٨٤٨، عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنه.

(قَالَ النَّوَوِيّ: قِيلَ: الْمُرَاد صِغَر، وَقِيلَ زُرْقَـة)[١] واته: پێشەوا نەوەوی دەڵێ: دەڵێن: مەبەست ئەوەیە چاویان بچووکە، وە دەشڵێن: مەبەست ئەوە بووە کە چاویان شـین بووە.

١) المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، المؤلف: أبو زكريا يحيى بن شرف بن مري النووي، الناشر: دار إحياء التراث العربي، بيروت، الطبعة الثانية: ١٣٩٢. ج١٠، ص٢١٠.

هاوسەنگی لە دینداریی

١٤٥-«مَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي»[١].

واتە: هەر کەسێك لە ڕێبازی من لابدات، لە من نیە (واتە: لەم کردەوەدا لە ڕێی من لایداوە، نەك ئیتر لە بازنەی ئیسلام چووبێتە دەرو مسوڵمان نەمابێ).

ڕوونکردنەوە:

ئەنەس ﷺ دەڵێ: سێ کەس هاتن بۆ لای ماڵەکانی پێغەمبەر ﷺ، پرسیاریان کرد دەربارەی خواپەرستی پێغەمبەر ﷺ؟ کاتێك هەواڵیان پێدرا، بە کەمیان زانی، دوایی گوتیان: جا ئێمە لە کوێو پێغەمبەر ﷺ لە کوێ؟! خوا لە گوناهی پێشیو دوایی خۆش بووە.

یەکێکیان گوتی: من هەمیشە شەونوێژ دەکەم، (واتە: شەو ناخەوم).

ئەوی دیکەشیان گوتی: منیش هەموو ڕۆژێك بە ڕۆژوو دەبم.

ئەوی دیکەشیان گوتی: منیش دووریی لە ئافرەتان دەکەمو هەرگیز هاوسەرگیری ناکەم.

پێغەمبەری خوا ﷺ کە گەڕایەوە بۆ ماڵ، هەواڵیان پێدا، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ئێوە بوون کە ئاواو ئاواتان گوتوە؟ دوایی فەرمووی: ئاگاداربن! بە خوا من لە هەمووتان زیاتر لە خوا دەترسێمو لە هەمووشتان زیاتر پارێزی لێدەکەم، بەڵام بە ڕۆژوو دەبم، (واتە: ڕۆژووی سوننەت) جاری واش هەیە بەڕۆژووش نابم، وە شەوان نوێژیش دەکەم، وە دەشخەوم، (واتە: پشوو دەدەم)، وە هاوسەرگیریش دەکەم لەگەڵ ئافرەتان، هەر کەس لە ڕێبازی من لابدات، لە من نیە.

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيّ: ٤٧٧٦، وَمُسْلِم: ٦٩٤٧.

١٤٦-«يَا أَيُّهَا النَّاسُ! إِيَّاكُمْ وَالْغُلُوَّ فِي الدِّينِ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُم الْغُلُوُّ فِي الدِّينِ»[١].

واتە: ئەی خەڵکینە! خۆتان لە تێپەڕاندن لە دینداریيدا بپارێزن، ئەوانەی پێش ئێوە بە هۆی تێپەڕاندنەوە لە دینداریی دا فەوتان.

ڕوونکردنەوە:[٢]

ئەو بەرنامەو دینەی خوا دەینێرێ ئینسان هاوسەنگ دەکات، هەقی ڕووح، هەقی جەستە، هەقی عەقڵ، هەقی عاتیفە، هەقی تاك، هەقی خێزان، هەقی کۆمەڵ، هەقی دنیا، هەقی قیامەت، هەقی خوای پەروەردگار، هەموو هەقەکان دەدات، وەك لەم فەرمایشتە چەند مافێك باسکراوە: (عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرٍو رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ يَقُولُ: قَالَ لِي رَسُولُ اللهِ ﷺ: «أَلَمْ أُخْبَرْ أَنَّكَ تَصُومُ النَّهَارَ وَتَقُومُ اللَّيْلَ؟»، قُلْتُ: بَلَى. قَالَ: «فَلاَ تَفْعَلْ، فَإِنَّكَ إِذَا فَعَلْتَ ذَلِكَ هَجَمَتْ عَيْنَاكَ، وَنَفِهَتْ نَفْسُكَ، إِنَّ لِعَيْنِكَ حَقٌّ، وَلِنَفْسِكَ حَقٌّ، وَلأَهْلِكَ عَلَيْكَ حَقٌّ، صُمْ وَأَفْطِرْ، وَقُمْ وَنَمْ»)[٣].

هەموو ئەوانە مافی خوایە، دین ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێك و ڕاست بگیرێ ئینسان هاوسەنگ دەکات، بەڵام کاتێك تێیدەپەڕێنی بەسەر لایەکی دیکە، وەختێك کە ئینسان لەلایەك تێدەپەڕێنێ لەسەر حیسابی بە زایەدانی لایەکی دیکەیە، جا ئەگەر لایەنی عیبادەت تێپەڕێنێ دیارە لەسەر حیسابی دیکەیە، وە ئەگەر

---

١) صَحِيح: رَوَاهُ إِبْنُ مَاجَه: ٣٠٢٩، وَالنَّسَائِيّ: ٣٠٥٧ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، انظر: "صحيح إبن ماجه": ٣٠٢٩.

٢) تەفسیری قورئانی بەرزو بە پێز، سوورەتی (النساء)، ئایەتەکانی (١٧٠ – ١٧٦).

٣) صحيح: رَوَاهُ أَحْمَد: ٥٦٣٧، عَنِ إبْنِ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، وَصَحَّحَهُ شُعيب الأرنؤوط.

لەلایەنی زوهد تێپەڕێنی دیارە لەسەر حیسابی لایەکی دیکەیە، لایـەنی جـەنگ و جیهاد تێپەڕێنی دیارە لەسەر حیسابی لایەنێکی دیکەیە ... هتـد، بـەڵام ئەگـەر هەمووی بە هاوسەنگی بگیرێ دیارە بە هیچ لایاندا لاسەنگ نابێ.

١٤٧-«أَلاَ هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ»(١).

واتە: (پێغەمبەری خوا سێ جاران فەرموویەتی): ئاگاداربن! ئەوانەی سەختگیریی و توندی دەکەن (لە دینداریی) فەوتان.

ڕوونکردنەوە:

(یانی: لە شتێکدا سەختگیریی دەکەن کە پێویست ناکات سەختگیریی تێدا بکەن، تێدەپەڕێنن، سنوور بەزێنی دەکەن، چونکە لە دینداریيدا دەبێ نە تێبپـەڕێنی، نـە کورتبێنی، بەڵکو خەتی نێوەڕاست بگری).

١٤٨-«إِذَا قَالَ الرَّجُلُ: هَلَكَ النَّاسُ، فَهُوَ أَهْلَكُهُمْ»(٢).

واتە: ئەگەر کەسێك گوتی: خەڵك هەموو لە ناوچوون، ئـەوە هـەموو خـەڵکی بـە هیلاك داوە!

ڕوونکردنەوە:

لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە کابرا زۆر بە خۆی سەرسام و موعجیبە، خـۆی پـێ لـە خەڵك گرنگترو گەورەترە، وە بە چاوێکی کـەم سـەیری خـەڵك دەکـات، بێگومـان ئەمە حەرامە، بەڵام ئەگەر کەسێك وا بڵێ مەبەستی ئەوە بێ خەڵك لـە دینداری

١) رَوَاهُ مُسْلِم: ٦٩٥٥، وَأَبُو دَاوُدَ: ٤٦٠٨، وَاللَّفْظُ لَهُ، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه.
٢) رَوَاهُ مُسْلِم: ٦٨٥٠، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

زۆر خراپ بوو ون، وە ئەویش لەبەر ئەمە وا بڵێ کە دڵی بەوە نارەحەتە کە خەڵك لەو حاڵە خراپەدان، وە مەبەستی بە سووك باس کردنیان نەبێ، بەڵکو وەك خەمخۆریی بێ دروستە.

مەسرەف کێشانی ماڵ و منداڵ

١٤٩-«دِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي سَبِيلِ اللهِ، وَدِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي رَقَبَةٍ، وَدِينَارٌ تَصَدَّقْتَ بِهِ عَلَى مِسْكِينٍ، وَدِينَارٌ أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ، أَعْظَمُهَا أَجْرًا الَّذِي أَنْفَقْتَهُ عَلَى أَهْلِكَ»[1].

واتە: دینارێك كە خەرجی دەكەی لە پێناوی خوا، وە دینارێك كە خەرجی دەكەی بۆ ئازاد كردنی كۆیلەیەك، وە دینارێك كە دەیكەیە خێرو دەیبەخشی بە نەدارێك، وە دینارێك كە خەرجی دەكەی بۆ خێزانەكەت، ئەوەی كە بۆ خێزانەكەت خەرجت كردوە پاداشتی لە هەموویان زیاترە.

١٥٠-«إِنَّ الرَّجُلَ إِذَا سَقَى امْرَأَتَهُ مِنَ الْمَاءِ أُجِرَ»[2].

واتە: ئەگەر پیاو ئاو بداتە خێزانەكەی (ئەوە لەسەر ئەو ئاو پێدانە) پاداشتی دەدرێتێ.

١٥١-«يَدُ الْمُعْطِي الْعُلْيَا، وَابْدَأْ بِمَنْ تَعُولُ، أُمَّكَ وَأَبَاكَ، وَأُخْتَكَ وَأَخَاكَ، ثُمَّ أَدْنَاكَ أَدْنَاكَ»[3].

واتە: ئەو دەستەی كە دەبەخشێ بەرزە، وە (لە خێر كردن) لەوانەوە دەست پێبكە كە سەرپەرشتی كردنیان لە ئەستۆتە، دایكو باوكت، وە خوشكو برات، پاشان نیزیكو نیزیك تر لێت (لە خزمەكانت).

---

١) رَوَاهُ مُسْلِمٌ: ٢٣٥٨، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

٢) صَحيح: رَوَاهُ أَحْمَدُ: ١٧١٩٥، عَنِ عِرْبَاضِ بْنِ سَارِيَةَ رضي الله عنه، قَالَ شعيب الأرنؤوط: صحيح بِشَوَاهِدِهِ.

٣) صَحيح: رَوَاهُ ابْنُ حِبَّان: ٣٣٣٠، عَنْ طَارِقٍ الْمُحَارِبِيِّ رضي الله عنه قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح.

١٥٢-«طَعَامُ الإِثْنَيْنِ كَافِي الثَّلَاثَةِ، وَطَعَامُ الثَّلَاثَةِ كَافِي الأَرْبَعَةِ»[(١)].

واته: خواردنی دوو کەس بەشی سێ کەس دەکات، وە خواردنی سێ کەس بەشی چوار کەس دەکات.

١٥٣-«إِذَا أَنْفَقَتِ الْمَرْأَةُ مِنْ بَيْتِ زَوْجِهَا غَيرَ مُفْسِدَةٍ كَانَ لَهَا أَجْرُهَا، وَلَهُ مِثْلُهُ بِمَا اكْتَسَبَ، وَلَهَا بِمَا أَنْفَقَتْ»[(٢)].

واته: ئەگەر ئافرەت لە ماڵو سامانی مێردەکەی بکاتە خێرو بیبەخشێ، بێ ئەوەی زێدەڕۆیی تێدا بکات ئەوە پاداشتی بۆ هەیە، هەروەها پاداشت بۆ مێردەکەشی دەنووسرێ.

١٥٤-«مَنْ عَالَ جَارِيَتَيْنِ حَتَّى تَبْلُغَا، جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَا وَهُوَ»، وَضَمَّ أَصَابِعَهُ»[(٣)].

واته: هەر کەسێك دوو کچۆڵە بە خێو بکات هەتا باڵغ دەبن، لە ڕۆژی قیامەت کە دێت منو ئەو ئاواین، (پەنجاکانی هێنا تەنیشت یەك)!

١٥٥-«لَيْسَ أَحَدٌ مِنْ أُمَّتِي يَعُولُ ثَلَاثَ بَنَاتٍ، أَوْ ثَلَاثَ أَخَوَاتٍ، فَيُحْسِنُ إِلَيْهِنَّ، إِلاَّ كُنَّ لَهُ سِتْرًا مِنَ النَّارِ»[(٤)].

واته: هیچ یەکێك نیە لە ئوممەتی من سێ کچ، یان سێ خوشك بە خێو بکات، وە چاکەکاریێ لەگەڵیان، ئەوە بە دڵنیایی بۆی دەبنە ساترو دەیپارێزن لە ئاگری دۆزەخ.

---

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِي: ٥٣٩٢، وَمُسْلِم: ١٧٨، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

٢) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيّ: ١٣٥٩، وَمُسْلِمٌ: ٢٤١٣، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، وَاللَّفْظُ لِمُسْلِم.

٣) رَوَاهُ مُسْلِمٌ: ٦٨٦٤، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه.

٤) صَحِيحٌ: رَوَاهُ البَيْهَقِيُّ فِي "شعب": ١١٠٢٣، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، انظر: "صحيح الجامع": ٥٣٧٢.

دراوسێیەتی

١٥٦-«مَا زَالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بِالجَارِ، حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ سَيُوَرِّثُهُ»[(١)].

واتە: بەردەوام جبریل ئامۆژگاری دەکردمو وەصیەتی پێدەکردم بە باشبوونم لەگەڵ دراوسێ، هەتا وا گومانم برد کە دراوسێ میرات لە دراوسێ دەگرێ!!

١٥٧-«خَيْرُ الأَصْحَابِ عِنْدَ اللهِ خَيْرُهُمْ لِصَاحِبِهِ، وَخَيْرُ الْجِيرَانِ عِنْدَ اللهِ خَيْرُهُمْ لِجَارِهِ»[(٢)].

واتە: باشترین برادەر لە لای خوا ئەو برادەرەیە کە زۆر باشبێ بۆ برادەری خۆی، وە باشترین دراوسێ لە لای خوا ئەو دراوسێیەیە کە بۆ دراوسێیەکەی زۆر باشبێ.

١٥٨-«مَنْ أُعْطِيَ حَظَّهُ مِنَ الرِّفْقِ فَقَدْ أُعْطِيَ حَظَّهُ مِنْ خَيْرِ الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ، وَصِلَةُ الرَّحِمِ وَحُسْنُ الْخُلُقِ وَحُسْنُ الْجِوَارِ، يَعْمُرَانِ الدِّيَارِ، وَيَزِيدَانِ فِي الأَعْمَارِ»[(٣)].

واتە: هەر کەسێك بەشێکی لە نەرمو نیانی پێدرابێ ئەوە بە دڵنیاییی بەشی خۆی لە چاکە پێبەخشراوە لە دنیاو دوارۆژدا، وە پەیوەندی خزمایەتییو ڕەوشت جوانییو باشبوون لەگەڵ دراوسێ، وڵات ئاوەدان دەکاتەوەو تەمەنەکانیش درێژ دەکات.

---

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيّ: ٥٦٦٩، وَمُسْلِم: ٦٨٥٢ ، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا.

٢) صحيح: رَوَاهُ إبن حبّان: ٥١٨، عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنه. قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح.

٣) صَحِيح: رَوَاهُ أَحْمَد: ٦٥٦٦، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قال شعيب الأرناؤوط: إِسْنَادُهُ صَحِيح.

١٥٩-«عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قُلَتُ: يَا رَسُوْلَ اللهِ ﷺ! إِنَّ لِي جَارَيْنِ فَإِلَى أَيُّهُمَا أُهْدِي؟ قَالَ: إِلَى أَقْرَبِهِمَا مِنْكِ بَابَاً»[١].

واتە: عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! من دوو دراوسێم هەن، ئایا دیاری بۆ کامیان ببەم؟ فەرمووی: بۆ ئەو دراوسێیەی کە دەرگاکەی لێت نزیکترە.

١٦٠-«عَنْ عَبدِ اللهِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ يَا رَسُولَ اللهِ! مَتَى أَكُونُ مُحْسِناً؟ قَالَ: إِذَا قَالَ جِيرَانُكَ: أَنْتَ مُحْسِنٌ، فَأَنْتَ مُحْسِنٌ، وَإِذَا قَالُوا: إِنَّكَ مُسِيءٌ، فَأَنْتَ مُسِيءٌ»[٢].

واتە: عەبدوڵڵا خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، کەی من چاکەکار دەبم؟ (واتە: کەی بە کەسێکی چاکەکار دادەنرێم)؟ فەرمووی: ئەگەر دراوسێکانت پێیان گوتی: چاکەکار، ئەوە تۆ لە چاکەکارانی، وە ئەگەر گوتیان: تۆ خراپی، ئەوە تۆ لە خراپەکارانی.

ڕوونکردنەوە:

لە ڕاستیدا مرۆڤ لە دەست خۆیەتی بیەوێ لای خەڵك بە باش لە قەڵەم بدرێ، یان خراپ، چونکە مرۆڤ دواجار هەر مرۆڤەو دڵەکانیش لە بەرد دروست نەکراون، هەتا ئەگەر کەسێك چەند جارێك خراپەت بەرانبەر بنوێنی، بەڵام تۆ هەر فەرموودەی:

١) صَحيح: رَوَاهُ أَحْمَد: ٢٥٢٩٨، قال شعيب الأرنؤوط: إِسنَادُهُ صَحِيح عَلَى شَرْطِ الشيخَين.

٢) صَحيح: رَوَاهُ ابْنُ حِبَّانَ: ٥٢٥، قَالَ شعيب الأرنؤوط: إِسنَادُهُ صَحِيح عَلَى شَرْطِ الشيخَين.

(أحسن إلى من أساء إليك) بـەكاربێنی، بێگومـان ئـەویش دڵـی نـەرم دەبێـت، تەنانەت ئەگەر كەسێكی زۆر خـراپیش بێـت، كەواتـە: ئێمـە وەك مسـوڵمان زۆر پێویستمان بە شایەتی دانی باش هەیە لە لایەن دراوسێكانمانەوە هەر چەندە ئەگەر ئەو دراوسێیانە مسوڵمانیش نەبن، لەم بارەوە با ئەم ڕووداوە بخوێنینەوە پێكەوە:

دراوسێی چاك

عەبدوڵڵای كوڕی موبارەك دراوسێیەكی جوولەكەی هـەبوو دەیویسـت خانووەكـەی بفرۆشێ، پێی گوترا: بە چەند دەیفرۆشی؟ گوتی: بە دوو هەزار، گوترا: ئاخر ئـەوە هەر هەزار دێنێ، گوتی: ڕاست دەكەن، بەڵام هەزار هـەقی خانووەكـەو هـەزاریش هەقی دراوسێیەكەم كە عەبدوڵڵای كوڕی موبارەكە!! كە ئەم هەواڵە بـە عەبـدوڵڵا گەیشتەوە، پارەی خانووەكەی دا بە دراوسێیە جوولەكەكەیو گوتی: مەیفرۆشە.

ڕەوشتە بەرزو پەسندەکان
(حُسنُ الخُلُق)

(أ)- لە ئەسڵی زماندا:

(الحُسْنُ: ضِدُّ القُبح)[١]، واتە: (حُسْن) پێچەوانەی (قُبح)ە، یانی: ناشیرین، کەواتە: (حُسْن) واتە: جوانو باش.

(ب)- لە زاراوی شەرعدا:

(فَهي تَطهِرُ صَاحِبهَا مِنْ آفات اللَّسَانِ وَالجِنان، وَتَرتَقي بهِ إلى مَرَاتبِ الإحْسَانِ مَعَ خَالِقهِ وَمَعَ سَائِرِ النَّاس)، ڕەوشتی بەرزو پەسند خاوەنەکەی پاك دەکاتەوە لە خراپیەکانی زمانو دڵو دەروون، وە بە هۆی ئەم ڕەوشتە جوانییەوە بەرز دەبێتەوە بۆ پلەکانی چاکەکاریی لەگەڵ خوا کە دروستکەریەتی، وە هەروەها لەگەڵ هەموو خەڵکیش زۆر چاکەکار دەبێت.

چەند فەرموودەیەك لەوبارەوە:

١٦١-«إِنَّ الرَّجُلَ لَيُدْرِكُ بِحُسْنِ خُلُقِهِ، دَرَجَاتِ قَائِمِ اللَّيْلِ، صَائِمِ النَّهَارِ»[٢].

واتە: بە ڕاستی پیاو (یان ژن) بە هۆی ڕەوشت جوانییەوە دەگاتە پلەو پایەی کەسێك کە بە شەوان شەو نوێژ بکاتو بە ڕۆژیش بەڕۆژوو بێ.

---

١) مختار الصحاح، ص١٦٧.

٢) صَحيح، رَوَاهُ البَيْهَقِي في "شعب": ٧٩٩٨، عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، انظر "صحيح الجامع" رقم: ١٦٢٠.

١٦٢-«مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ، وَتَرَاحُمِهِمْ، وَتَعَاطُفِهِمْ، مَثَلُ الْجَسَدِ، إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى»[١].

واتە: وێنەی ئیمانداران لە یەكدی خۆشویستنو بەزەیی بە یەكدی هاتنەوەیانو پەرۆشیان بۆ یەكدی وەك یەك جەستەن، كە ئەگەر ئەندامێكی ناساغ بوو، هەموو جەستەكە بە شەونخونیو تا لێهاتنو بەشداری دەكات.

١٦٣-«أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا، وَإِنَّ حُسْنَ الْخُلُقِ لَيَبْلُغُ دَرَجَةَ الصَّوْمِ وَالصَّلَاةِ»[٢].

واتە: ئەو ئیماندارە ئیمانی كاملە كە: خاوەنی جوانترین ڕەوشتە، چونكە بە ڕاستی ڕەوشت جوانی دەگاتە پلەی نوێژو ڕۆژوو گرتن (مەبەست نوێژو ڕۆژووی سوننەتە).

١٦٤-«إِنَّ مِمَّا أَدْرَكَ النَّاسُ مِنْ كَلَامِ النُّبُوَّةِ الْأُولَى: إِذَا لَمْ تَسْتَحِي، فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ»[٣].

واتە: ئەوەی خەڵك پێی ڕاگەیشتوە لە قسەی پێغەمبەرەكانی پێشوو ئەمەیە: ئەگەر شەرمت نەكرد چیت دەوێ بیكە!!

١٦٥-«الحَيَاءُ مِنَ الإِيْمَانِ، وَالإِيْمَانُ فِي الجَنَّةِ»[٤].

واتە: شەرمنی لە ئیمانەوەیە، وە (خاوەنی) ئیمان لە بەهەشتە.

١) رَوَاهُ مُسْلِمٌ: ٢٥٨٦، عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ رضي الله عنه.

٢) صَحِيح: رَوَاهُ البَزَّار: ٧٤٤٥، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ١٥٧٨.

٣) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٥٦٥٤، عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ البَدرِيِّ رضي الله عنه.

٤) صَحِيح: رَوَاهُ التِّرمِذِيّ: ٢٠٠٩، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.، انظر: "الصحيحة" رقم: ٤٩٥.

١٦٦-«تَقَبَّلُوا لِي بِسِتٍّ، أَتَقَبَّلُ لَكُمْ بِالْجَنَّةِ»، قَالُوا: وَمَا هِيَ؟ قَالَ: «إِذَا حَدَّثَ أَحَدُكُمْ فَلاَ يَكْذِبْ، وَإِذَا وَعَدَ فَلاَ يُخْلِفْ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ فَلاَ يَخُنْ، غُضُّوا أَبْصَارَكُمْ، وَكُفُّوا أَيْدِيَكُمْ، وَاحْفَظُوا فُرُوجَكُمْ»[١].

واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ) ئێوە شەش شتم لێ وەربگرن‌و پێوەی پابەندبن منیش بەڵێنی بەهەشتتان پێ دەدەم، گوتیان: ئەو شتانە چین؟ فەرمووی: ئەگەر یەکێکتان قسەی کرد با درۆ نەکات، ئەگەر بەڵێنیدا نەیشکێنێ، ئەگەر ئەمانەتی پێ سپێردرا با خیانەت‌و ناپاکی تێدا نەکات، چاوتان لابدەن (لە سەیر کردنی حەرام وەك: تەماشاکردنی ئافرەتی نامەحرەم)، وە دەستان بگرنەوەو (لە هەر شتێکی خراپ)، وە داوێنتان بپارێزن‌و پاکی ڕابگرن.

١٦٧-«أَلاَ أُخْبِرُكُمْ بِأَحَبِّكُم إِلَيَّ، وَأَقْرَبِكُمْ مِنِّي مَجْلِسًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟»، فَسَكَتَ الْقَوْمُ، فَأَعَادَهَا مَرَّتَيْنِ، أَوْ ثَلاثًا، قَالَ الْقَوْمُ: نَعَمْ يَا رَسُوْلَ اللهِ، قَالَ: «أَحْسَنُكُمْ خُلُقًا»[٢].

واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی): ئایا هەواڵتان بدەمێ بە خۆشەویستترینتان لە لای من، وە بە نیزیکترینتان لە مەجلیسی من لە ڕۆژی دوایی؟ خەڵکەکە بێ دەنگ بوون، دووجار، یان سێ جار دووبارەی کردەوە، خەڵکەکە گوتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: ئەو کەسەتان کە لە هەمووتان ڕەوشتی جوانترە.

---

١) حَسَنٌ: رَوَاهُ الحَاكِمُ: ٨٠٦٧، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ٢٩٧٨.

٢) حَسَنٌ صَحِيحٌ: رَوَاهُ البُخَارِي في "الأَدَب المُفْرَد": ٢٧٢، عَنْ عَبدِ اللهِ بْنِ عَمْرو رضي الله عنه، انظر: "صحيح الترغيب والترهيب" رقم: ٢٦٥٠.

١٦٨-«إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ مَعَالِيَ الأُمُورِ، وَيَكْرَهُ سَفْسَافَهَا»(١).

واتە: بە ڕاستی خوا کارو کردەوەی بەرزی خۆشدەوێ‌و، کارو کردەوە کەم‌و سووکەکانی خۆشناوێ.

١٦٩-«وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لاَ تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تَرَاحَمُوا» قَالُوا: كُلُّنَا رَحِيمٌ، قَالَ: «إِنَّهُ لَيْسَ رَحْمَةُ أَحَدِكُمْ أَصْحَابَهُ، وَلَكِنَّهَا رَحْمَةُ العَامَّةِ»(٢).

واتە: سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە ناچنە بەهەشت تا بەبەزەیی نەبن، گوتمان: ئێمە هەموومان بە بەزەیین، فەرمووی: ئەوەنا کە یەکێکتان بەرانبەر هاوەڵەکەی بەبەزەیی بێ، بەڵکو بەبەزەیی بوون ئەوەیە بەرانبەر هەموو کەسێك بە بەزەیی بیت.

١٧٠-«إِنَّ اللَّهَ أَوْحَى إِلَيَّ أَنْ تَوَاضَعُوا، حَتَّى لاَ يَبْغِيَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ، وَلاَ يَفْخَرَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ»(٣).

واتە: خوا وەحی بۆ ناردووم کە زۆر خاکی‌و سادەبن‌و خۆ بە گەورە نەگرن، تا هیچ یەکێکتان ستەم لە یەکێکی دیکەتان نەکات، وە هیچ کەسێکتان شانازی بەسەر کەسێکی دیکەتانەوە نەکات.

---

١) صحيح: رَوَاهُ الطَّبَرَانِيُّ في "الأوسط": ٦٩٠٦، عَنْ جَابِرٍ رضي الله عنه، انظر: "الصحيحة" رقم: ١٦٢٧.

٢) حسن: رَوَاهُ الحَاكِمِ في "المستدرك": ٧٣١٠، عَنْ أَبِي مُوسَى الأَشْعَرِيِّ رضي الله عنه، انظر: "صحيح الترغيب والترهيب" رقم: ٢٢٥٣.

٣) رَوَاهُ مُسْلِمٌ: ٢٨٦٥، عَنْ عِيَاضِ بْنِ حِمَارٍ رضي الله عنه.

١٧١-«إِذَا أَصْبَحَ ابْنُ آدَمَ فَإِنَّ الأَعْضَاءَ كُلَّهَا تُكَفِّرُ اللِّسَانَ، فَتَقُولُ: اتَّقِ اللَّهَ فِينَا، فَإِنَّمَا نَحْنُ بِكَ، فَإِنِ اسْتَقَمْتَ اسْتَقَمْنَا، وَإِنِ اعْوَجَجْتَ اعْوَجَجْنَا»[1].

واتە: هەموو بەیانیەك كە ڕۆژ دەبێتەوە گشت ئەندامەكانی مرۆڤ خۆیان ملكەچیی زمان دەكەنو پێی دەڵێن: لە خوا بترسە دەربارەی ئێمە، چونكە ئێمە پەیوەستین بە تۆوە، ئەگەر تۆ ڕاستبی ئەوە ئێمەش ڕاست دەبین، وە ئەگەر تۆ خوارو ناڕاستبی ئەوە ئێمەش خوارو ناڕاست دەبین.

١٧٢-«عَنْ هَانِيء بْنِ يَزِيد ﵁، قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَخْبِرْنِي بِشَيْءٍ يُوجِبُ لِي الجَنَّةَ؟ قَالَ: عَلَيْكَ بِحُسْنِ الكَلامِ، وَبَذْلِ الطَّعَامِ»[2].

واتە: هانیئ كوڕی یەزید ﵁ دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵم بدەری بە شتێك كە بیكەمو بەهەشتم بۆ پێویست بێ؟ ئەویش فەرمووی: قسەت خۆشو ڕێكو پێك بێ، وە ناندەریش بە.

١٧٣-«مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُزَحْزَحَ عَنِ النَّارِ، وَيَدْخُلَ الجَنَّةَ فَلْتَأْتِهِ مَنِيَّتُهُ، وَهُوَ يَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللَّهِ، وَلْيَأْتِ إِلَى النَّاسِ الَّذِي يُحِبُّ أَنْ يُؤْتَى إِلَيْهِ»[3].

واتە: هەر كەسێك حەز دەكات لە ئاگر دووربخرێتەوەو بچێتە بەهەشتەوە، با لەو كاتەی دەمرێ شایەدی بدات كە جگە لە خوا هیچ پەرستراوی دیكەنین، وە موحەممەد ڕەوانەكراوی خوایە، وە با ئەوە لەگەڵ خەڵكی بكات كە پێی خۆشە خەڵك لەگەڵی بكەن.

(یانی: بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵك بكات، كە پێی خۆشە خەڵك مامەڵەی لەگەڵ بكەن).

---

١) حسن: رَوَاهُ التِّرمِذِيُّ: ٢٤٠٧، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁، انظر: "صحيح الجامع" رقم: ٣٥١.

٢) صَحيح: رَوَاهُ البُخَارِي في "الأدب المفرد": ٨١١، انظر: "الصحيحة" رقم: ١٩٣٩.

٣) صَحيح: رَوَاهُ إِبْنُ أبي شَيَبه: ٦١١٣، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ﵁. انظر: "الصحيحة" رقم: ٢٤١.

١٧٤-«عَنْ أَنَسٍ ﵁، قَالَ: خَدَمْتُ النَّبِيَّ ﷺ، عَشْرَ سِنِينَ، فَمَا قَالَ لِي: أُفٍّ وَلاَ: لِمَ صَنَعْتَ وَلاَ: أَلاّ صَنَعْتَ»[1].

واتە: ئەنەس خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: دە ساڵ خزمەتی پێغەمبەرم ﷺ کرد، نە پێی گوتم: ئۆف!! وە نە پێی گوتم: بۆ ئەم کارەت کردوە، وە نە پێی گوتم: بۆ ئەم کارەت نەکردوە.

١٧٥-«الحَيَاءُ وَالعِيُّ: شُعْبَتَانِ مِنَ الإِيْمَانِ، وَالبَذَاءُ وَالبَيَانُ: شُعْبَتَانِ مِنَ النِّفَاقِ»[2].

واتە: شەرمنیو کەم قسە کردن: دوو بەشن لە ئیمان، وە زمان پیسییو زمان لووسیش: دوو بەشن لە نیفاقو دووڕوویی.

١٧٦-«لاَ تَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئًا، وَلَوْ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ»[3].

واتە: هیچ شتێك لە چاکەکردن بە کەم مەزانە، ئەگەر تۆ بگەیە برای خۆت بە ڕوویەکی گەشو خۆشەوە (چاکەت بۆ دەنووسرێ).

١٧٧-«مَنْ كَظَمَ غَيْظًا وَهُوَ يَقْدِرُ عَلَى أَنْ يُنْفِذَهُ، دَعَاهُ اللهُ عَلَى رُؤُوسِ الخَلاَئِقِ يَوْمَ القِيَامَةِ، حَتَّى يُخَيِّرَهُ فِي أَيِّ الْحُورِ شَاءَ»[4].

واتە: هەر کەسێك تووڕەیی خۆی قوتداتەوەو دەرینەبڕێ، لە کاتێکدا بشتوانێ دەری ببڕێ، ئەوە لە ڕۆژی دوایی لە نێو هەموو دروستکراوەکان خوا بانگی دەکاو سەرپشکی دەکات تا بە ئارەزووی خۆی کام حۆری بیەوێ هەڵیبژێرێ بۆ خۆی.

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيُّ: ١٤٠٠، وَمُسْلِمٌ: ٢٤٧١. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁.

٢) صَحِيح: رَوَاهُ أَحْمَد: ٢٢٣٦٦، عَنْ أَبِي أُمَامَةَ ﵁. تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح دون قوله: والعي والبيان.

٣) صحيح: رَوَاهُ مُسْلِمٌ: ٦٨٥٧، عَنْ أَبِي ذَرٍّ ﵁.

٤) حَسَنٌ: رَوَاهُ التِّرمِذِيّ: ٢٤٩٣، عَنْ مُعَاذِ بْنِ أَنَسٍ ﵁، انظر: "صحيح إبن ماجه" رقم: ٣٣٧٥.

ڕوونکردنەوە:

مەبەست لێرەدا ئەوەیە ئەو کەسەی زاڵە بەسەر نەفسی خۆیو ناکەوێتە ژێر کاریگەری نەفسی ئەوە کەسێکی ستایش کراوە، بۆیە لە ڕۆژی دوایی خوا لە بەر چاوی هەموو دروستکراوەکان ئەو کەسانە دێنێتە دەرو باسیان دەکاتو مەدحیان دەکات، وە شانازیان پێوە دەکات کە بەندەی وای هەبووە هێندە زاڵ بووەو زۆر زوو تووڕە بوو ون، جا کە ئەم کینایەشە لەوە کە ئەم کەسە بەهەشتیەو دەچێتە بەهەشت لەوێ سەر پشك دەکرێ کام حۆری دەوێ، داوای بکات، بەلاّم قووتدانەوەی تووڕەیی تەنها کاتێك باشە کە زیاتر بۆ بەرگری کردن لە نەفسی خۆمان بێ.

ئایا پێغەمبەری خوا تووڕە بووە؟ چۆن تووڕە بووە؟ وە لەبەر چی تووڕە بووە؟ بۆ وەلامی ئەو پرسیارانە با گوێ لە دایکمان عائیشە خان خوا لێی ڕازی بێ بگرین، دەفەرموێ: «وَاللَّهِ مَا انْتَقَمَ لِنَفْسِهِ فِي شَيْءٍ يُؤْتَى إِلَيْهِ قَطُّ حَتَّى تُنْتَهَكَ حُرُمَاتُ اللَّهِ، فَيَنْتَقِمُ لِلَّهِ»[١]، واتە: وەڵلاهی هەرگیز پێغەمبەری خوا لەبەر خودی خۆی تووڕە نەبووەو تۆڵەی نەسەندۆتەوە، مەگەر لەبەر ئەوەی سنووره قەدەغەکراوەکانی شکێنرابێو تۆڵەی بۆ دینی خوا سەندبێتەوە.

لە کۆتایی ئاماژە بەم قسە جوانەی پێشەوا شافیعی دەکەم کە دەڵێ: (مَنِ اسْتُغْضِبَ فَلَمْ يَغْضَبْ فَهُوَ حِمَارٌ، وَمَنْ اسْتُرْضِيَ فَلَمْ يَرْضَ فَهُوَ شَيْطَانٌ)[٢]، واتە: هەر کەسێك تووڕە بکرێو پێویست بکات تووڕە بێ، تووڕە نەبێ ئەوە گوێ درێژە،

١) صَحيح: رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٦٢٨٨.

٢) سير أعلام النبلاء، ج١٠، ص٤٢.

وە هەر کەسێك ڕازی بکرێو (ئەوەی دەیەوێ پێی بدرێ) ڕازیش نەبێ ئەوە شەیتانە!!

کەسمان گومانمان لەوە نیە پێغەمبەری خوا تووڕە بووە، وە خوای پەروەردگاریش مەدحی ئەو کەسانەی نەکردوە تووڕە نابن، بەڵکو مەدحی ئەو کەسانەی کردووە کە تووڕە دەبن تووڕەییەکەیان قوتدەدەنەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿وَٱلْكَـٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ ۝١٣٤﴾ آل عمران، واتە: وە قوتدەرەوانی ڕقو تووڕەیی.

١٧٨-«إِذَا زَارَ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَجَلَس عِنْدَهُ، فَلاَ يَقُومَنَّ حَتَّى يَسْتَأْذِنَهُ»[١].

واتە: ئەگەر یەکێکتان سەردانی برایەکی خۆی کردو لە لای دانیشت، با هەڵنەستێ تا مۆڵەتی لێ وەردەگرێ.

١٧٩-«لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ، مَا يُحِبُّ لِنَفسِهِ»[٢].

واتە: یەکێك لە ئێوە بە بڕوادار دانانرێ تاکو چی بۆ خۆی پێ خۆشە، بۆ براو (خوشکی مسوڵمانیشی) پێی خۆش نەبێ.

١٨٠-«اليَدُ العُلْيَا خَيْرٌ مِنَ اليَدِ السُّفْلَى، وَاليَدُ العُلْيَا هِيَ المُنْفِقَةُ، وَالسُّفْلَى هِيَ السَّائِلَةُ»[٣].

واتە: دەستی بەرز باشترە لە دەستی نزم، دەستی بەرز ئەو دەستەیە دەبەخشێ، وە دەستی نزم ئەو دەستەیە کە سواڵ دەکاتو داوا دەکات.

---

١) صَحِيحٌ: رَوَاهُ الدَّيْلَمِي: ١٢٠٠، عَنِ ابْنِ عُمَر رضي الله عنه، انظر: "الصحيحة" رقم: ١٨٢.

٢) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٢١٨٧، عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه.

٣) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيّ: ١٤٢٩، وَمُسْلِم: ١٠٣٣.

هەندێ لە نیشانەکانی ڕەوشت جوانی
(عَلاَمَات حُسْنُ الْخُلُق)

ئێستاش ئاماژە بە هەندێك لە نیشانەکانی ڕەوشت جوانی (حُسْنُ الْخُلُق) دەکەین، بۆ سوودو بەرچاوڕوونیی زیاترو خۆ ڕازاندنەوەی باشتر، کە خاوەنی کتێبی: (إحياء علوم الدّين) هێناویەتی:

١- «كَثِيرُ الْحَيَاءِ»: زۆر بە شەرمو حەیایی.

٢- «عَدَمُ الأذَى»: ئازار نەبوون بۆ خەڵك.

٣- «كَثِيرُ الإِصْلاَحِ»: زۆر ئەنجامدانی چاکەکاریو ئاشتکردنەوەی نێوان خەڵك.

٤- «صَدُوق اللِّسَانِ»: ڕاستگۆیی لە کاتی قسە کردن.

٥- «قَلِيل الْكَلاَمِ»: کەم قسە کردن.

٦- «كَثِيرُ الْعَمَل»: زۆر ئەنجامدانی کردەوەی چاك.

٧- «قَلِيل الزَّلَل»: کەم هەڵخلیسکانو هەڵە کردن (لە کردارو گوفتار).

٨- «وَقوراً صَبُوراً»: گرانو سەنگینیو ئارامگریی.

١٠- «شَكُوراً رَضِيّاً»: سوپاسگوزارییو ڕازی بوون بە هەموو نیعمەتەکان.

١١- «حَلِيماً رَفِيقاً»: هێدییو مەندیو نەرمو نیانی.

١٢- «عَفِيفاً»: داوێن پاکی.

١٣- «شَفِيقاً»: بە سۆزییو پەرۆشیی.

١٤- «لا لَعَانًا وَلاَ سَبَّابًا»: نەفرەت نەكردن‌و جنێو نەدان.

١٥- «وَلاَ نَمَّامًا»: قسە نەهێنان‌و نەبردن لە نێوان خەڵكی بۆ ئاشووب نانەوە.

١٦- «وَلاَ مُغتَابًا»: باس نەكردنی خەڵك لە پاشملە كە پێیان ناخۆشبێ.

١٧- «وَلاَ عَجُولاً»: زۆر پەلە پەل نەكردن.

١٨- «وَلاَ حَقُودًا»: نەبوونی ڕق‌و كینە لە دڵ‌و دەروون.

١٩- «وَلاَ بَخِيلاً»: ڕەزیل‌و چرووك نەبوون.

٢٠- «وَلاَ حَسُودًا»: نەبوونی حەسوودیی.

٢١- «بَشَّاشًا هَشَّاشًا»: هەمیشە زەردەخەنە لەسەر لێوو ڕووخۆشیی.

٢٢- «يُحِبُّ فِي اللهِ»: خۆشویستن لەبەر خوابێ‌و بەس.

٢٣- «يُبْغِضُ فِي اللهِ»: ڕق لێبونەوە لەبەر خوابێ‌و بەس.

٢٤- «أَدَاءُ الأَمَانَةِ»: دانەوەی ئەمانەت‌و دەست پاكی.

٢٥- «إِعْطَاءُ السَّائِلِ»: بەخشین لە كاتی داوا لێكران لەلایەن كەسی ئاتاج.

٢٦- «صِلَةُ الرَّحِمِ»: بەجێهێنانی پەیوەندی خزمایەتی.

٢٧- «قِرَى الضَيْفِ»: ڕێزگرتنی میوان.

وە (ابْنُ حَجَر العَسْقَلاَنِي) لە (فَتْحُ البَارِي) ڕەوشتە جوان‌و پەسندەكانی بە شێوازێكی زۆر جوان تەرتیب كردووە‌و سەر ژمێری كردوون، وە گەیاندوونی بە شەست‌و نۆ سیفەت بەم شێوەیە:

سیفەتەكانی پەیوەستن بە زمان

١- بە قسە گوتنی وشەی تەوحید، واتە: (لا إلَه إلاَّ الله).

٢- خوێندنەوەی قورئان.

٣- فێربوونی زانیارییو زانست.

٤- (خەڵك) فێری زانیارییو زانست كردن.

٥- پاڕانەوە لە خوای پەروەردگار.

٦- زیكری خوا، كە داوای لێ خۆشبوونیش دەگرێتەوە.

٧- خۆ پاراستن لە گوتنی قسەی زیادو بێ سوود.

سـیفەتەكانی پەیوەستن بە جەستە

١- خۆ پاككردنەوەی هەست پێكراوو، واتە: لە ڕووی ئەحكامی شەرعیی، وە خـۆ پاراستن لە پیسیەكان دەگرێتەوە.

٢- داپۆشتنی عەیبەو شەرمگا.

٣- ئەنجامدانی نوێژە فەڕزو سوننەتەكان.

٤- وە هەروەها زەكات دان.

٥- وە ئازاد كردنی كۆیلە.

٦- سەخاوەتی، كە ناندانو ڕێزگرتنی میوان دەگرێتە خۆی.

٧- ڕۆژووە فەڕزو سوننەتەكان.

٨- وە هەروەها ئەنجامدانی حەجو عومرە.

٩- سوورِانەوە بە دەوری کەعبە.

١٠- مانەوە لە مزگەوت بۆ خواپەرستی.

١١- گەڕان بە دوای شەوی قەدر، لە شەوانی ڕەمەزان.

١٢- ڕاکردنو هەڵاتن بە هۆی دینەوە، کە دیارە کۆچکردن لە شوێنی شیرك بۆ شوێنی خواپەرستی دەگرێتەوە.

١٣- وەفاکردن بە نەزر، یانی کە بەڵێنی بە خوا دا نەزر بکات، ئەنجامی بدات.

١٤- گەڕان بە دوای ئیمان، لەبەر ئەوەی ئیمان زیادو کەم دەکات ئینسان هەمیشە دەبێ هەوڵبدات هۆکارەکانی زیاد بوونی ئیمان بە دەست بێنێ.

١٥- کە کەفارەتی دەکەوێتە سەر بیدات، وەك: کەفارەتی ڕۆژوو، کەفارەتی سوێندو..

شەشە سیفەت تایبەتن بە گوێڕایەڵی

١- خۆپاك ڕاگرتن بە هۆی نیکاحەوە، وە هەڵسان بە ئەنجامدانی هەقی ماڵو خێزان.

٢- چاك بوون لەگەڵ دایكو باوك، وە خۆ دوورگرتن لە خراپ بوون لەگەڵیان.

٣- باش پەروەردەکردنی منداڵ.

٤- بەجێ هێنانی پەیوەندی خزمایەتی.

٥- گوێڕایەڵی کردنی برا گەورە.

٦- بەبەزییو نەرمو نیان بوون لەگەڵ کۆیلەو خزمەتکار.

سـیفەتە گشـتیەکان:

١- هەڵسان بە ئەنجامدانی کاروباری خەڵك بە دادگەریی.

٢- هەمیشە لەگەڵ کۆمەڵو تـاقم دابـوون، واتـە: خـۆ دوورگـرتن لـە بـە تـەنیا کارکردن، (چونکە دیارە گورگ ئەو مەڕە دەخوات کە لە مێگەل دادەبڕێ).

٣- گوێڕایەڵی کردنی کاربەدەستان (لە شتی باش).

٤- ئاشتکردنەوەی نێوان خەڵك.

٥- هاوکاری یەکدی کردن لەسەر چاکە، کە ئەوەش فەرمان بە چاکەو ڕێگـری لـە خراپە دەگرێتەوە.

٦- جێبەجێ کردنی سنوورەکانی خوا، یاسا شەرعییەکان.

٧- جەنگو جیهاد کردن لە پێناوی خوا، کە ڕاوەسـتاوی لـە جـەنگیش دەگرێتـە خۆی، (مُرَابَطَة) وەك (مُحَافَظَة) وایـە، واتـە: پارێزگـاریی لێکـردنو مانـەوە لـە شوێنی خۆ.

٨- تەسلیم کردنەوەی ئەمانەتو سپاردە.

٩- قەرزدان، وە وەفا پێکردنی (وە سوپاس کردنی خاوەن قەرز).

٢٠- ڕێزگرتنو باش بوون لەگەڵ دراوسێ.

٢١- جوان هەڵسوکەوت کردن لە مامەڵەدا.

٢٢- کۆکردنەوەی ماڵ بە ڕێگەیەکی حەڵاڵ، وە خـەرج کردنیشـی بـە شـێوەیەکی شایستەو زێدەڕۆیی‌و نەکردن تێیداو چرووکی نەکردن لە خەرج کردنیدا.

٢٣- وەڵامدانەوەی سەلام.

٢٤- کەسێك کە بژمیو گوتی: (الْحَمْدُلله) پێی بڵێی: (يَرْحَمُكَ الله).

٢٥- دەست گرتنەوە لە ئەزیەتدانی خەڵك.

٢٦- خۆ دوورگرتن لە قسەی ناشیرین.

٢٧- لادانی ئەزیەتو ئازار لەسەر ڕێی خەڵکی.

فەرمووده قودسیەکان

(الحَديثُ القُدْسِيّ): بریتیە لەو فەرموودانەی کە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ لە خوای پەروەردگارەوە دەیگێڕێتەوە، جا هەر بێژەو لەفزەکە هی خوا بێ، یان تەنیا ماناکەی هی خوا بێت، بەڵام جگە لە قورئان، واتە: قورئانو فەرموودەی قودسی هەردووکیان هی خوای پەروەردگارن، لەگەڵ هەبوونی ئەو جیاوازیانەی خوارەوە:

جیاوازی نێوان قورئانو فەرموودەی قودسی:

١- قورئان هەمووی لە ڕێی جبریل (علیه السلام)ەوە هاتوە، بەڵام فەرموودەی قودسی جاری وایە جبریل هێناویەتی، جاروایش هەبووە خوا ئیلهامی دڵی پێغەمبەری کردوەو خستوویەتیە دڵی موبارەکی.

٢- قورئان موتەواتیرە[١]، واتە: دڵنیاییو یەقینمان هەیە، هەمووی تەواوەو ڕاستە لە خواوەیە، بەڵام فەرموودەی قودسی هەیە ڕاستە، هەیە لاوازە، هەیە هەڵبەستراوە، کەواتە: هەموو فەرموودەیەکی قودسی صەحیح نیە.

٣- قورئان دابەش کراوە بۆ چەند سوورەتو ئایەتو حزبو بەشێك، بەڵام فەرموودەی قودسی وا نیە.

٤- قورئان لە ناو نوێژ دەخوێنرێ، بەڵام دروستە نیە فەرموودەی قودسی لە ناو نوێژ بخوێنرێ.

٥- پاداشتی خوێندنەوەی قورئان شتێکی جێگیرو سەلمێنراوە، بەڵام فەرموودەی قودسی هەمان فەزلو پلەو پاداشتی نیە.

---

١) المتواترُ: ما رَوَاهُ جماعة في كُل طبقة من طبقات السَّنَد تَحيلُ تواطؤهم وتوافقهم على الكذب واستندوا إلى أمرٍ مَحسوس.

٦- قورئان موعجیزەیەکی دەستەوسانکەرە بە درێژایی زەمانو بە پانایی زەمین دەمێنێتەوە هەتا دونیا مابێ، بەڵام فەرموودەی قودسی موعجیزەو دەستەوسانکەر نیە.

٧- بڕوا نەبوون بە قورئان کوفرە، خاوەنەکەی لە بازنەی ئیسلامو ئیمان دەچێتە دەر، بەڵام بڕوا نەبوون بە فەرموودەیەکی قودسی بە هۆی ئەوەی کە لاوازە نەك کوفر نیە، بەڵکو ئاساییە، (هەروەك زۆر فەرموودەی قودسی هەن کە لاوازن، لە ڕووی سەنەدەوە ناگەن بە پێغەمبەری خوا ﷺ).

٨- دروست نیە قورئان بە مانا بگێڕدرێتەوە، بەڵام دروستە فەرموودەی قودسی بە مانا بگێڕدرێتەوە.

بەڕێزان!

دیارە ئەم دە (١٠) فەرموودەی سەرەتا لە ئەسڵدا ئەبو زەڕ خوا لێی ڕازی بێت، بە یەك ڕیوایەت هێناویەتی لە (صحيح مسلم) بە ژمارە (٦٧٣٧) لە باسی (باب: تحريم الظلم)، بەڵام بۆ ئاسانی لەبەر کردن، دابەشمان کرد بۆ چەند بڕگەیەك، کە هەر یەکەی بە شێوەی فەرموودەیەکی سەربەخۆ دەبینرێ:

١٨١-«يَا عِبَادِي! إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي، وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمَاً فَلاَ تَظَالَمُوا».

ئەی بەندەکانم! من ستەمم لەسەر خۆم قەدەغە کردووەو لە نێو ئێوەشدا قەدەغەم کردووەو ستەم لە یەکدی مەکەن.

١٨٢-«يَا عِبَادِي! كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلاَّ مَنْ هَدَيْتُهُ، فَاسْتَهْدُونِي أَهْدِكُمْ».

ئەی بەندەکانم! هەر کامێك لە ئێوە گومڕایە مەگەر ئەوەی من بیخەمە سەر ڕێی ڕاست داوای خستنە سەر ڕێی ڕاستم لێ بکەن بۆ ئەوەی بتان خەمە سەر ڕێی ڕاست.

١٨٣-«يَا عِبَادِي! كُلُّكُمْ جَائِعٌ إِلاَّ مَنْ أَطْعَمْتُهُ، فَاسْتَطْعِمُونِي أُطْعِمْكُمْ».

ئەی بەندەکانم! هەر کامێك لە ئێوە برسییە مەگەر ئەوەی من خواردنی پێ بدەم داوای خواردنم لێ بکەن، بۆ ئەوەی خواردنتان پێ بدەم.

١٨٤-«يَا عِبَادِي! كُلُّكُمْ عَارٍ إِلاَّ مَنْ كَسَوْتُهُ فاسْتَكْسُونِي أَكْسُكُمْ».

ئەی بەندەکانم هەر کامێك لە ئێوە ڕووتو بێ پۆشاك دەبێ مەگەر ئەوەی من بیپۆشم داوای پۆشاکم لێ بکەن، بۆ ئەوەی پۆشاکتان بکەمە بەر.

١٨٥-«يَا عِبَادي! إِنَّكُمْ تُخْطِئُونَ باللَّيلِ وَالنَّهارِ، وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعاً فَاسْتَغْفِرُوني أَغْفِرْ لَكُمْ».

ئەی بەندەکانم! ئێوە بە شەوو ڕۆژ هەڵە دەکەنو گوناهان دەکەن منیش لە هەموو گوناهان دەبورم، داوای لێبوردنم لێ بکەن بۆ ئەوەی لێتان ببورم.

١٨٦-«يَا عِبَادِي! لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ، وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، قَامُوا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ فَسَأَلُونِي فَأَعْطَيْتُ كُلَّ إِنْسَانٍ مَسْأَلَتَهُ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِي، إِلاَّ كَمَا يَنْقصُ المِخْيَطُ إِذَا أُدْخِلَ البَحْرَ».

ئەی بەندەکانم! ئەگەر ئەوانەی پێشێتانو ئەوانەی دواییتان مرۆڤەکانتانو جنەکانتان هەمویان لە شوێنێك ڕابوەستنو هەموویان داوام لێ بکەن، وە هەر کامێك لە ئێوە داواکەی بۆ جێبەجێ بکەم، ئەوە هیچ لەوەی کە لە لامە کەم ناکات، مەگەر ئەو ئەندازەیە کە دەرزیەك دەخرێتە ناو ئاوی دەریاوە چەندی لێ کەم دەکات.

١٨٧-«يَا عِبَادي! إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغوا ضُرِّي فَتَضُرُّوني، وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفعِي فَتَنْفَعُوني».

ئەی بەندەکانم! ئێوە ناتوانن بگەنە ئاستێك کە زیان لە من بدەن، وە ناشتوانن بگەنە ئاستێك کە سوود بە من بگەیەنن.

١٨٨-« يَا عِبَادِي! لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ، وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ، مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِي شَيْئًا » } .

ئەی بەندەکانم! ئەگەر ئەوانەی پێشێتانو ئەوانەی دواییتان هەموو مرۆڤەکانو جنەکان لەسەر دڵی پارێزکارترین پیاو بن لە ئێوە، هیچ لە موڵکی من زیاد ناکات.

١٨٩-«يَا عِبَادِي! لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ، وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ، كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ، مَا نَقَصَ ذَلِكَ من مُلْكِي شَيْئًا» .

ئەی بەندەکانم! ئەگەر ئەوانەی پێشێتانو ئەوانەی دواییتان مرڤەکانتانو جنەکانتان هەمووتان بە پێی دڵی تاوانبارترین پیاو بن، ئەوە هیچ لە موڵکی من کەم ناکات (چونکە موڵکی خوا جێگیرە، زیادو کەم ناکات).

١٩٠-«يَقُولُ اللَّهُ سُبْحَانَهُ: يَا ابْنَ آدَمَ! إِنْ صَبَرْتَ وَاحْتَسَبْتَ عِنْدَ الصَّدْمَةِ الأُولَى، لَمْ أَرْضَ لَكَ بِثَوَابٍ دُونَ الْجَنَّةِ»[(١)].

واتە: خوای پاك فەرموویەتی: ئەی نەوەی ئادەم! ئەگەر ئارام بگری و چاوەڕێی پاداشت بکەی لە کاتی موصیبەتو بەلادا، ئەوە جگە لە بەهەشت بە هیچ پاداشتێکی تر ڕازی نابم بۆت.

١٩١-«عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «قَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: يَسُبُّ ابْنُ آدَمَ الدَّهْرَ وَأَنَا الدَّهْرُ بِيَدِي اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ»[(٢)].

واتە: ئەبو هورەیرە رضي الله عنه، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: خوای زاڵی پایەدار دەفەرموێ: نەوەی ئادەم (مرۆڤ) جنێو قسەی ناشرین بە ڕۆژگار دەدات، کەچی ڕۆژگاریش کە شەوو ڕۆژە بە دەست منە.

---

١) حسن: رَوَاهُ إِبْنُ مَاجَه: ١٥٩٧، عَنْ أَبِي أُمَامَةَ رضي الله عنه، انظر: "صحيح إبن ماجه" رقم: ١٢٩٨.

٢) رَوَاهُ مُسْلِم: ٥٩٩٩.

١٩٢-«يَا عِبَادِي! إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُمْ، ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا، فَمَنْ وَجَدَ خَيراً فَلْيَحْمَدِ اللهَ، وَمَنْ وَجدَ غَيْرَ ذلِكَ فَلا يَلُومَنَّ إلاَّ نَفسَهُ».

واتە: ئەی بەندەکانم! تەنیا کردەوەکانی خۆتان بۆتان دەژمێرمو سەر ژمێر دەکەم، وە دوایی پاداشتتان دەدەمەوە، یان سزاتان دەدەم بە پێی کردەوەکانتان، جا هەر کەسێك چاکەی بینی با ستایشی خوا بکات، وە هەر کەسێك جیا لەوەی بینی، (واتە: سزای بینی، خراپەی بینی) با جگە لەوەی لە خۆی لۆمەی کەس نەکات.

١٩٣-«لاَ أَجْمَعُ لِعَبْدِي أَبَدَاً أمْنَيْنِ وَلاَ أَجْمَعُ لَهُ خَوْفَيْنِ إِنْ هُوَ أَمِنَنِي فِي الدُّنْيَا خَافَنِي يَوْمَ أَجْمَعُ فِيهِ عِبَادِي، وَإِنْ هُوَ خَافَنِي فِي الدُّنْيَا أَمَّنْتُهُ يَوْمَ أَجْمَعُ فِيهِ عِبَادِي»[1].

واتە: (خوا فەرموویەتی): دوو هێمنیو دوو ترس لە (دڵی) بەندەی خۆم کۆناکەمەوە، ئەگەر بەندە لە دونیا لێم نەترسا، لە ڕۆژی کۆکردنەوەی بەندەکانم لێم دەترسێ، ئەگەر لە دونیاش لێم ترسا، ئەوە لە ڕۆژی حەشرو کۆکردنەوەی بەندەکانم دڵنیایی پێ دەبەخشم.

ڕوونکردنەوە:

هەندێك لە ڕوونکەرەوانی فەرموودە گوتوویانە: خوا فەرموویەتی: مـن ڕۆژگارم، کەچی خەڵك جنێو بە ڕۆژگار دەڵێن، بەڵام بێگومان خوا مەبەستی ئەوە نیە، وە ڕۆژگار نا ناوێکی خواو نە سیفەتێکی خوای پەروەردگارە، بەڵکو خوا دەیەوێ: شتەکان بگێڕێتەوە بۆ لای دەستەڵاتی خۆیو خەڵك بزانن هەرچی ڕوو دەدات بە ئەندازەو تەقدری خوایە، غەیری خوای پەروەردگار هیچ کەس هیچ شتێکی لە دەست نایەت.

---

١) حسن: رَوَاهُ أَبُو نعيم ج١، ص٢٧٠، انظر "الصحيحة" للألباني برقم: ٧٤٢.

جگە ئەمە لە نێو عەرەب عادەتێکی سەردەمی نەفامی بووە، کە هەموو شتێکیان بۆ ڕۆژگار گێڕاوەتەوە، وەك خوا لەسەر زاری وان فەرموویەتی: ﴿ وَقَالُواْ مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ٢٤ ﴾الجاثية. بەڵێ، لێرەدا وەك دەبینین خوا نەهیان لێ دەکات لە گوتنی ئەم قسەیەیان، وە پێغەمبەری خواش قەدەغەی کردووین کە قسەی وا بڵێین فەرموویەتی: «لَا تَسُبُّوا الدَّهْرَ»[1]، واتە: جنێو بە ڕۆژگار مەڵێن، بۆچی؟ چونکە ئێمە ئەگەر جنێوو قسەی ناشرین بە ڕۆژگار بڵێین: بە هۆی ئەو ناخۆشیو نەخۆشیو ناڕەحەتیانەی تووشمان دەبێ، ئەوە بۆ پەروەردگاریش دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوەی ئەو شتانە بەسەر ڕۆژگار دێنێ، یان وا دەکات ئەو شتانە لە ڕۆژگار ڕووبدەن تەنهاو تەنها خوای بێ هاوەڵە.

١٩٤-«كَذَّبَنِي ابْنُ آدَمَ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ ذَلِكَ، وَشَتَمَنِي وَلَمْ يَكُنْ لَهُ ذَلِكَ، فَأَمَّا تَكْذِيبُهُ إِيَّايَ فَزَعَمَ أَنِّي لَا أَقْدِرُ أَنْ أُعِيدَهُ كَمَا كَانَ، وَأَمَّا شَتْمُهُ إِيَّايَ، فَقَوْلُهُ: لِي وَلَدٌ فَسُبْحَانِي أَنْ أَتَّخِذَ صَاحِبَةً أَوْ وَلَداً»[2].

واتە: خوای بەرز فەرموویەتی: ئادەمیزاد منی بە درۆزانی، درۆکردنی پاڵدایە لای من ئەوەشی بۆ نەبوو، وە جنێوی پێدام و ئەوەشی بۆ نەبوو، (نەدەبوو وابکات) ئەوە کەمنی بە درۆزانیوە لەوەدا کە گومانی وابووە من ناتوانم زیندووی بکەمەوە (لە حاڵێکدا کە من هەواڵم پێداوە زیندووی دەکەمەوە، مانای وایە منی بە درۆزانیوە) وە جنێودانەکەشی بە من ئەوەیە کە گوتوویەتی: من ڕۆڵەو منداڵم هەیە پاکیی بۆ من کە هاوسەرم هەبێت یاخود منداڵم هەبێ.

---

١) رَوَاهُ مسلم: ٦٠٠٣، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

٢) رَوَاهُ البُخَارِيّ: ٤٤٨٢، عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

١٩٥-«إِنَّ اللهَ يَقُولُ لأَهْلِ الْجَنَّةِ: يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ يَقُولُونَ: لَبَّيْكَ، رَبَّنَا وَسَعْدَيْكَ، فَيَقُولُ: هَلْ رَضِيتُمْ؟ فَيَقُولُونَ: وَمَا لَنَا لا نَرْضى، وَقَدْ أَعْطَيْتَنَا مَا لَمْ تُعْطِ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ فَيَقُولُ: أَنَا أُعْطِيكُمْ أَفْضَلَ مِنْ ذلِكَ قَالُوا: يَا رَبِّ وَأَيُّ شَيْءٍ أَفْضَلُ مِنْ ذَلِكَ؟ فَيَقُولُ: أُحِلُّ عَلَيْكُمْ رِضْوَانِي، فَلاَ أَسْخَطُ عَلَيْكُمْ بَعْدَهُ أَبَدًا»[1].

واتە: خوا بە خەڵكی بەهەشت دەفەرموێ: ئەی خەڵكی بەهەشت! دەڵێن: لە خزمەت داین ئەی پەروەردگارمان، بۆ هەر شتێك جێگای ڕەزامەندی تۆ بێ ئامادەین، خوا دەفەرموێ: ئایا ڕازی بوون، خۆش حاڵ بوون بەوەی كە پێم داون؟ دەڵێن: جا بۆ ڕازی نەبین شتێكت بە ئێمە داوە، كە بە هیچ كام لە دروستكراوەكانی خۆتت نەداوە، خوا دەفەرموێ: باشتر لەوەی پێم داون پێتان دەدەم! ئەوانیش دەڵێن: ئەی پەروەردگار! جا چ شتێك لەوەی پێتداوین باشترە، دەفەرموێ: ڕەزامەندی خۆمتان بەسەردا دەڕێژم كە لە دوای ئەمە، هەرگیز لێتان تووڕە نابم.

١٩٦-«إِنَّ الشَّيْطَانَ قَالَ: وَعِزَّتِكَ يَا رَبِّ لا أَبْرَحُ أُغْوِي عِبَادَكَ مَا دَامَتْ أَرْوَاحُهُمْ فِي أَجْسَادِهِمْ، فَقَالَ الرَّبُّ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: وَعِزَّتِي وَجَلالِي لا أَزَالُ أَغْفِرُ لَهُمْ مَا اسْتَغْفَرُونِي»[2].

واتە: شەیتان گوتی: سوێند بە عیززەتت ئەی پەروەردگارم دەست هەڵناگرم لە گومڕاو سەرگەردان كردنی بەندەكانت، هەتاكو ڕووح لە جەستەیان دا مابێت، پەروەردگار (تَبَارَكَ وَتَعَالَى) فەرمووی: بە عیززەتو بە گەورەیی خۆم منیش بەردەوام لێیان دەبوورمو لێیان خۆش دەبم، مادەم داوای لێبوردنو لێخۆشبوونم لێ بكەن.

---

١) رَوَاهُ الْبُخَارِيّ: ٦١٨٣، وَمُسْلِمٌ: ٢٨٢٩، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضي الله عنه.
٢) حسن: رَوَاهُ أَحْمَدُ: ١١٢٥٥، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ رضي الله عنه، انظر: "الصحيحة" رقم: ١٠٤.

١٩٧-«إِنَّ رَبَّكُمْ عَزَّ وَجلَّ يَقُولُ: يَا ابْنَ آدَمَ! بِكُلِّ حَسَنَةٍ عَشْرُ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِ مِائَةِ ضِعْفٍ إِلَى أَضْعَافٍ كَثِيرَةٍ وَالصَّوْمُ لِي وَأَنَا أَجْزِي بِهِ»[١].

واتە: بە ڕاستی پەروەردگارتان دەفەرمووێ: ئەی نەوەی ئادەم بە هەر چاکەیەك دە چاکە تا حەوت سەدو چەند قات زیاترت بۆ دەنووسرێ، وە ڕۆژوو بۆ منەو منیش پاداشتی خاوەنەکەی دەدەمەوە.

١٩٨-«إِنَّ اللَّه تَعَالَى يَقُولُ يَوْمَ القِيَامَةِ: أَيْنَ الْمُتَحَابُّونَ بِجَلَالِي؟ الْيَوْمَ أُظِلُّهُمْ فِي ظِلِّي، يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلِّي»[٢].

واتە: بێگومان خوای بەرز لە ڕۆژی دوایی دەفەرموێ: کوان ئەوانەی لەبەر گەورەیی من یەکدیان خۆش دەویست؟ ئەمڕۆ دەیانخەمە ژێر سێبەری (عەرشی خۆم)، کە جگە لە سێبەری (عەرشی من) هیچ سێبەرێك نیە.

١٩٩-«إِنَّ اللَّه تَعَالَى يَقُولُ: يَا ابْنَ آدَمَ! تَفَرَّغْ لِعِبَادَتِي أَمْلأْ صَدْرَكَ غِنًى، وَأَسُدَّ فَقْرَكَ وَإِلاَّ تَفْعَلْ مَلأْتُ يَدَيْكَ شُغْلاً، وَلَمْ أَسُدَّ فَقْرَكَ»[٣].

واتە: بە ڕاستی خوای بەرز دەفەرموێ: ئەی نەوەی ئادەم! خۆت یەکلابکەوە بۆ بەندایەتی کردنم، دڵت پڕ دەکەم لە دەوڵەمەندیو، ڕێی هەژاریت لێ دادەخەم، وە ئەگەر وا نەکەی، زۆر سەرقاڵت دەکەم بە ئیشو کار، وە ڕێی هەژاریشت لێ داناخەم.

٢٠٠-«سَبَقَتْ رَحْمَتِي غَضَبِي»[٤].

واتە: (خوا فەرموویەتی:) ڕەحمەتو بەزەییم پێش تووڕەییم کەوتۆتەوە.

١) صَحيح: رَوَاهُ أَحْمَد: ٩٣٥٢ عَن أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، وَصَحَّحَهُ شُعَيب الأرنؤوط.

٢) رَوَاهُ مُسْلِم: ٦٧١٣، عَن أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

٣) صَحيح: رَوَاهُ التِّرمِذِيّ: ٢٤٦٦ عَن أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، انظر: "الصحيحة" رقم: ١٣٥٩.

٤) رَوَاهُ مُسْلِم: ٧١٤٦، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، وَفِي رِوَايَةٍ أُخْرَى عَن هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ كِتَابًا قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَ الْخَلْقَ إِنَّ رَحْمَتِي سَبَقَتْ غَضَبِي فَهُوَ مَكْتُوبٌ عِنْدَهُ فَوْقَ الْعَرْشِ. صحيح البخاري: ٧١١٥.

ناوەرۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی:	٣
پێگەی سوننەت لە ئیسلام دا	٥
دەست گرتن بە قورئان‌و سوننەت	٩
لەم ئایەت‌و فەرموودانە، چەند شتێکی گرنگ هەن:	١٣
دونیا وەك خۆی بینیـن	١٧
صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ	٢٥
ڕووپامایی (الرياء)	٣١
دووڕوویی (النفاق)	٣٥
غەیبەت و حەسوودی	٣٩
قیامەت‌و لێپرسینەوە	٤٥
ستەمـکاریی (الظُّلْم)	٥٣
بەهەشت‌و بەهەشتیەکان‌و سیفەتەکانیان	٥٧
قسەیەکی خۆش دەربارەی ژن‌و پیاوێك	٦٤
دۆزەخ و دۆزەخیەکان‌و سیفەتەکانیان	٦٥
مامەڵە کردن (کڕین‌و فرۆشتن)	٦٩
ڕیباو سوو خواردن	٧٣
قـەرزو قـەرزاری	٧٥
کارو کەسابەت	٧٧

خـەڵاتو دیـاری ٧٩
خواردنو خواردنەوەکان ٨١
ئافرەتان (هاوسەرگیری) ٨٣
هاوسەنگی لە دینداریی ٨٧
مەسرەف کێشانی ماڵو منداڵ ٩٢
دراوسێیەتی ٩٤
ڕەوشتە بەرزو پەسندەکان ٩٨
هەندێ لە نیشانەکانی ڕەوشت جوانی ١٠٦
فەرموودە قودسیەکان ١١٢
ناوەڕۆك ١٢٠